دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

دووشەممە ١٥ی ڕەشەمە ١٣٩٠ ـ ٥ی مارس ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٧٨ | نرخ: ١٥٠ تمەن

## بریتانیا: هەڵبژاردنی ئێران، ئازاد و عادڵانە نەبوو

بەدوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی مەجلیسی نویەمی شوورای ئیسلامی لە ئێران وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا رایگەیاند کە ئەم دەنگدانە ئازادانەو عادڵانە نەبووەو ویستی خەڵکی ئێران لەو هەڵبژاردنانەدا ڕەنگی نەداوەتەوە.

ویلیام هێگ، وەزیری دەرەوەی بریتاینا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە زۆر لە مێژە دەزانین کە هەڵبژاردن لە وڵاتی ئێراندا ئازاد و عادلانە نییە.

ناوبراو هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە ڕێژیمی ئێران لە جیاتی ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی مەجلیس ئەم دەرفەتە بە خەڵکی بدەن تا ئازادانە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن، لە دەنگی خەڵکی بۆ تاقیکردنەوەو وەفادارییی خەڵک بەم سیستمە کەڵک وەردەگرن.

## کوژراوانی سووریە لە ٧٥٠٠ کەس تێپەڕی

کاربەدەستێکی پایەبەرزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ کە لە سەرەتای سەرکوتی خۆپیشاندەرانی سووری بە دەستی هێزە ئەمنیەتییەکانی بەشار ئەسەد لە بەهاری رابردووە تا ئێستا زیاتر لە ٧٥٠٠ کەس کوژراون.

لین پاسکۆ، جێگری سیاسیی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ کە بەپێی راپۆرتی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان ژمارەی کوژراوان لە سووریە رۆژانە لە ١٠٠ کەس تێ دەپەڕێ.

### لە ١٢ای ڕەشەمەدا،

# هەڕەشە و زەبر و زەنگیش، بنکەکانی دەنگدانی ئاوەدان نەکردەوە



لە رۆژی ١٢ی ڕەشەمە لە هەموو شار و ناوچەکانی ئێران لە سەعات ٨ ی بەیانییەوە دەرکی ناوەندەکانی دەنگدان بەوڕووی کەسانی دەنگدەردا کرایەوە، بەڵام هەڵبژاردنەکان لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان زۆر سارد و سڕ بەڕێوە چوو. سەرەڕای سیاسەتی هاندان و هەروەها تۆقاندنی دامودەزگا تەبلیغی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان کەمترین ژمارەی دەنگدەران ڕوویان کردە بنکەکانی دەنگدان بەشداریی کەم و سارد و سڕی خەڵکی کوردستان بە رادەیەک بوو کە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە سنە تا سەعات ١١ ی پێشنیوەڕۆ نەیتوانی سەرەڕای چەند جار داواکاریی پێشکێشکاری بەرنامەکە راپۆرتێکی وێنەیی لە سەر بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان پیشان بدا و دوایەش کە راپۆرتێکی وێنەیی ئامادە کرا، ئەو راپۆرتە هەم بە ناوی شاری سنە و هەم بە ناوی قوروە بڵاو کرایەوە و دیمەنە کورتەکانی ئەو بەشدارییە چەند کەسییەش چەندین جار لە سەر یەک دوپات کرایەوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە نیوەڕۆ بەو لاوە کاتێک لەگەڵ سارد و سڕیی خەڵک بۆ بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکان بەرەوڕوو دەبن، بە ماشێن بە کۆڵان و شەقامەکانی شار دا بڵاو بوونەوە، بە هاندان و تۆقاندن داوایان لە خەڵکی دەکرد کە سەردانی ناوەندەکانی دەنگدان بکەن.

## ئامارسازیی ئێران بۆ پیشاندانی بەشداریی زۆری خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا

هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی مەجلیس لە کاتێکدا بەڕێوە چوون کە ناوەندە تەبلیغی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە هەموو ڕێگەیەکەوە هەوڵیان دا زۆرترین خەڵک بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

لەو هەڵبژاردنانەدا کە ئیزنی سەفەر بە بەشێکی زۆر لە هەواڵنێران و چاوەدێرانی نێونەتەوەیی بۆ رووماڵ کردنی هەواڵەکان نەدرابوو، کۆماری ئیسلامی لە لایەک بە هەڕەشەی نان برین و برینی یارانە و دەرکردن لە سەر کار و تەنانەت دەرکردنی منداڵان لە قوتابخانە و خوێندن و لەلایەکی دیکەش بە درێژکردنەوەی کاتەکانی دەنگدان بۆ کاتژمێر ١١ ی شەو بە ماوەی ٥ سەعات ئەو دەرفەتەی دروست کرد تا هەم بتوانێ لە ڕێگەی زەبروزەنگەوە ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک راکێشی سندووقەکانی دەنگدان بکا و هەمیش بتوانێ ئاسانتر دەست بباتە نێو سندووقەکانەوە و بە تەقەللوب و ساختەکاری ئاکامی دڵخوازی خۆی لە شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان وەربگرێ.

بەپێی راپۆرتەکان لە کاتێکدا دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ ئاستی بەشدارییەکان سەرووی سەدا ٦٠ رابگەیەنێ، بەڵام بەپێی بینینی شایەتحاڵەکان ئاستی بەشداری ئەوە نییە کە رادەگەیەندرێ و بە تایبەت لە شارە گەورەکان ئاستی بەشداری سەرەڕای راگواستنی زۆری خەڵک لە شار و ناوچەکانی دیکەوە کەمتر لە سەدا ٣٠ راگەیەندراوە.





هەر لەو پێوەندییەدا زۆربەی ناوەندە نێونەتەوەییەکان و رێکخراوەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ دەڵێن کە ئەو هەڵبژاردنانە ئازاد، دێموکراتیک و عادڵانە نەبووە.

## چوار کارمەندی دەوڵەتی ئەفغانستان بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئێران دەسبەسەر کران

وتەبێژی ئیدارەی ئەمنییەتی نیشتمانیی ئەفغانستان دەڵێ کە چوار کارمەندی دەوڵەتی ئەفغانستان و یەک لەوان مەئموورێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەفغانستان بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئێران و پاکستان دەستبەسەر کراون.

لوتفوڵڵا مەشعەل، وتەبێژی ئەو ناوەندە ئیتلاعاتیەی ئەفغانستان بە بەشی ئەفغانی رادیۆ ئورووپای ئازادی گوتوە کە ئەو کەسانە بەڵگەگەلێکی نهێنییان خستۆتە بەر دەستی ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ئەو دوو وڵاتەی ناوچەکە.

بە پێی راپۆرتەکان، یەکێک لەو کەسە دەستبەسەر کراوانە لە «مەئموورەکانی پلەبەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئەفغانستان» بووە و سێ کەسی دیکەش بۆ ئیدارە ناوچەییەکانی ئەفغانستان لە ویلایەتی لەنگەرهار، فەراه و هەرات کاریان دەکرد.





رۆژنامەکانی ئەفغانستان بڵاویان کردەوە کە ئەو سیخوڕانە، یەک مانگ پێش ئێستا دەستبەسەر کراون بەڵام هەواڵەکەی رۆژی دووشەمە بڵاو بۆوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام لەلایەن ئەمریکا تۆمەتبار کراوە کە دەستێوەردانی لە کاروباری نێوخۆیی ئەفغانستان دا کردووەو بە تەیارکردنی گرووپی تاڵەبان دەیهەوێ نائەمنی لە ئەفغانستان پەرە بستێنێ، ئێران هەمیشە ئەو تۆمەتانەی ڕەد کردۆتەوە.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستبەسەرکردنی سیخوڕەکانی ئێران و پاکستان لە ئەفغانستان لە کاتێکدا بڵاو دەبێتەوە کە سەرۆکی ئەو وڵاتانە لە دانیشتنی مانگێک لەمەوبەری خۆیان لە ئیسلام ئاباد لە سەر دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی یەکتر پێیان داگرتەوە.

هەڵوێستمان

### بەیاننامەی هاوبەش:

## ڕێز و پێزانین بۆ ئیرادەی خەباتگێڕانەی خەڵکی کوردستان

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

رۆژی ١٢ی ڕەشەمەی ئەمساڵ،جارێکی دیکە دەرفەتێک بۆ دەرکەوتنەوەی ئیرادەی نەتەوەیی، ئازادیخوازانە و خەباتگێڕانەی ئێوە وبڕیاری یەکلایەنەی ڕێژیمی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ وەڕێخستنی شانۆگەریی هەڵبژاردن خوڵقایەوە. ئاشکرایە بڕیاری ڕێژیم، هێز و دەزگای نیزامی و سەرکوتکەر ،راگەیەن و دام و دەزگا تەبلیغاتییە حکوومەتییەکان و سەروەت و سامانی گشتیی دەستبەسەرداگیراوی خەڵکی ئێران و ئیمکاناتی بەرفراوانی دەوڵەتیی لە پشت بوو، بەڵام ئێوە لە حاڵێکدا لە ئازادیی دەربڕینی هەڵوێستی خۆتان و ڕیکخستنی نارەزایەتی بێبەش بوون، کەمترین ئیمکانتان بۆ پێوەندی پێکەوەگرتن و داکۆکی لە ویست و داخواز و مافەکانتان بە دەستەوە بوو. هەر بۆیە هەڵوێستی خۆڕاگرانە و راوەستانتان لە بەرانبەر ویستی دیکتاتۆرانەی کۆماری ئیسلامیدا جێگای پێزانین و ڕێزلێگرتنە.

ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە وەڕێخستنی ئەم بە ناو هەڵبژاردنە لە کەس شاراوە نەبوو: بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێک کە خۆپاڵاوتن و ملبەملەی بە دەستهێنانی دەنگ، تەنیا و تەنیا لە پاوانی کەسانی جێی متمانەی دامودەزگاکانی ئەو ڕێژیمە دابێ، و هاوکات راکێشانی زۆرترین خەڵک بە هەر فێڵ و بەڵێن و هەڕەشەیەک بۆ بنکەکانی دەنگدان! بەر لە بەڕێوەچوونی ئەو»هەڵبژاردنە، «ڕێبەری نیزام» ، گەورە کاربەدەستانی ڕێژیم و دامودەزگا تەبلیغاتییەکانی کۆماری ئیسلامی، دەریان خستبوو کەنیازیان نیشاندانی بەشدارییەکی سەرووی ٦٠٪یی خەڵک لەو هەڵبژاردنە دایە. بەڵام دیتمان سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم، هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی،لە بەشێکی زۆری شار و ناوچەکان و بنکەکانی دەنگداندا، لە گەڵ تەحریمێکی بەرچاو و هەستپێکراودا بەرەوڕوو بوو.

مانەوەی خەڵک لە ماڵەکانیان و خۆبواردنیان لە چوون بۆ بنکەکانی دەنگدان لە پێشنیوەڕۆی هەینی ١٢ی ڕەشەمە لە زۆربەی شار و ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوەندە بەرچاو بوو کە دامەزراوە و هێز و دەزگا سەرکوتکەرەکان، ناچار بوون بۆ تیکشکاندنی ئیرادەی تەحریم لە نێو خەڵکدا، بە هەموو تواناوە وەخۆ کەون و بە هەڕەشە کردن لە ڕێگای تەلەفۆن، بە ناردنی هێزەکانیان بە شوێن خەڵکدا، وەڕێخستنی سندووقی گەڕۆک و چوونە بەر دەرگای ماڵان و لە ڕێگای جۆراوجۆری دیکەوە، خەڵک ناچار بە دەنگدان بکەن. بەڵام کە دڵنیا بوون ناتوانن ڕێژەیەکی بەرچاوی خەڵک لە ماڵەکانیان بێننە دەر، هەوڵیان دا بە خستنەوە سەر یەکی ئەو ڕێژە کەمەی دەنگدەران و هێشتنەوەی زۆرەملییان لە بنکەکانی دەنگدان، بەشی فیلم لێهەڵگرتن و تەبلیغات پێوەکردن قەرەباڵغییەک لە هێندێک ناوەندەکانی دەنگدان ساز بکەن.

ل ٤

سیاسی



ڕاگەیەندراو بە بۆنەی پێک هاتنی چوارەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی ٤

دیمانە



بنەماکانی ڕێککەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ٦

مافی مرۆڤ



ڕێککەوتننامەی لە نێوبردنی جۆرەکانی جیاوازیدانان دژ بە ژنان ١٠

ژنان



پاشکۆی «کوردستان» بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان

**دەوڵەتانی ئەندام، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵ دەگرن تا هەر جۆرە جیاوازیدانانێک بە دژی ژنان لە باری کار و پیشەوە لە نێو ببەن و لە سەر بناغەی ئەسلی بەرانبەریی ژن و پیاو، مافی وەک یەک بۆ ئەوان دەستەبەر دەکەن.**

**«ڕێککەوتننامەی لە نێوبردنی جۆرەکانی هەڵاواردن دژ بە ژنان»**



### خالید عەزیزی لە وتووێژلەگەڵ ڕۆژنامەی «هەولێر»دا:

## پێویستە ئەو لایەنانەی بیر لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەنەوە، دەستووری کاری بۆ دابنێن



سکرتێری گشتیی حیبی دێموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی «هەولێر»دا ڕایگەیاند کە پێویستە کوردانی ڕۆژئاوا سیاسەتێکی مەنتیقی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بکەن.

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕوونی کردەوە کە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی گرنگییەکەی لەوەدایە کە بە جیهان ڕادەگەیەنێ، ئێمە نەتەوەیەکین و مافمان لێ سەندراوەتەوە و هەروەها پێویستە ئامادەکارانی ئەو کۆنگرەیە دەستووری کار دیاری بکەن، نەک ڕاگەیاندنەکان.

بەڕێزیان بە ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئێستای جیهان و ناوچە گوتویەتی کە ژمارەی دیکتاتۆرەکان لە جیهاندا کەم دەبێتەوە و ڕەنگە لە ئێستادا ڕێژەیان لە ژمارەی پەنجەکان تێنەپەڕێ، ئەوەیش بە مانای ئەوەیە کە دیموکراسی و مەدەنییەت و حکوومەتی وەڵامدەر لەسەر بنەمای یاسا، ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ وڵاتان دەبێتە ئەمرێکی واقیع و موقەددەس، ئەو کاتەی بوو بە ئەمری واقیع و پیرۆز کرا، دەبێتە کولتوور، ئەو کاتەیش بوو بە کولتوور وا بە ئاسانی ناسڕێتەوە و هەموو ئەوانەیش لە بەرژەوەندیی کورد دایە.

خالید عەزیزی لە بارەی ئەگەری بەسترانی کۆنگرەی نەتەوەیی لە داهاتوودا بە «هەولێر»ی ڕاگەیاندوە کە کۆنگرەی نەتەوەیی زۆرتر ڕاسپاردەیەکی سیاسی نەتەوەییە لە جیهانی ئەمڕۆدا، بۆ ئەوەی چەند پەیامێک بە جیهان بدەین، یەکەم بڵێین کە ئێمە یەک نەتەوەین و مافی نەتەوایەتیی خۆمان لێ سەندراوەتەوە و ئەوەی ئێمە باسی دەکەین لەگەڵ جاڕنامەکانی نێودەوڵەتی هیچ دژایەتیی نیە، دووەم بە دەوڵەتەکانی دراوسێ بڵێین کە ئێمە هەمیشە بە دوای چارەی ئاشتی و دیموکراسین و سێیەم ئەوەی کە کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئەوەیە بە ناوچەکە بڵێین لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کورد وەکوو نەتەوەیەکی یەکدەنگ و دیموکرات دەتوانێ یارمەتیدەری گەشەپێدانی ناوچەکە لە هەموو ڕووەیەکەوە بێ و هەر سێ هۆکار بۆ ئەوەیە کە هەموو زلهێزان و وڵاتانی ناوچەکە مەسەلەی کورد وەکوو دەرفەت بۆ خۆیان سەیر بکەن و پرسی کورد وەکوو هەڕەشە نەبینن.

## کۆبوونەوەی چوار حیزبی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک



چوار حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکخستنی هەڵوێستی هاوبەشیان لەبارەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مەجلیسی ئێران لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆ بوونەوە.

ڕۆژی دووشەممە، ١ ی ڕەشەمە هەیئەتەکانی پارتی ئازادیی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەگای ئەو حیزبەیان کرد و وێڕای تاوتوێی دوایین بارودۆخی سیاسیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لە بارەی تەحریم کردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بڵاو کردەوە.

## سەردانی هەیئەتێکی حدک لە پارلمانی کوردستان

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی پارلمانی کوردستانی کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ٧ی ڕەشەمە، هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو لە کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و برایم زێوەیی نوێنەری حیزب لە شاری هەولێر بە مەبەستی پیرۆزبایی دەستپێکی خولی نوێی پارلمانی کوردستان سەردانی پارلمانی کوردستان لە شاری هەولێریان کردو لەلایەن بەڕێزان دوکتور ئەرسەلان بایز, سەرۆکی پارلمان و دوکتور حەسەن حەمە سوور جێگری سەرۆکی پارلمان پێشوازییان لێ کرا.

لەو چاوپێکەوتنەدا هەیئەتی حیزب هیوای سەرکەوتنیان بۆ پارلمان خواست و پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە پارلمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوەو هەروەها تەئکیدیان کردەوە کە پاراستنی ئەم ئەزموونەو دەسکەوتەکانی ئەرکی هاوبەشی هەموو لایەنە کوردییەکانە.

## سەردانی هەیئەتێکی کۆمەڵە لە دەفتەری سیاسیی حدک

**هەیئەتێکی کۆمەڵە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد.**

سەر لەبەیانیی ڕۆژی شەممە ٦ ی ڕەشەممە هەیئەتێکی کۆمەڵە، سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران بە سەرۆکایەتیی



برایم عەلیزادە، دەبیری ئەوڵی کۆمەڵە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبێ دێموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی, سکرتێری گشتیی حدک بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

ئەو دوو هێزە سیاسییە لەو دانیشتنەدا بە چڕی باسی وەزعی سیاسیی ئێران و کوردستانیان کرد و لە دانیشتنێکی ٤ سەعاتەدا هەر دوو لایەن ڕوانگەو نەزەر و هەڵویستەکانی خۆیان لە سەر مەسەلە جۆراوجۆرە سیاسییەکان هێنایە بەرباس.

دوو لایەن خوێندنەوەیان لەسەر ڕێژیمی ئێران وابوو کە ئەو نیزامە تووشی قەیرانی جۆراوجۆری ئابووری، ئاوسانی دراوی، کێشەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی و دەرەکی بووە و هەرچەندە ڕێژیم هەوڵ دەدا لەو قەیرانە بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێ و خەڵکی ئێرانی پێ چەواشە بکا، بەڵام بەو خوێندنەویە باسیان لەوە کرد کە جیددی بوونی قەیرانەکان، دابڕانی خەڵک لە نیزام و فشارە نێودەوڵەتیەکان بۆسەر تاران ئەو ڕێژیمەی لە هەموو بواریکدا خستۆتە تەنگانە و شیمانەی ئەمە دەکرێ کە دەرباز بوونی کۆماری ئیسلامی لەم قەیرانانە ئاستەمە.

لە بەشێکی دیکەی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکاندا، باسی ئۆپوزیسیونی ئێرانی و کوردستان کرا کە بە تێگەیشتنی ئەو دوو حیزبە پڕش و بڵاویی ئۆپوزیسیون بۆتە هۆی ئەوە کە خەڵک بەدیل یان ئالترناتیوییەکی یەکگرتوو لە دژی کۆماری ئیسلامی شک نەبەن و بەم جۆرە جەماوەری وەزاڵە هاتووی ئێران زیاتر تووشی بێ هیوایی و بێ چارەنووسی بوون.

دوو لایەن لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە دەکرێ کاری زیاتر بکرێ بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا بێتە ئاراوە، لەم پێوەندییەدا پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕۆڵ و دەوری بەرپرسانەی زیاتریان هەبێ.

لە تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم دوو هەیئەتە باس لە هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە ئێران کرا کە هەر دوو لایەن لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە دەبێ هەڵبژاردن بایکۆت بکرێ.

هەر دوولا ئەم بایکۆتەیان بە شتێکی ئەرێنی و باش وەسف کردو پێداگرییان لەسەر یەک هەڵوێستی بۆ ئەم جۆرە کارانە کردەوە.

دوو لایەن پێیان وابوو ئەوەندەی دەکرێ دەبێ بە هاوئاهەنگی و هاوکاریی یەکتر، گرینگیی ئەو پرسە بگوازرێتەوە بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و هەوڵ بدرێ خەڵکێکی زیاتر پشتیوانی لەم هەڵویستە ئەرێنیە بکەن بە جۆرێک کە خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەت لە ڕۆژی ١٢ی ڕەشەممەدا بە مانەوە لە ماڵەکانیان و نەچوون بۆسەر سندووقی دەنگدان گەورەترین نا بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڵێن.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا هەر دوو لایەن پێداگرییان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ ئەم جۆرە دانیشتنانە لە نێوان ئەو دوو هێزە زیاتر بێ. بۆ ئەوەی بە هاوئاهەنگی و هاوکاریی یەکتر میکانیزمی گونجاوتر بۆ خەبات و بەرەبەرەکانێ لە دژی ڕێژیمی ئێران بدۆزرێتەوە.

## بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیی چوار حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس




چوار حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بارەی بەیاننامەی هاوبەشی خۆیان لەمەڕ بایکۆتی نۆهەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێران کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەنووسیان لە شاری سلێمانی بەڕێوە برد.

ڕۆژی سێ شەممە ٩ ی ڕەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاوی کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک، جەلیل ئازادیخواز ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، شەماڵ پیران ئەندامی مەجلیسی گشتیی پارتی ئازادیی کوردستان و بێهرووز ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە نوێنەرایەتیی ئەو چوار حیزبەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەنووسی دا ئامادەبوون و وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێران لەبارەی هەڵویستی هاوبەشی خۆیان لەمەڕ بایکۆتی هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی مەجلیسیان دایەوە.

لە سەرەتای کۆنفڕانسە ڕۆژنامەنووسیەکەدا کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە نوێنەرایەتیی هەر چوار حیزبەکە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو هەوڵە هاوبەشەدا ڕایگەیاند کە ئێمە بە مەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی هاوبەش لەگەڵ کۆماری ئسیلامی و دانی پەیامی هاوبەش بە خەڵکی کوردستان داوامان لە خەڵک کردوە بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا نەکەن.

کەماڵ کەریمی گوتی کە ئێستا کۆماری ئیسلامی بە هۆی بزووتنەوەی سەرانسەریی خەڵکی ئێران لەدوای هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرکۆماری لە ساڵی ٨٨ و هاتنە ئارای ڕووداوەکانی جیهانی عەڕەبی هەم لەلایەن خەڵکی نێوخۆ و هەمیش لەلایەن وڵاتانی دەرەوە لە ژێر فشارێکی زۆر دایە و ئامانجی لە بەڕێوەبردنی وەها هەڵبژاردنێک کە تێیدا زۆربەی ڕێفۆرمخوازەکان و تەنانەت کەسانێکی کە پێشتر لە دەسەڵات دا ڕۆڵیان بووە وەلا ناوە، تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گوتیشی کە ئاکامی ئەو بایکۆتانە جیا لە ڕەدی سەلاحییەتی کۆمەڵێکی زۆر لە پاڵێوراوەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە لەم ڕۆژانەدا ژمارەیەکی زۆریش لە پاڵێوراوە تەئییدی سەلاحییەت کراوەکان خۆیان لە ڕکەبەریەکە بکشێننەوە و ئەوەش نیشانەی بێ باوەڕیی پاڵێوراوەکان بە ئاکامەکانی دوای هەڵبژاردنە.

بەڕێزیان دووپاتی کردەوە کە داوای هەر چوار حیزبەکە ئەوەیە خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ١٢ی ڕەشەمە هەر جێگایەک کە سندووقی دەنگدانی لێیە، بە چۆڵی بیهێڵنەوە و بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا نەکەن.

دوای کردنەوەی کۆنفڕانسەکە لە لایەن کاک کەماڵ کەریمی، پرسیاری هەواڵنێران بە پرسیاری هەواڵنێری کاناڵی پەیام دەستی پێ کرد، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی پرسیاری ناوبراودا لە بارەی ئەوەی ئەگەر شتێکی هاوشێوەی بەهاری عەڕەبی لە ئێران بێتە پێش، ئەو حیزبانە چ بەرنامەیەکیان بۆ پاراستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە؟ گوتی کە ئێران بەستێنێکی باشی بۆ سەرهەڵدان تێدایە و ئەو بەهارە عەڕەبیەش دەتوانێ هاندەرێکی باش بێ و ئێرانیش بگرێتەوە. هەر ئەوەی کە تەنیا ئەو چوار حیزبە توانیویانە بە هاوبەشی یەکتر بەیاننامەیەک دەر بکەن نیشان دەدا حیزبەکان لە یەک دوورن و ئەوەش ئەو مەجالەی دژوار کردوە کە پڕۆژەیەکی هاوبەشیان هەبێ، بەڵام هیوادارین لە داهاتوودا بکرێ. هەر لەم بارەیەوە جەلیل ئازادیخواز ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان گوتی کە ئاڵوگۆڕەکانی سووریە بۆ ئێمە زۆر گرینگە، چونکی ئێران لەوێ کاریگەرییەکی زۆری هەیە.

لە بەشێکی دیکەی کۆنفڕانسەکەدا شەماڵ پیرانی ئەندامی مەجلیسی گشتیی پارتی ئازادی کوردستان لە وەڵامی پرسیاری هەواڵنێری کاناڵی «کەی ئێن ئێن»دا گوتی کە بەشداری کرد لە هەڵبژاردن بۆ ئەوان پرەنسیپ نیەو لە هەلومەرجی تایبەتیی خۆی دا بڕیاری لەسەر دەدەن. ئاواتی هەمووومان ئەوە بوو لە پرۆسەیەکی دێموکراتیک دا کارو چالاکیمان بکردایە بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەو دەرفەتانەی نەهێشتۆتەوە. هەر لەم پێوەندییەدا بێهرووز ئەردەڵان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران گوتی کە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی دژایەتیان لەگەڵ ئازادی هەیە و ئێمە کە لە چوارچێوەی خواستی نەتەوەیی دا کار دەکەین و هەروەها باسی چینایەتیش لە ئارا دایە، ناتوانین لە ئێران کاری سیاسی بکەین و پێشمان پێ دەگیرێ.

لە درێژەدا کەماڵ کەریمی لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە فشارەکانی ئێران لە ڕێگای هەرێمی کوردستان بۆ بەشداری حیزبەکان لە پرۆسەی سیاسی دا چ بووە؟ گوتی: هیچ لایەنێک داوای وەهای لێ نەکردووین و ئەوە داوای ئێمەیە فشار بخرێتە سەر ئێران تاوەکوو لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرین. ئەگەر دەرفەت هەبێ کار دەکرێ و هیچ پەیامێک لەلایەن کۆماری ئیسلامی بە هیچ مەبەستێک بە ئێمە نەگەیشتوە.

جەلیل ئازادیخواز لە بارەی ڕۆڵی حیزبەکان گوتی کە ئەو بایکۆتە شتێکی زۆر باش و لە جێی خۆیەتی، ئەو ساتەوەختە چارەنووسسازەو کۆماری ئیسلامی تووشی قەیران بووە. گەمارۆکان چەکی ڕۆژئاوا بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی و ئەگەر کاریگەر نەبێ چەکی دیکە بە کار دێنن. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە گوتیشی کە ئێران لەگەڵ بزووتنەوەیەک دەستەویەخە بووە و بە ڕۆڵ و دەوری حیزبەکان ئیمکانی ئەوە هەیە خەڵکێکی کەم لە هەڵبژاردن دا بەشداری بکا و ئەم بزووتنەوەیە هەلێکی دیکەی بۆ بڕەخسێ.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی ئەوەی کرد کە خەڵک چاویان لە بڕیاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو وەڵامیان دەدەنەوە، بۆ نموونە مانگرتنی خەڵکی کورستان دوای لەسێدارە دانی ٥ تێکۆشەری کورد لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ٨٩ دەکرێ سەلمێنەری ئەو ڕاستیە بێ.

هەر لەو کۆنفڕنسە ڕۆژنامەنووسیەدا جەلیل ئازادیخواز لە بارەی کاریگەریی بیروباوەڕی خەڵک لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوتی کە ئەوەی خەڵک دەچنە پێشوازی خامنەیی پیشاندەری ئەوە نیە ئەوان لەگەڵ دەوڵەتن و ئەوە لە ترساندن و تۆقاندنی خەڵک لەلایەن ڕێژیمەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەگەر خەڵک لایەنگری ڕێژیم بایەن بە هەموو شێوەیەک سەرکوتی نەدەکردن، خەڵکی کوردستان هەموو کات پیشانیان داوە کە بە دەنگی حیزبەکانەوە دێن.

هەر لە درێژەدا پرسیاری ئەوە کرا کە ئایا ئەو حیزبانە تا چەند لەگەڵ هێرشی سەربازی دا هەن؟ ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا گوتی کە ئێمە هیچمان ئاواتی وێرانبوونی وڵاتەکەمان ناخوازین، باوەڕمان وایە کە خەڵک بە توانای خۆیان ڕێژیم بڕووخێنن. ئەوەش ڕاستە خەڵک تا ئێستا نەهاتوونەتە ئەو ئامانجە بەڵام مێژووی شۆڕشەکان دەری دەخا خەڵکی ئێران ئەو توانایەیان هەیە. ئەوان ڕەنگە پێویستیان بە پشتیوانیی سیاسی هەبێ و کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان پشتگیری لە خەڵک بکەن.

## بەیاننامەی هاوبەش

# بە بایکۆتی «هەڵبژاردن»، هەڵوێستی نەتەوەیی خۆتان نیشان بدەن

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!
کۆمەڵانی وەزاڵەهاتوو لە دیکتاتۆری و بێ مافی!

دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران لە هەلومەرجێکدا بە ناو هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆیەم لە ڕۆژی ١٢ی ڕەشەمەی ئەمساڵ دا بەڕێوە دەبەن کە پێشوازی لەم شانۆسازییە لە کوردستان و سەرانسەری ئێران لەوپەڕی ساردی و سڕی دایە.

ئەزموونی تاڵی خەڵکی ئێران لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بە تایبەتی دەیەمین دەورەی سەرۆک کۆماری کە دەستبەسەرداگرتنی دەنگەکانی خەڵک و دەرهێنانی ئەحمەدینژاد لە سندووقەکانی دەنگدان لە لایەن ڕێبەری نیزام و سوپای پاسدارانی لێکەوتەوە، بێ متمانەیی خەڵک بەو ڕێژیمە و بەتایبەتی دامودەزگاکانی پێوەندیدار بە هەڵبژاردنی گەیاندۆتە ئەوپەڕی خۆی. لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران لە ڕەوتی تەئییدی سەلاحییەتی کاندیداکان دا، ئەڵقەی «خۆیی»یەکانیان ئەوەندە تەنگ کردۆتەوە کە تەنانەت زۆر لە مۆرەکانی پێشووی ئەو ڕێژیمە لێی دەرباز نەبوون و سەلاحییەتیان ڕەت کراوەتەوە.

بێبەشبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەموو پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک، بێ متمانەیی لە چارەنووسی دەنگەکان و ئەو ڕاستییە کە مەجلیس و هەر دامەزراوێکی هەڵبژێردراو، ناتوانن لە ئەمر و ئیرادەی خامەنەیی و نەهادە خۆسەپێنەکان دەرچن، هەر لە ئێستاوە ئاسۆی تاریکی هەڵبژاردنی ئەمجارەشیان دەرخستوە.

بەم هۆیانەوە هەڵبژاردنی نۆیەمین دەورەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بە خۆشییەوە لەگەڵ تەحریمی گشتیی هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوڕوو بووە. لە ئاستی ئێرانیش دا، ئەم هەڵبژاردنە بە شێوەیەکی بەرین لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمە و ڕەوتە ریفۆرمخوازەکان بایکۆت کراوە. هەڵوێستی تەحریم وڵامێکی ڕاشکاوانەی بە جێیە بە ڕێژیمێک کە سەرەڕای بەردەوامبوون لە سەر سەرکوت و و ملهوڕی و پێشێلکردن و زەوتکردنی مافی نەتەوەکان، کپکردنی دەنگی چالاکانی بواری مافی مرۆڤ، پەرەپێدانی دیکتاتۆری و پشتگیریی تیرۆریزم و هەوڵی بە دەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، دەیەوێ خەڵک بێنێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. خامەنەیی پەیتا پەیتا لە «حەماسەی حوزوور» و پێویستیی بەشداریی هەراوی خەڵک لە دەنگدان دا دەدوێ و دەیەوێ وەک بەڵگەی ڕەوایی ڕێژیمەکەی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تەحریم و گوشارە نێونەتەوەییەکان دا، کەڵکیان لێوەربگرێ. هەربۆیە دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە، لە ڕێگای پەرەپێدانی ملبەملەی نەتەوەیی، ئایینی، تایفەیی- بە گوێرەی سروشتی هەر ناوچەیەک- ، بە گەرمکردنی ڕقەبەرایەتیی نێوان تەیفە جۆراوجۆرەکانی ئوسوولگەراکان، بە بەڵێن و هەڕەشە و شێوازی دیکە، دەیانەوێ زۆرترین خەڵک لە ١٢ی ڕەشەمەدا بێننە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆی وڵات دا لەگەڵ زۆرترین نارەزایەتی و بێزاریی خەڵک و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا سەبارەت بە پشتگوێخستنی پەسندکراو و بڕیار و ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بوارەکانی چالاکیی ئەتۆمی، مافی مرۆڤ وپشتیوانی لە هێزە تیرۆریستی و توندڕەوەکان لەگەڵ گوشارێکی کەم وێنە بەرەوڕوویە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، ئێوە کە هەر کات بۆتان ڕەخساوە، «نا»تان بەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە وتوە، جارێکی دیکە ئەم هەلەی بەردەمتان بقۆزنەوە و هەڵوێستی نەتەوەیی وخەباتگێڕانەی خۆتان بەرامبەر بەو ڕێژیمە دووپات بکەنەوە. ئێمە وەک وڵامدانەوەیەک بە پەیامی یەکیەتیخوازانەی ئێوە کە بە حەق هەمیشە داوای یەکیەتی و هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی خۆتان کردوە، هەڵوێستی خۆمان و دەنگی خۆمان کردوە بە یەک. ئێمە یەکدەنگ و یەک هەڵوێست ڕووی قسەمان دەکەینەوە ئێوە و ئەمجارە پێکەوە داواتان لێدەکەین بە تەحریمی بەناو هەڵبژاردنی ١٢ی ڕەشەمە، هەڵوێستی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەتان بەرامبەر بەو ڕێژیمە، ڕاشکاوانەتر لە هەمیشە نیشان بدەنەوە.

داوامان لەسەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ڕووناکبیران، لاوان ، ژنان، چالاکانی سیاسی ، مامۆستایانی ئایینی، خەباتگێڕانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوەیە لە ئێستاوە تا ڕۆژی هەڵبژاردن، لە ڕێگای ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکانەوە و لە هەر ڕێگایەک بۆیان دەکرێ، کاری چڕو پڕ لەسەر هەڵوێستی تەحریم بکەن. بۆ ئەوەی بایکۆتی هەڵبژاردن لە کوردستان، باشترین ڕەنگدانەوە ودەنگدانەوەی هەبێ، داوا دەکەین ڕۆژی ١٢ی ڕەشەممە خەڵک لەماڵەکانی خۆیان دا بمێننەوە تا بنکەکانی دەنگدان، شەقامەکان و شوینە گشتییەکان چۆڵ بن و تەنیا هێزە سەرکوتکەرەکان و دەست و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامییان لێ ببینرێ. هەر لەو کاتەدا، بە وشیارییەوە جموجۆڵ و کردەوەی دام و دەزگا و هێزەکانی ڕێژیم بگرنە ژێر چاوەدێری،بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هەر پیلانگێڕییەک دا بتوانن بەوەخت دژکردەوە لە خۆتان نیشان بدەن.

**پارتی ئازادیی کوردستان**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

١٣٩٠/١٢/١
٢٠١٢/٢/٢٠

## عومەر باڵەکی: لە ئیران دامەزراوە داسەپاوەکان دەسەڵاتی پارڵمانیان بردۆتە ژێر پرسیارەوە



عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتیدا ڕایگەیاند کە مەجلیسی ئێران خۆی لە خۆیدا هیچ دەسەڵاتێکی نیە و ئەوە ناوەندە داسەپاو و هەڵنەبژێردراوەکان لە لایەن خەڵکەوەن کە لە سەر بڕیار و پەسەندکراوەکانی مەجلیس بڕیاری کۆتایی دەدەن.

کۆمیسیونی ئامووزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی دووشەممە، ٨ ی ڕەشەمە بە بەشداریی دەیان کەس لە کادرو پیشمەرگەکانی ئەو حیزبە کۆبوونەوەیەکی بۆ باس لە سەر پێگەی پاڕلمانی ئێران لە یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتەدا، بۆ عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیک هێنا. لەم کۆبوونەوەیەدا باڵەکی باسەکەی لە پێوەندی لە گەڵ ڕۆڵی پارلمان لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەسەڵاتی دامەزراوە داسەپاوەکانی وەک شوورای نیگابان و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام بە سەر مەجلیسدا شی کردەوە.

باڵەکی هەروەها بە ئاماژەدان بە دوو دامەزراوەی داسەپاوی مەجلیسی خوبرگان و بەیتی ڕێبەری و چۆنیەتیی دیاری کردن و داسەپاندنی ئەندامانی مەجلسی خوبرەگان و هەروەها دەسەڵاتە نارەواکانی ئەم دوو دامەزراوە لە سەر پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێران بۆ بەشداران دوا.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا لەبارەی یاسای تەئیدی پاڵێوراوان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و هەروەها دەسەڵاتی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران لە ڕووی یاساییەوە باسی لە ناوەرۆکی نادێموکراتیکی ئەم سیستەمە کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا کاک عومەر باڵەکی ڕاوبۆچوونەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ سەڵاحییەت و دەسەڵاتی پارڵمانی کۆماری ئیسلامیدا خستەڕوو.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا لە لایەن بەشدارانەوە چەند سەرنج و تێبینییەک خرانە سەر باسەکەی کۆڕگێر، کە لە لایەن بەڕێزیانەوە هەڵوێستەیان لە سەر کرا.

## قادر وریا: زمان هەر سەرمایەی نەتەوەیەک نیە، بەڵکوو سەرمایەی مرۆڤایەتییە



قادر وریا، مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆ لە کۆڕێکدا کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی پێک هاتبوو، ڕایگەیاند کە زمان هەر سەرمایەی ئەو نەتەوەیە نیە کە خۆی پێ پیناسە دەکا، بەڵکوو سەرمایەی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.

لە کۆڕێکدا کە کۆمیسیۆنی پەروەردە و فێر کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی دووشەممە، ١ی ڕەشەممە بە بەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکان و بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ڕێزگرتن لە زمانی زگماکی بۆ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک و مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆ، پێکی هێنابوو، ناوبراو گرینگیی باس لە سەر ئەو بابەتەی بۆ بەشداران شی کردەوە.

قادر وریا لە سەرەتای باسەکەیدا ئاوڕێکی لە مێژووی دیاریکرانی ڕۆژی ٢١ ی فێورییە، وەک ڕۆژی جیهانیی ڕێزگرتن لە زمانی زگماکی دایەوە و بە کورتی ئاماژەی بەو دێکۆمێنت و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییانە کرد کە پرسی زمان و گرینگیدان بە زمانی زگماکی لەواندا ڕەنگی داوەتەوە و وڵاتانی ئەندام بۆ جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانە ئەرکدار کراون.

باس کردن لە مێژووی پەروەردە لە ئێران لە دوای دامەزرانی دەوڵەتە ناوەندگەراکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی تەوەرێکی دیکەی باسەکەی قادر وریا بوو.

مامۆستای زمانی کوردی لەم بەشەی قسەکانی گوتی: لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیی ڕەزاخان و حەمەرەزاشای کوڕی دا سیاسەتی حکوومەت تواندنەوەی نەتەوەکانی ئێران و زمانیان لە نەتەوەی فارس و زمانی فارسیدا بوو، دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییش ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو هەر پێوشوێنی ئەو ڕێچکەیە کەوت و درێژەی بەو سیاسەتەدا هەر بۆیەش دەبینین کە دوای ٣٣ ساڵ ئێستاش جیا لە فارسەکان هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە خوێندن و فێربوون بە زمانی زگماکییان بێبەشن.

قادر وریا لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە سەردەمی پێش کۆمار، کۆماری کوردستان و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بە تایبەت پلان و پڕۆژەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جێگیر کردنی سیستمی خوێندن و پەروەردە بە زمانی زگماکی لە کوردستاندا کرد.

دامەزراندنی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، چاپی کتێبی خوێندن بە زمانی کوردی، دامەزراندنی سەدان قوتابخانە لە کوردستان و پەروەدەکردنی سەدان مامۆستا و خوێندەوار کردنی بەشێکی زۆر لە منداڵانی کوردستان و تەنانەت گەورەساڵان و پێ خوێندنیان بە زمانی کوردی بەشێک لە کارنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بواری پەروەردە بە زمانی کوردیدا بوو کە قادر وریا وەک چالاکییەکانی کۆڕی پەروەردە ئاماژەی پێ کردن.

بەشی کۆتایی ئەو کۆڕە بۆ پرسیار و سەرنج و تێبینیی بەشداران تەرخان کرابوو کە لە لایەن کۆڕگێڕەوە وڵام درانەوە.

## بەڕێوەچوونی سمیناری ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لە شاری هەولێر

**بۆ یەکەم جار لە ئاستی کوردستان دا سمیناری ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.**

ڕۆژی سێ شەممە ٢ی ڕەشەمە بەرانبەر بە ٢١ ی فێوریەی ٢٠١٢ی زایینی، سمیناری ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بە بەشداریی سەرۆکی پارلمانی کوردستان و کۆمەڵێک کەسایەتیی ئەدەبی، ڕووناکبیرو زمانناسی کورد و یەک لەوان بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسیی و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکادیمیای کوردی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوەڕەسمەکە بە چرکەیەک ڕاوەستان بۆ شەهیدانی ئەم بۆنەیەو سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان دوکتور نووری تاڵەبانی وتاری ئاکادیمیای کوردی پێشکەش کرد.

دوکتور نوری تاڵەبانی سەرەتا باسێکی لە مێژووی ئەو بۆنەیەو هۆکاری یادکردنی لەلایەن یۆنسکۆ کرد و گوتی کە ئاکادیمیای کوردی شانازی بەوە دەکا کە بۆ یەکەم جار یادی ئەو ڕۆژە لە ئاستی عێراق و باشووری کوردستاندا دەکاتەوە. دوکتور نووری تاڵەبانی باسی مەترسیی لەنێوچوونی نیوەی زمانەکانی جیهانی کرد و پێداگریشی کرد کە ئەرکی هەموومانە یادی ئەو ڕۆژە بەرز ڕابگرین.

دوابەدوای قسەکانی ناوبراو وتاری ڕێکخراوی یۆنسکۆ لەلایەن سامی ئەلخۆجە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشی بەشداربوان کرا و پاشان دانیشتنی یەکەمی سمینارەکە بە سەرپەرەستیی دوکتور ئازاد ئەحمەد دەستی پێ کرد.

یەکەم بابەتی دانیشتنی یەکەمی سمینارەکە لەلایە دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە و لە ژێر ناوی «ڕوانگەیەکی نێونەتەوەیی بۆ ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و گرینگی بۆ کورد» پێشکەشی ئامادەبوان کرا.

دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لە باسەکەی دا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە زمان وەک سامانێکی هاوبەشی مرۆڤایەتی لە سەردەمی بە جیهانی بوون دایەو ئەوەشی خستە ڕوو کە لە سەردەمی ئێستادا هێندێک لە زمانەکان مەترسی ئەوەیان لەسەرە بچنە ژێر هێژمۆنی زمانێکی دیکەوە.

بەڕێزیان لە درێژەدا باسی لە گرینگی زمانی زگماکی بۆ پەروەردەو فرە زمانی لە وڵاتەکان کردو گوتیشی کە پەرەپێدان بە فرە زمانی پەرەپێدان بە ئاشتیە.

دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لە درێژەی بابەتەکەی دا هاتە سەر باسی بنەماکانی ڕێزگرتن لە زمان لە یاسای نێودەوڵەتی داو ئاماژەی بە بەیاننامەی ساڵی ٩٢ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پارێزگاری لە کەمینە ئیتنیکیەکان و پەیماننامەی زۆر گرینگی یۆنسکۆ لەدژی هەڵاواردن لە بواری پەروەردەدا بۆ ڕێزگرتن لە هەموو زمانەکان کرد.

بەڕێزیان لە کۆتایی بابەتەکەی دا باسێکی لە سەر مەرجەکانی بەکارهێنانی زمان لە ئاستی نێونەتەوەییدا هێنایە گۆڕێ و لەو پێوەندییەدا بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانیەکانی لەو بارەیەوە خستە ڕوو.

پاشان تاریق جامباز لە ژێر ناوی «خوێندن بە زمانی دایک، سەرچاوەی ناسنامەی نەتەوەیە»؛ سەلام ناوخۆش لە ژێر ناوی «زمانی دایک و زاری دایک»، خاتوو پەخشان لە ژێر ناوی «زمان لە شێعری شاعیراندا»، دوکتور هۆگر مەحموود فەرەج لە ژێر ناوی «زمانی دایک لە ڕوانگەی پەروەردەو بەرژەوەندی نەتەوەییەوە»، دوکتور فارووق محەمەد ڕەزا لە ژێر ناوی «زمانی دایک و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی» باسەکانی خۆیان پێشکێش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا دوکتور ڕەحیم سورخی زمانناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ومامۆستای زانکۆ لە بارەی بابەتەکەی خۆی لە ژێر ناوی» مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی وەک زمانی زگماک» بۆ ئامادەبوان دوا. ناوبراو لەو بارەیەوە گوتی کە لە دوو وڵاتی ئێران و تورکیە هەڕەشەیەکی شاراوە لە سەر زمانی کوردی هەیەو هەندێک جاریش ئەو هەڕەشەیە ڕاستەوخۆ بووە.

ڕەحیم سورخی هاتە سەر باسی ئەوەی کە زمان و کلتور پێوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیەو ئەگەر زمان بفەوتێ کلتووریش فەوتاوە و گوتیشی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرۆسەیەک بەڕێوە دەچێ هەتاکوو زمانی کوردی بتوێتەوە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ لە کۆتایی بابەتەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە لە ڕوانگەی ڕووناکبیران و زمانناسانی فارس لە ئێران زمانەکانی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە وەک زار بە کار دێن و هەست بە کەمی کردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی لە بەرامبەر فارسەکان بە کێشەیەکی دیکەی زمانی ئەوان پێناسە کرد.

دوکتور یووسف شەریف و خاتوو ویداد خاڵس دوو کۆڕگێڕی دیکەی ئەو سمینارە بوون کە لە پێوەندی لە گەڵ زماندا باسەکانیان پێشکیش کرد.

لە کۆتایی سمینارەکەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە چەند پرسیارێکی هێنایە گۆڕێ و گوتی کە ئایا ئێمە باسی چ دەکەین؟ زمانی دایک؟ زمانی زگماک؟ ناوبراو لە وتەیەکی کورتدا گوتی لەوەتا من هەم هیچم نەبیستوە جگە لە زمانی زگماکی و دەبێ ئەگەر هاتینە سەر باسی زمان تەنیا باس لە زمانی زگماکی بکەین.

## کۆڕیادێک بۆ یادکردنەوەی هاوڕێی نەمر مام ڕەحمان مورتەزازادە

کۆمیسیۆنی پەروەردە و فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری و خەبات و تێکۆشانی مام ڕەحمان مورتەزازادە، پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی بەوەج و ئازا و کۆچکردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕیادێکی پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەو کۆڕیادە کە ڕۆژی شەممە، ٦ ی سەرماوەز و بە بەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و ئەندامانی بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو، کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک وتەیەکی کورتی لەبارەی کەسایەتیی مام ڕەحمان پێشکێش کرد و چەند بیرەوەرییەکی خۆی و مام ڕەحمانی لە ڕۆژەکانی خەباتی چەکداریدا گێڕایەوە.

لەو کۆڕیادەدا کاک حەمەرەسووڵ کەریمی بە گێڕانەوەی بیرەوەری و خوێندنەوەی پەخشان، ڕەسووڵ سوڵتانی بە خوێندنەوەی شێعرێکی حیماسی لە پەسنی مام ڕەحمان و وریا ڕەحمانی بە خوێندنەوەی شێعرێکی ئاسۆ خەبات یادی مام ڕەحمان ئاخکەندییان بەرز ڕاگرت.

لە بەردەوامیی ئەو کۆڕیادەدا کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوو سروودی شۆڕشگێڕی پێشکێش کرد و شەهلا مورتەزازادە، کچی مام ڕەحمان وێڕای خوێندنەوەی پەیامی بنەماڵە، باسی لە لایەنە بەرزەکانی کەسێتیی باوکی لە بنەماڵە و لە نێو کۆڕی هاوسەنگەرانیدا کرد.



لە کۆتایی ئەو ڕێورەسمەدا کورتە فیلمێک لە سەر ژیان و خەباتی مام ڕەحمان پیشانی ئامادەبووان درا.

## ڕاگەیەندراو بە بۆنەی:

# کۆتایی هاتنی چوارەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی مافخوازی کوردستان!**
**تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بە خۆشحاڵییەوە ڕادەگەیەنین کە چوارەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێ شەممە ٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٨ی فێوریەی ٢٠١٢ زایینی دەستی پێ کردبوو، پاش ٢ ڕۆژ و نیو کاری بەردەوام سەعات ١٢/٥ نیوەڕۆی ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاوی (١ی مارسی ٢٠١٢ ) کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

پلینۆم بە وەستانی خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد، پاشان بەرنامەی کاری چوارەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی کەوتە بەر نەزەری هاوڕێیانی بەشدار و پەسەند کرا.

یەکەمین بڕگەی کاری پلینۆم تەرخان کرا بۆ لێکدانەوەیەکی گشتیی سیاسی و ئاوردانەوەیەک لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب کە لە لایەن کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکەش کرا. باسەکەی سکرتێری گشتی، لێکدانەوەیەکی سیاسی لە سەر هەلومەرجی ئەمڕۆی دنیا و ئێران و کوردستان بوو و تیشکی خستبووە سەر ڕووداوەکان و شوێنەواری ئەو ڕووداوانە لە سەر وەزعی ئێران و کوردستان و کاردانەوەیان لە سەر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لەو لێکدانەوەیەدا هەڵوێستی دنیای دەرەوە بەرامبەر ڕێژیمی ئێران و فشاری سیاسی و ئابووری بۆ سەر ئەو ڕێژیمە و شوێنەواری ئەو فشارانە لە سەر کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێران بەگشتی هەڵوێستەیان لە سەر کرابوو و پێش بینی ئەوە کرابوو کە ئەو فشارانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بن و بە تێپەر بوونی زەمان شوێنەواریان لە سەر ڕێژیم و کۆمەڵگەی ئێران زۆرتر دەرکەوێ.

لە ڕاپۆرتی سیاسیی سکرتێری گشتی دا هەروەها ئاماژە بەوە کرابوو کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵ دەدا تەحریمە ئابوورییەکان ئامانجدار بن، بەو واتایە کە کەمتر گوشار بکەویتە سەر خەڵکی وڵات و گوشارەکان زۆرتر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بگرێتەوە. مەبەستیش ئەوەیە ئەو ڕێژیمە واز لە هەوڵدان بۆ چەکی ئەتۆمی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە وڵات دا بهێنێ و دەستی لە دەخاڵەت و ئاژاوەگێڕی لە وڵاتاندا کورت بکرێتەوە. بەڵام بە کردەوە دەرکەوتوە بە هێندێک هۆ ئەو فشار و تەحریمانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەر خەڵکیش شوێنەوار دادەنێن. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پیوەندی لەگەڵ گوشاری دنیای دەرەوە بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، خوازیارە ڕێگا و ڕەوشی وا بدۆزێتەوە و ڕەچاو بکرێ کە کەمترین گوشار بکەویتە سەر خەڵکی ئاسایی وڵات و لە بەرامبەردا خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران یارمەتیی سیاسی و ئینسانی بکرێن بۆ ئەوەی خۆیان زەمینە و بەستێنی وەلانانی ئەو ڕێژیمە پێک بێنن.

لەبە شێکی دیکەی لێکدانەوەی هاوڕێ سکرتێری گشتی ، تیشک خرابووە سەر بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و ئاماژە بەوە کرابوو کە بەداخەوە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئۆپۆزیسیۆنی ئێران زۆر بڵاو و ناهەماهەنگ و بێ بەرنامەیە، کە ئەمە بە یەکێک لە هۆیەکانی درێژ بوونەوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە دەژمێردرێ. بۆیە پێویستە کار بکرێ بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران بە گشتی، بە لەبەر چاو گرتنی پێویستیی سیاسی و خەباتگێڕانە لە ئێراندا و بە سەرنجدان بە گوشار و ئاستەنگە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی، لە دەوری پلاتفۆرمێک کە بتوانێ وڵامدەری ویستەکانی کۆمەڵگای ئێران بێ، کۆببێتەوە. لەو پیوەندیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گوێرەی توانای خۆی و بە پێی چاوەڕوانی و خواستی خەڵکی ئێران ، بە تایبەتی ڕۆژهەلاتی کوردستان کار بۆ ئەو ئەرکە نیشتمانی وخەباتکارانەیە دەکا.

ڕاپۆرتی سیاسیی سکرتێری گشتی هەڵوێستی وەک یەک و هاوبەشی حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسی و خەباتگێڕەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبارەی هەڵبژاردنی نۆهەمین دەورەی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێرانی بە هەنگاوێکی گرینگ و جێگای دڵخۆشی زانی و لە هەمان کاتدا بایکۆتی گشتیی ئەو بەناو هەڵبژاردنەی بە خەباتێکی سیاسی ـ مەدەنیی دروست وەسف کرد کە دەتوانی دەسپێکی حەرەکەتی هاوبەشی دیکەی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران دژی ئەو ڕێژیمە بێت.

لە سەر وەزعی سیاسیی کوردستان لە ڕاپۆرتی سیاسیی سکرتێری گشتی دا هاتبوو کە خەبات و تێکۆشانی گشتیی هێزە سیاسییەکان و وشیاریی خەڵکی کوردستان و بەردەوامیی خەبات لەم ناوچەیە، تێگەیشتن وئامادەیی سیاسیی باشی لەو بەشەی کوردستان دا دروست کردوە. لە مێژە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان نەک هەر هەست بە بێ مافیی خۆیان دەکەن بەڵکوو لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان خەبات دەکەن کە ئەمەش بووە بەهۆی گەشەیەکی سیاسیی باش. هەر بۆیە لە ڕاپۆرتەکەدا ئیشارە بەوە کرابوو کە ئەو گەشە سیاسییە لە کوردستان و لە مەیداندابوونی ئەو خەڵکە وای کردوە کە پشتگوێ خستنی مافی نەتەوەیی و سیاسی ئەو نەتەوەیە لە هەر هاوکێشەیەکی سیاسی لە سەر ئاستی ئێران دا مومکین نەبی و لە هەر جێگایەک کە باسی داهاتووی ئێران دێتە بەرباس، حزوور و بوونی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزێکی شوێندانەر بە پێویست بزانرێ. هەر ئەوە کە لە ماوەی نێوان پلینۆمی سێهەم و چوارەم دا حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرەکانی لە کۆر و کۆبوونەوە و سمینار و کۆنفرانسەکان دا بەشدار و دیار بوون، لەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە ڕاپۆرتەکەی هاوڕێ خالید عەزیزی دا هەر وەها هاتبوو کە بەداخەوە لەتبوون و پرژ و بڵاویی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خۆ ئامادە نەکردنی وەک پێویستیان بۆ حاڵەتە چاوەڕوانکراوەکان و هەول بۆ دەرخستنی نەخشی تەک حیزبی وای کردوە وەک پێویست لەو دەرفەت و بەستێنانە کەڵکی باش وەرنەگیرێ. بۆیە پێویستە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ڕاستیانە هەماهەنگی و هاوکاریی باشتریان هەبێ هەتا ئەو دەرفەتانە بە تێکڕایی بۆ قازانجی نەتەوەیی بقۆزرێنەوە. لەو پیوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو ئامادەییەک لە خۆ نیشان دەدا بۆ ئەوەی لە دەرفەت و بەستەرە ڕەخساوەکان کەڵک وەربگیرێ.

لە بەشێکی دیکەی باسی سیاسیی سکرتێری گشتی دا، پیوەندییە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هێزە سیاسییە ئێرانی و کوردستانییەکان تاوتوێ کران. بەو ئامانجە کە ڕێگا خۆش بکرێ بۆ پێکهێنانی کەشوهەوایەکی سالم و پێوەندییەکی باشی سیاسی لەنێوان هێزە سیاسییە دێموکراتەکان دا دروست ببێ، تا لە ئاکامدا ئەو هێز و گروپ و لایەنانەی باوەڕیان بە دێموکراسی و مافی گەلان و مافەکانی مرۆڤ هەیە، بتوانن ئەو ڕێژیمە بگۆرن و بە جێگای ئەو، سیستمێکی دێموکراتیکی پلۆراڵ لە ئێران دامەزرێنن، کە وڵامدەری ویست و داخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێران بێ.

لە درێژەی ئەو باسە سیاسییەدا ئەگەری پێکهاتنی کۆنگرە یان کۆنفرانسێکی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان لەداهاتوو دا، کەوتبووە بەر سەرنج و بە هەنگاوێکی پێویست و پڕ بایەخ وەسف کرابوو. لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە ڕوانگە و بۆچوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرابوو کە پێی وایە هێزە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان پێویستە لەم کۆنفرانسە دا بەشدار بکرێن و لە بەرامبەریش دا پێویستە هەموو لایەنە کوردەکان بە نۆرەی خۆیان بایەخ بە بەرژەوەندی نەتەوەیی و گشتی بدەن و گوتار و هەڵوێستیان لە بارەی پرسە گشتی و هاوبەشەکان لیک نزیک بکەنەوە.

دوای پێشکەشکرانی ڕاپۆرتی سیاسیی سکرتێری گشتی، دەرگای باس وبیروڕا گۆڕینەوە بە ڕووی بەشدارانی پلینۆم دا کراویەوە کە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە چەند دانیشتن دا بە تێبینی و تێڕوانینی خۆیان ڕاپۆرتەکەیان دەوڵەمەند کرد. ئەو بەشدارییە چالاکانەیەی ڕێبەریی حیزب لە باسەکاندا، چەند ڕاسپاردە و بڕیاری لێکەوتەوە کە دەفتەری سیاسی بۆ بەدواداچوون و جێبەجێ کردنیان ڕاسپێردرا.

لە بەشی دووهەمی کاری چوارەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی دا، ڕاپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە لایەن کاک مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی پێشکەش بە بەشداران کرا. لەو ڕاپۆرتەدا تیشک خرابووە سەر چالاکی و کار و تێکۆشانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، لە بوارەکانی دیپلۆماسی، پێوەندییە سیاسییەکان، تەشکیلات و ڕێکخراوە مەدەنی و سینفییەکان کە لە زۆربەی بوارەکان دا بەخۆشیەوە پێشڤەچوون و تێکۆشانی بەرچاو بە نیسبەت ڕابردوو بەرچاو دەکەوت. سەرئەنجام ئەو ڕاپۆرتەش بە تێبینی و سەرنجی بەشی زۆری بەشداران دەوڵەمەند کرا و کۆمەڵێک ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی لێ کەوتەوە کە بە کۆمیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات سپێردرا لە تێکۆشانی داهاتووی خۆیدا لە بەرچاویان بگرێ.

بڕگەی سێهەمی کاری پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردنی بەشێک لە ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لەو بڕگەیە لە کاری پلینۆم دا حەوت کەس لە تێکۆشەرانی حیزب بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.

پێویستە بگوترێ پلینۆم وێڕای جێبەجێکردنی هەموو بڕگەکانی دەستووری کاری خۆی کۆمەڵێک ڕێنوێنی و بڕیاری پێویستی لە بوارەکانی تەشکیلات، پێوەندییە سیاسییەکان، ڕاگەیاندن و هتد دا پەسند کرد و دەفتەری سیاسی و ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی بۆ جێبەجێکردنیان ڕاسپارد.

بەم جۆرە پاش دوو ڕۆژ و نیو کاری بەردەوام، چوارەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاتژمێر ١٢/٥ ی نیوەڕۆی پێنج شەممە ١١ی ڕەشەممە ١٣٩٠ی هەتاوی کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٣٩٠/١٢/١٢**
**٢٠١٢/٣/١**

---

**درێژەی:**

## بەیاننامەی هاوبەش:

# ڕێز و پێزانین بۆ ئیرادەی خەباتگێڕانەی خەڵکی کوردستان

سەیر ئەوە بوو کە ماوەی دەنگدانیان درێژ کردەوە بۆ ئەوەی وا بنوێنن کە بەشداریی خەڵک ئەوەندە گەرموگوڕە، زۆریان فریای دەنگدان نەکەوتوون! ئامادەش نەبوون ڕێگە بە میدیای ئازاد و هەواڵنێرانی دەرەوە بدەن کە بچنە نێوخەڵک و لای بنکەکانی دەنگدان تا ڕاپۆرتی واقیعی لە بارەی بەشداریی خەڵک لە دەنگداندا بڵاو بکەنەوە و ناڕاستبوونی بانگەشە و ئیددیعاکانیان لەقاو بدەن.

ئەوە کە بەشێکی کەمی خەڵک لە ژێر هەڕەشە و گوشاردا بە تایبەتی لە نێو کارمەندانی حکوومەتیدا ناچار بوون دەنگ بدەن،یا لە چەند شار و ناوچەیەک، و لە هێندێک بنکەی دەنگداندا، بە هەر هۆیەک بووبێ ڕێژەیەک لە خەڵک چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان ، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئەم بە ناو هەڵبژاردنە لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان لە گەڵ کەمترین پێشوازی بەرەوڕوو بوو. ئەو ئامارانەی کۆماری ئیسلامی لە بارەی دەنگی هەر کاندیدایەک و ڕادەی بەشداریی خەڵکی هەر شار و ناوچەیەکی کوردستان بڵاوی کردوونەوە،نەک هەر ناتوانن بەڵگەی بەشداریی هەراوی خەڵک لە دەنگداندا بن، بە پێچەوانەوە، ڕاست نیشانەی لە ژێر پرسیاردابوونی پڕۆسەی دەنگدان و بژاردنی دەنگەکانن. کۆماری ئیسلامی تەنانەت ئەو کاتانە کە دەرەتانیکیش بۆ جۆرێک حوزوور و چاوەدێریی خەڵک لە ڕەوتی دەنگوەرگرتن و ژماردنی دەنگەکان دا هەبووە، لە هەر جێیەک کە پێویست بووە لە پڕکردنی سندووق لە دەنگی ساختە ، لە سەرخستنی کاندیدای دڵخواز و ڕاگەیاندنی ئاکامی موهەندیسیکراو غافڵ نەبووە، هەر بۆیە شتێکی زۆرچاوەڕوانکراوە کە ئەمجار بە ڕادەیەکی زیاتر ئەم کارانەی دووپات بکاتەوە.

بە هەڵسەنگاندنی ئێمە،خەڵکی کوردستان سەرەڕای هەموو ئەو کوسپ و گوشارانەی لە سەریان بوو، ئەوەندەی ئیمکان هەبوو وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی خۆیان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا جارێکی دیکە نیشان دایەوە. ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر جێیەک بۆیان کرا سەلماندیان لە هەڵبژاردنێک دا کە نەتوانن ئازادانە دەنگ بدەن ، نەتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن و تەنیا وەک ئاپۆرایەک بۆ دەرخستنی پێگەی جەماوەریی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر کەلکیان لێ وەربگرن،بەشدار نابن. ئەگەر لە چەند شوێنێکیش ڕێژەیەک لە خەڵک دەنگیان داوە، هۆیەکەی نەک متمانە و بڕواهەبوون بە کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو هەڕەشە و زەبر و زەنگی دامودەزگا سەرکوتکەرەکان لە لایەک و هێندێک ململانێی خۆجێیی وروووژێنراو لە لایەکی دەکەوە بووە.

ئێمە ٤ حیزب و سازمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێکەوە و یەکگرتووانە داوای تەحریمی ئەو بە ناو هەڵبژاردنەمان لە نەتەوەکەمان کرد، بە بۆنەی بەشداری نەکردنی بەرینی خەڵکی خەباتگێڕ و وشیاری کوردستان لە دەنگدان و ڕەوتی ئەو شانۆگەرییەدا و سەبارەت بە نوێترین نموونەی خۆراگری و «نا» وتنیان بە دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیی دەسەلاتدار، پیرۆزبایییان لێدەکەین و سوپاس و پێزانینی گەرمی خۆمانیان پێڕادەگەیەنین.

بە باوەڕی ئێمە، هەڵوێستی ئەمجارە و ئەزموونی نوێترین سەرکەوتنی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، پێویستە بکرێتە دەسمایەی خەباتی مەدەنی و جەماوەریی لەمەودوا گەڵ ئەو ڕێژیمە. دەبا بە یەکگرتن و یەکهەڵوێستیی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و یەکێتیی نەتەوەیی ڕیزەکانی گەلەکەمان، بە شێوەیەکی کاریگەرتر خەباتی ڕەوامان دژ بە بێمافی ، بندەستی ، داگیرکەری و دیکتاتۆری، لە پێناو ئازادی، دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، بەرەو پێش ببەین.

**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**پارتی ئازادیی کوردستان**
**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**١٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٠**
**٤ی مارسی ٢٠١٢**

# پێگە لەرزۆکەکانی رووسیە لە هاوکێشە جیهانییەکاندا

مستەفا مەعروفی



**سەبارەت بە پشتیوانیی رووسیە لە کۆماری ئیسلامی وێنەی رووسیە لەلای خەڵکی ئێران خەوشدار بووە و ئەمەش داهاتوویەکی تاریک و ناڕوونی خستۆتە سەر رێگەی پێوەندییەکانی ئێران و رووسیە لە دوارۆژدا. ئەگەر رووسیە بیهەوێ ببێتە ئەکتەرێکی چالاک لە کێشە نێونەتەوەییەکان دا رەنگە پێویست بێ رۆژێک ـ وەک ئەوەی مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بارەی ئێران دا کردی ـ داوای لێبووردن لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بکا**

رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ١٩٩١دا هەرچەند مۆسکۆی لە پلەی زلهێزی دابەزاند و بەهۆی سەربەخۆیی کۆمارەکانی پێکهێنەری یەکیەتیی سۆڤیەتەوە رووبەری فەرمانڕواییەکەی کەم بۆوە، بەڵام رووسیە کە میراتگری سەرەکیی سۆڤیەتە ئێستاش گەورترین وڵاتی جیهان لە رووی رووبەری خاکەوەیە. تیکنۆلۆژی و پێشکەوتنەکانی سۆڤیەت کە بەشی هەرەزۆری لە بواری نیزامی دابوون، بە میرات بۆ رووسیە ماوەتەوە. ئەم وڵاتە خاوەنی نەوتێکی زۆر و گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری گازە. بەڵام لەلایەکی دیکەش، بروکراسیی ئیداری، سیستمی تاک حیزبی و تۆتالیتێر، رۆڵی دەوڵەت لە ئابووریی کەلان دا، نەبوونی ئازادیی فەردی و راگەیاندنی ئازاد لەو لایەنە مەنفیانەن کە بە رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت بەرۆکی ئەم وڵاتەی بەر نەدا، هەرچەند لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ ئیدئۆلۆژییەک لە چەشنی مارکسیزم نەبۆتە بنەمای دەوڵەت لەم وڵاتەدا. ئەم وڵاتە سەرەڕای ئەوەی لە رووی سیستمی ئابوورییەوە بەرەو سەرمایەداری هەنگاوی ناوە و بەشی تایبەتیی بەهێز کردوە و بۆچوونی لیبراڵیی بەسەر دا زاڵە، بەڵام رقەبەرایەتی و بەرەبەرکانی لەگەڵ رۆژئاوا هەروا لە دیارترین سیاسەتەکانیەتی.

رووسیە لەم چەند ساڵەی دوایی دا هەوڵی داوە رۆڵێکی زیاتر لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان دا بگێڕێ و ببێتە ئەکتەرێکی چالاک، خەریکی دۆزینەوەی دۆست و هاوپەیمان لە نێو وڵاتان لە سەرانسەری جیهان دایە. ئەوەی لەو هاوکێشە سیاسیانەدا گرنگیی تایبەتیی بە رووسیە داوە خاوەنیەتیی مافی ڤیتۆ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەبوونی رێژیەکی زۆر لە چەکی ئەتۆمییە کە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران بۆی ماوەتەوە. ئەم دوو هۆیە وێڕای ئەو میراتانەی یەکیەتی سۆڤیەت کە باسیان کرا، ئەگەر توانای زلهێزیبان بە رووسیە نەبەخشیوە، لانی کەم کردوویانەتە هێزێکی حاشا هەڵنەگر کە بتوانێ ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان بە تایبەتی چین لە کێشە نێو نەتەوەییەکاندا لەگەڵ خۆی هاودەنگ و هاوڕێ بکا.

رووسیە بۆ گێڕانی رۆڵێکی چالاک لە جیهاندا لەسەر ئەو وڵاتانە بە پلەی یەکەم دەسمایەی داناوە کە دوژمنایەتیی کۆن و نەریتیان لەگەڵ رۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکادا هەبووە و هەیە. ئێران، کووبا، ڤێنزۆئێلا، سووریە ـ رێژیمی لیبییش بەر لە رووخانی لەو رێژیمانە بوو ـ نموونەی ئەو رێژمانەن کە پێوەندییەکی پتەویان لەگەڵ رووسیە هەیە و کەڵک لە هەموو توانا دیپلۆماسی و ئابوورییەکانی بۆ پشتوانی لەوان لە ئاستی نێونەتەوەییدا وەردەگرێ. بەشی زۆری توانا نیزامییەکانی ئەو وڵاتانە لەلایەن رووسیەوە بەهێز دەکرێ کە نموونەی هەرە بەر چاوی چالاکییە ئەتۆمیەکان و تیکنۆلۆژیی نیزامیی رووسیە لە ئێرانە کە کۆماری ئیسلامی وەک « غرووری میللی » بە چاوی خەڵکی ئێرانیەوە دەگرێ.

لەم جۆرە وڵاتانەدا کە بە هاوپەیمانی رووسیە حیساب دەکرێن ئاسەوارێک لە دیموکراسی بەدی ناکرێ، دەسەڵاتی تاک حیزبی و دیکتاتۆریی فەردی و درێژخایەن دەرفەتی لە هێزە ئازادیخوازەکان بڕیوە، فەسادی ئیداری و ماڵی، نەبوونی چاپەمەنیی ئازاد باڵی بەسەر ئەو وڵاتانە دا کێشاوە و لە هەموویان دا رێژەی ئیعدام لەسەرەوەیە. هەربۆیە لە هەموویان دا بزووتنەوی ئازادیخوازی لە گۆڕێ دایە کە لە هێندێکیاندا بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ. هاوکاری و هاوپەیمانەتیی رووسیە لەگەل ئەم جۆرە رێژیمانە بە رادەیەکە کە تەنانەت لە سەرکوتی خەلکەکانیشیاندا یارمەتیان بۆ دەنێرێ، وەک ئامێر و ئامرازی سەرکوت و ئەشکەنجە و تەعقیبی موخالیفان، چەک و چۆڵ بۆ سەرکوتی خۆپێشاندەران و ڤیتۆ کردنی هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ سزادانی ئەم جۆرە رێژیمانە کە بە توندترین شێوە خەڵکەکەیان سەرکوت و قەتڵ و عام دەکەن ( وەک ئەوەی ئێستا لە سووریە جیهان شاهیدیەتی).

بۆیە دەبینین لەم وڵاتانەدا خۆپێشاندەران وێڕای دروشم دژی رێژیمی فەرامانڕەوای وڵاتەکەیان لە دژی رووسیە و هێندێک جار چین کە هاوپەیمانی رووسیەیە دروشم دەدرێ. وەک ئەوەی ئێستا لە سووریە دەی-بینین، هەروەها لە خۆپێشاندانەکانی دووساڵ لەوەپێشی خەڵکی ئێران دا کە دروشمی دژی روسیە و چین دەبیسرا.

رووسیە رۆڵێک لە شانۆی جیهانی دا یاری دەکا کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی ئەمریکا لە هێندێک ناوچەی جیهان دا یاریی دەکرد، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ رێژیمی پاشایەتی لە ئێران دا،یان پشتیوانیی بریتانیا لە رێژیمی پاشایەتی لە عێراق دا. گومانی تێدا نیە کە توانای ئەو کاتی ئەمریکا و بریتانیا لە هاوکێشە جیهانیەکان دا لە چاو توانای ئێستای رووسیە لە هاوکێشە جیهانیەکانی ئێستا دا زۆر زیاتر بوو، بەڵام ئەم پشتیوانیە نەی-توانی ئەم دوو رێژیمە لە رووخان بپارێزێ، لەئاکام دا هەردوو وڵات بوون بە مەکۆی دژایەتی لەگەڵ رۆژئاوا کە لە عێراق بە شەڕی یەکەمی خەلیج کۆتایی هات و لە ئێران دا هەورا بەردەوامە.

هەروەک زۆر ئەزموونی مێژوویی دەریان خستوە، ئەو جۆرە رێژیمانە لە وڵاتەکانیان دا داهاتوویەکیان نیە و پشتوانیی هێزێکی دەرەوە تەنانەت ئەگەر لە ئاستی جیهانیش دا توانا دەستڕۆیشتوویی هەبێ، ناتوانێ مانەوەیان دەستەبەر بکا. پشتوانیی رووسیە لەم جۆرە رێژیمانە سیاسەتێکی دووربینانەی لە پشت نیە، قازانجەکانی رووسیە لەم وڵاتانەدا تا ئەو کاتەیە کە ئەو رێژیمانە لەسەر کارن کە پێگەیان لە نێو خەڵکی خۆیان دا نیە.

پشتیوانیی رووسیە لە کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی حەساسییەتێکی زیاتریشی لە چاو وڵاتانی دیکە هەیە، لەبەر دوو هۆی سەرەکی: یەکەم، ئێران دراوسێی رووسیەیە، دووەم، کێشەی سنووری و خاوەندارەتیی دەریای خەزەر کە پڕاوپڕە لە کانگای ژێر زەوی و وزەی شاراوە کە هێشتا یەکلا نەبۆتەوە. سەبارەت بە پشتیوانیی رووسیە لە کۆماری ئیسلامی وێنەی رووسیە لەلای خەڵکی ئێران خەوشدار بووە و ئەمەش داهاتوویەکی تاریک و ناڕوونی خستۆتە سەر رێگەی پێوەندییەکانی ئێران و رووسیە لە دوارۆژدا. ئەگەر رووسیە بیهەوێ ببێتە ئەکتەرێکی چالاک لە کێشە نێونەتەوەییەکان دا رەنگە پێویست بێ رۆژێک ـ وەک ئەوەی مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بارەی ئێران دا کردی ـ داوای لێبووردن لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بکا .

# سپاس و پێزانین بۆ پشتیوانانی بانگەواز
# بە بۆنەی رۆژی جیهانیی زمانی زگماکییەوە

بانگەوازیک کە رۆژی ١٤ی فیورییەی ئەمسال بە مەبەستی ریز گرتن لە رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی بلاو بۆوە، لە گەل پێشوازی و پشتیوانیی بەرینی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، ئەنجومەن و ناوەندە کولتوورییەکان، راگەیەنە جۆراوجۆرەکان و سەدان کەسایەتی و چالاکی سیاسی، فەرهەنگی و خەباتگێر و ئازادیخواز لە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بەرەوروو بوو. لە ماوەی کەمتر لە دوو حەوتوو دا نزیک بە ٧٠ حیزب و ریکخراوی سیاسی، ئەنجومەنی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و رادیۆ، تەلەڤیزیۆن، سایت و هەر وەها زیاتر لە ٣٧٠ کەسایەتی و چالاکی جۆراوجۆر لە نەتەوەکانی ، ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و فارس پشتیوانییان لەم بانگەوازە کرد.

ئەم پێشوازی و پشتیوانییە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەمساڵ، رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی و زمانی لە لایەن رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ماڵپەرە ئەنترنیتییەکان و کۆڕ و کۆمەلە سیاسی و فەرهەنگییەکانی سەر بە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران، زیاتر لە جاران بکەویتە بەر سەرنج. لە راستیدا ئەم هەلمەتە بە پشتیوانی و هاوکاریی بە نرخ و بێدریغی یەک یەکی ئیوە، لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوو دا توانی سەرنجی بەشیکی بەرچاو لە هاونیشتمانانی ئێرانیی بەردەنگی خۆی لە نیوخۆ و دەرەوەی ئێران بۆ لای ئەو ئەرکانە رابکێشێ کە لە پێوەندی لە گەڵ داخوازەکان و مافەکانی نەتەوە نافارسەکان و زمانەکانی ئەواندا لە سەر شانیانە. لە نیوخۆی ئێرانیش دا سەرەڕای هەلومەرجێکی سەرکوتکەرانە کە لە بەرەبەری شانۆسازیی هەڵبژاردندا زاڵ کراوە، ئەمساڵیش لە نیشتمان و ناوچەی نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا، چالاکیی جۆراوجۆر بە بۆنەی رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و وەک نارەزایەتی دەربڕین لە ستەم و هەڵاواردنە نەتەوەیی و زمانییەکان بەڕێوە چوون کە لە گەڵ کۆسپ و لەمپەر و هەڕەشە و سانسۆری خەبەریی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەرەوروو بوون.

پێشوازی و پشتیوانیی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، دامەزراوە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، کەسایەتییە خەباتگێڕەکان و چالاکانی سەر بە نەتەوەکانی ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و فارس لە نیوخۆ و دەرەوەی ئێران لەم بانگەوازە، هەڵگری چەند پەیامی گرنگن. ئەم هاوپێوەندی و هاودەنگییە دەری دەخەن کە هێنانە گۆڕی داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکان، نەک چی دیکە «تابوو» نین، بەڵکوو ژمارەی لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتی و بژاردەکانی کۆمەل کە خوازیاری نەهێشتنی هەڵاواردن دژی نەتەوەکان و زمانەکانی نێو ئێرانن، رۆژبەرۆژ زیاتر دەبێ. هاودەنگی و هاوهەنگاویی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، راگەیەنەکان، کەسایەتییەکان و چالاکانی بواری جۆراوجۆر لە پشتیوانی لەم بانگەوازەدا، دەری خست کە رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و پرسی ستەمە نەتەوەیی و زمانییەکان دەتوانن بەستێنێکی باش بن بۆ وەرێخستنی خەبات و چالاکیی هاوبەش بە بەشداریی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییەکان لە پانتایی ئێراندا. هەر بۆیە دەتوانین بە ئەزموونێکی سەرکەوتووی دابنێین و بە دەرس وەرگرتن لە زەمینە و خاڵە بە هێزەکانی، لە داهاتووش دا بۆ بۆنەکانی دیکە کەلکی لێوەربگرین.

ئێمە ئەو پەڕی پێزانین و سوپاسی خۆمان بەرامبەر پشتیوانی و هاوکاریی هەموو لا لەو بانگەوازە رادەگەیەنین . بەشداریی هاونیشتمانان بە میللییەت و زمان و بیرورای سیاسیی جۆراوجۆر لەم هەڵمەتە دا کە نیشانەی تێگەیشتنی دروست و بەرپرسانەیان لە داخوازە رەوا و ئینسانییەکانە، جێگای ریز و پێزانینمانە. هەر لەو کاتە دا داوا لە هەموو داکۆکیکەرانی مافە نەتەوەییەکان و لایەنگرانی بە رەسمی ناسرانی زمانە زگماکییەکان لە جوغرافیای ئێران دا دەکەین کە پێشنیاری خۆیان لە بارەی جۆری بەردەوامراگرتنی ئەو حەرەکەتە و چۆنیەتیی پاراستن و درێژەدانی دەسکەوتەکانی بۆ ئێمە بنێرن.




**دەستەی بەڕێوەبردنی**
**بانگەواز بە مەبەستی رێزگرتن**
**لە رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی**
mothertongue21@gmail.com
**٢٥ی فێوریە ٢٠١٢**
**٦ی رەشەمەی١٣٩٠**

# بنەمای ڕێککەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی
# وتوویژ لەگەڵ عەبدولستار دوشۆکی و ئەحمەد ڕەئفەت

دیمانە : ئەلف. عبدالله

**ڕۆژانی ٤ و ٥ ی فێوریەی ٢٠١٢، بنیاتی ئۆلاف پاڵمە لە ستۆکهۆڵم میوانداری کۆبوونەوەیەک بۆ باس و گفتگۆ لەسەر داهاتووی دێموکڕاسی لە ئێران بە بەشداریی دەستەبژێرێک لە ڕووناکبیران و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بوو. بە مێدیایی کرانی پێشوەختی ئەم کۆبوونەوەیە پێش هەموو شتێک بەهۆی ئەو ڕەخنانەوە بوو کە هێندێک کەس و لایەن لەپێوەندی لەگەڵ ئامانجەکان و شێوەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەم کۆبوونەوەیەدا خستیانە ڕوو. ئەو ڕەخنانە بۆ جارێکی دیکە ئەو پرسیارەیان هێنایەوە گۆڕێ کە ئایا ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەبێ لەسەر بنەمای چ مێتۆد و نێوەرۆکێک بێ. بە بیانووی ئەم کۆبوونەوەیە و بەمەبەستی تاوتوێ کردنی ئەم پرسانە، «کوردستان» وتوویژی لەگەڵ دوو کەسایەتیی ئێرانیی پێکهێناوە کە یەکێکیان لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بووە و بە چاوێکی موسبەتەوە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دەڕوانێ؛ ئەوی تریشیان لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار نەبووە و ڕەخنە و تێبینیی لەسەر کۆڕ و کۆبوونەوەی لەم چەشنە هەیە.**


عەبدولسەتار دۆشۆکی


ئەحمەد ڕەئفەت

## لەمەڕ کۆبوونەوەکەی ستۆکهۆڵم

د. عەبدولستار دوشۆکی کە کەسایەتییەکی سیاسیی ناسراوی گەلی بەلووچ لە دەرەوەی وڵاتە، ڕێزی زۆری بۆ زۆربەی ئەو کەسانە هەیە کە لە کۆبوونەوەکەی ستۆکهۆڵمدا بەشدار بوون، بەشداری لەو کۆبوونەوانەدا کە بەمەبەستی لێک نزیک کردنەوەی بژاردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەبەسترێن بە ئەرکێک دەزانێ و داوا دەکا کە ڕەخنەکانی لە سۆنگەیەکی دۆستانە و دڵسۆزانەوە وەربگیرێن، بەڵام لەوە کە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەو کۆبوونەوەیە شەفاف نەبووە و هەموو لایەکیشی تێدا بەشدار نەکراوە ڕەخنە دەگرێ. ئەو لەو بارەوە دەڵێ : «ناتوانین بڵێین کە ئەو کۆنفڕانسە لەپێناوی گفتگۆی گشتی و گوتاری هاوبەشی ئێرانییەکاندا بووە، چونکە گوتار و گفتگۆی هاوبەش پێویستە هەموو لایەک بگرێتە خۆی و شەفاف و کراوەش بێ. ئێمە ئەگەر بەڕاستی خوازیاری دێموکڕاسی بە مانای فرەگەرایی و شەفافییەتین، پێویستە هەر لە ئێستاوە کردەوە و هەڵوێستی دێموکراتیک و فرەییخوازی خۆمان بە ڕوونی نیشان بدەین». بەڕێز دوشۆکی هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە ڕوون نەبوونی ئامانج و مەبەستی کۆنفڕانسەکە و ئەوە کە چ لایەن یان ناوەندێک ڕێکخەر و ئەرکهەڵگری ڕاستەقینەی ئەو کۆبوونەوەیە بووە، سێبەری گومانی بەسەر ئەو دانیشتنەدا کێشا، بە چەشنێک کە بۆ یەکەم جار دیتمان کە لە بەرامبەر کۆبوونەوەیەکی لەم چەشنەدا خۆپێشاندانی ئیعترازی بەڕێوە چوو.

ئەحمەد ڕەئفەت چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەوانی ناسراوی ئێرانیی دانیشتووی ئیتالیا لەو باوەڕەدایە کە ڕێکخەرانی ئەو کۆبوونەوەیە بە هیچ جۆر مەبەستیان شت شاردنەوە لە خەڵک نەبووە و لە بنەڕەت ڕا لەو کۆبوونەوەیدا شتێکی زۆر جیاواز لە کۆڕ و کۆبوونەوە هاوشێوەکانی پێشووتری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی باس نەکراوە. ناوبراو وێڕای ئاماژە بەوە کە کۆمەڵێک مێدیا لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون، هۆکاری ئەو دڕدۆنگییە کە لەلای هێندێک کەس سەبارەت بە شەفافییەتی کۆبوونەوەکە دروست بوو، بۆ چەند شت دەگەڕێنێتەوە: یەکەم، هێندێک هەڵە و لێکنەگەیشتن لەلایەن بنیاتی ئۆلاف پاڵمەوە لەپێوەندی لەگەڵ شێوەی زانیاری گەیاندن و بانگهێشتنی مێدیاکان ڕووی دابوو؛ دووهەم، مێتۆدی ئەو دانیشتنە لەبواری بەشداریی مێدیا و چاوەدێراندا بریتی بوو لەوەی ناوەندی «چەتام هاوس»ی لەندەن کە لە کۆڕ و کۆنفڕانسەکانی لەم چەشنەدا یەکجار باوە و بریتییە لەوە کە مێدیاکان بانگهێشت دەکرێن بەڵام دەروەست دەکرێن بەوە کە لە کاتی ڕووماڵ کردنی کۆبوونەوەکەدا نەقلی قەولی ورد و ڕاستەوخۆ لە نێوەرۆکی قسە و باسەکان نەکەن؛ سێهەم و لە هەمووی گرینگتر، بەڕێز ڕەئفەت هۆکاری ئەو دڕدۆنگییە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە « تایبەتمەندییەکی زاڵ بەسەر فەرهەنگی سیاسیی ئێمەی ئێرانی کە دەتوانین ناوی بنێین سیندرۆمی دایی جان ناپلیۆن بریتییە لە متمانە نەکردنی خەڵک بە سیاسەتمەداران و نەبوونی متمانە لەنێو سیاسییەکان خۆشیاندا. هەر کات دوو کەس پێکەوە قسە بکەن، یەکسەر پێمان وایە ئەوە خەریکی پیلانگێڕی بەدژی کەسی سێهەمن. ئێمە بە سروشت کەسانی بە گلەیی و گازندەین و پێمان وایە هەر گفتگۆیەک کە بۆخۆمان تێیدا بەشدار نەبین، ئەوە مسۆگەر بۆ ئەوەیە کە لە پشت سەری ئێمەوە پیلانێک ڕێک بخەن».

لەبارەی پێکهاتەی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیەوە، عەبدولستار دوشۆکی ڕەخنە لەوە دەگرێ کە مەرج و پێوانەی بەشداری زۆر ڕوون نەبووە، زۆر ڕێکخراو و کەسایەتیی سیاسیی گرینگ دەعوەت نەکراون و کۆبوونەوەکە زۆرتر وەک کۆڕێکی خۆمانە چووە کە زۆربەی ئەو کەسانەی بەشدار کراون کەسانێک بوون کە سەرەڕای ئەوە کە دەکرێ بیروباوەڕی سیاسیی جیاوازیان هەبێ و سەر بە لایەن و تەیفی فیکریی جۆراوجۆر بن، بەڵام دۆست و ناسیاوی یەکترن و کەسایەتییان لەگەڵ یەکتر دەگونجێ. لە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەدا، ئەحمەد ڕەئفەت ئاماژە بەوە دەکا کە زۆربەی بەشداران هەمان ئەو کەسانە بوون کە لە کۆبوونەوەکانی پێشووتردا بەشدار بوون و ئەگەر ئەوەی لێ دەربکەین کە هێندێک کەسایەتی و لایەن بۆخۆیان نەیانویستوە بەشداری کۆبوونەوەکە بن، پێکهاتەی بەشداران لەڕووی بیروباوەڕەوە زۆر ڕەنگاوڕەنگ بووە. ناوبراو وردەکاریی زۆرتر لەو پێوەندییەدا دەداتە دەست و هۆکاری سنوورداربوونی بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بنیاتی ئۆلاف پاڵمە وەک میواندار و بەڕێوەبەری ئەو دانیشتنە هەر لەو کاتەدا کە بە هۆکاری ئەمنی و تەداروکاتی زەرفییەتێکی مەحدوودی لەمەڕ ژمارەی بەشدارانەوە لە نەزەر گرتبوو، کۆمەڵێک پێوانەشی لە پێوەندی لەگەڵ جۆراوجۆریی چین و توێژە نوێنەرایەتی کراوەکان و فرە چەشنیی سیاسیی ئەو لایەنانەی لەوێدا بەشدار دەبن و هەروەها ڕێژەی بەشداریی ژنان و لاوان و کەمایەتییەکان و ... لەسەر ئەو کەسانەی پرۆژەی دانیشتنەکەیان بەو ناوەندە پێشنیار کردبوو فەرز کردبوو. هەربۆیەش بوو کە لیژنەیەکی سێ کەسیی پێکهاتوو لە سکرتێری گشتیی بنیاتی ئۆلاف پاڵمە و کەسایەتییەکی ئێرانی و ڕۆژنامەوانێکی ئەمریکایی بەپێی کۆمەڵێک پێوانەی تایبەت بە بنیاتەکە ناچار بوون داوای بەشداریی هێندێک کەس و لایەنی تر ڕەت بکەنەوە. ئەوەش کە زۆر لەوانەی لەوێ بەشدار بوون بە جۆرێک دۆست و ناسیاوی یەکتر بوون بەلای ڕەئفەتەوە شتێکی ئاساییە و دەگەڕێتەوە سەر هەمان کێشەی متمانە کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆبوونەوەیەک کە دادەنرێ سەرەتا زۆرتر لەنێوان ئەو کەسانەدا بەڕێوە دەچێ کە زەمینەی لێکگەیشتن و هاوکارییان لەنێواندا هەیە.

لەپێوەندی لەگەڵ ئامانجەکانی کۆبوونەوەی ستۆکهۆڵمدا، دوشۆکی وەک زۆر لە ڕەخنەگرانی ئەو کۆبوونەوەیە تانە لە ڕوون نەبوونی مەبەستی ئەو کۆبوونەوەیە دەدا و باسی ئەوە دەکا کە لەلایەک باسی ئەوە بووە کە ئەو کۆبوونەوەیە تەنیا وۆرکشاپێکی ڕێکخراوی «ئیدەئا» لەپێناوی پەرەپێدان بە کەلتووری دێموکڕاسی و هەڵبژاردنی ئازاد و لەڕاستیدا سیمینارێک بۆ تەمرینی دیالۆگ و ڕێگا خۆشکردن بۆ دارشتنی گوتارێکی هاوبەشی ئازادیخوازانە دەبێ، کەچی لەو لاوە بەهۆی سەردێڕی کۆبوونەوەکە واتە «یەکێتی لەپێناو دێموکڕاسی لە ئێراندا»، لەلایەن هێندێک لە ڕێکخەرانی کۆبوونەوەکەوە وا نیشان دراوە کە لە ستۆکهۆڵم بۆ ساغکردنەوەی ئەلتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدەن. «ئەلترناتیوسازیی ناشەفاف و لە دەرەوەڕا» ڕێک ئەو شتەیە کە دوشۆکی موخالفییەتی. هەرچی ئەحمەد ڕەئفەتە، ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئۆپۆزیسیۆنێک کە نیاز و توانای ئالترناتیوسازیی نەبێ بە کەڵک نایە و کێشەی هەرە گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییش ڕاست ئەوەیە کە تا ئێستا نەیتوانیوە ئەلتێرناتیڤ بێ. ناوبراو وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەوە کە کۆبوونەوەی ستۆکهۆڵم هیچ چەشنە بوعدێکی دەوڵەتیی بووبێ، لەسەر ئەوە پێ دادەگرێ کە لە ستۆکهۆڵم قەرار نەبووە ئەلترناتیوێک ساغ بکەنەوە. لەو شوێنەشدا کە عەبدولستار دوشۆکی لەمەڕ خەون و مەرامی چەلەبی سازی و کەرزای گەرایی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا هۆشداری دەدا، ئەحمەد ڕەئفەت زۆر لەگەڵ ئەوەدا نیە کە سروشتی ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵگای ئێرانی چەشنێک بێت کە مەترسیی ئەو جۆرە پرۆسانەی لەسەر بێ. ناوبراو وڵامدانەوە بە پرسیار لەو پێوەندییەدا دەکاتە دەرفەتێک هەتا ئاماژە بەوە بکا کە ڕێککەوتنی واقیعی و کارای ئۆپۆزیسیۆن پێویستە پێش هەموو شتێک لەنێوان حیزب و ڕێکخراوەکاندا بێ :» لە پەنای یەک دانیشتنی کەسایەتییە ناسراوەکان و حیزبەکان بێ کێشە نیە، چونکە ناکرێ کەسێک هەر ئەندازە بەڕێز و بەنفووزیش بێ لەگەڵ سکرتێری حیزبێکی خەڵکی و ناسراو بە یەک ئەندازە هەقی بەشداری لە بڕیاردان لە ئیئتلافەکەیاندا هەبێ. لە وڵاتانی دێموکراتیکدا حیزبەکان هەروەک سەندیکا و مێدیاکان کۆڵەکەکانی دێموکڕاسی پێک دێنن. ئێمە ئەگەر لە ئێران ئەو کۆڵەکانەمان نەبن، دێموکڕاسییەکەمان دێموکڕاسییەکی تاک تەوەر (فرد محور) دەبێ و ئەوەش دەتوانێ مەترسیدار بێ».

## ئەولاتر لە کۆبوونەوەکەی ستۆکهۆڵم

دیاردەیەکی نوێ کە لە هاموشۆ و دانیشتنەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی نێوان بژاردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە سنووربەندییە ئیدئۆلۆژی و سیاسییەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو کەمڕەنگ بوونەوە و زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکان کەم و زۆر لە دەوری یەک دادەنیشن و پێکەوە دیالۆگ دەکەن. ئەحمەد ڕەئفەت ئەوە بە شتێکی پۆزەتیڤ دەزانێ کە لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بووە کە کەسانێکی لێ بوون کە وەک وی بیر ناکەنەوە (بۆ نموونە مەزهەبییەکان، مارکسیستەکان، ئیسلاحتەڵەبەکان، ... هتد). ئەم دیاردە نوێیە مایەی ڕەزامەندیی عەبدولستار دوشۆکییشە : «ئەمنیش لەوە خۆشحاڵم کە دەبینم کەسانێک کە هەتا دوێنێ یەکتریان دەکوشت، ئەمڕۆ لە پەنای یەکتر دادەنیشن». ناوبراو وەک نموونە ئاماژە بەوە دەکا کە ٣٢ ساڵ لەمەوبەر کوردەکان لەگەڵ سوپای پاسداران شەڕیان دەکرد و ئەوانیش واتە بەلووچەکان لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨ دا بەهۆی خۆپێشاندانێکی ئیعترازی لە چابەهار بەدژی کوشتاری خەڵکی کوردستان گیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە، کەچی ئەمڕۆ دەبینین کەسێک کە کاتی خۆی یەکێک لە دامەزرێنەرانی سووپای پاسداران بووە لە پەنای کوردەکان دادەنیشێ و پێکەوە دیالۆگ دەکەن. بەڵام دوشۆکی پێی وایە کە ئەم دیاردەیە تازەگییەکی زۆر سەیر و سەمەرەی تێدا نیە و نابێ بە تەنیا خودیی خۆی ڕازیمان بکا.

سەبارەت بەوە کە دانیشتن و ڕێککەوتن دەبێ لەنێوان کامە هێز و کەسایەتییانەدا بێ، بەڕێز ڕەئفەت و بەڕێز دوشۆکی هەردووکیان کۆکن لەسەر ئەوە کە پێویستە ئەو مەسەلەیە لەسەر بنەمای نێوەرۆکی ئەو پرەنسیپ و بەهایانەی ئەو هێز و لایەنانە ئامادەن کاری بۆ بکەن یەکلا بکرێتەوە، نەک لەسەر بنەمای پێشداوەرییەکی مێژوویی و ئیدئۆلۆژی کە دەکرێ لە هێز و لایەنەکانمان هەبێ. دوشۆکی وێڕای ئەوە کە پێی وایە نابێ «حەزفی» بجوڵێینەوە، دەڵێ :» ئەوە کە کۆبوونەوە یا هاوپەیمانییەک دەبێ چ کەسانێک بگرێتەوە، بەستراوەتەوە بەوە کە ئامانجمان لەو کارە چیە. ئەگەر ئامانجمان تەنیا دیالۆگی سەراسەری و چوارچێوەیەکە بۆ ئەوەی هەموو لایەک قسەی خۆیانی تێدا بکەن، ئەوا دەبێ هەر هەموویان بتوانن تێیدا بەشدار بن، تەنانەت ئەو کەسانەی هێشتا پێیان وایە کۆماری ئیسلامی ئیسلاحپەزیرە. دیارە لەو حاڵەتەدا چاوەڕوانیی ئەوە کە ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی و یەکگرتنێکی بەکردەوە بەدی بێ زۆر واقیعبینانە نیە. ئەگەریش ئامانجمان تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و مشوور خواردن لە کۆتایی هێنان بە سەرەڕۆیی‌یە، ئەوا لایەنگرانی ڕێژیم یا کەسانێک کە نیشانیان داوە کە بیر و کردەوەیان دێموکراتیک نیە، ناتوانن بەشدار بن. لێرەدایە کە پێویستە چوارچێوەی ئەسڵ و بنەماکان لەپێشدا دیاری بکەین».

بۆ ئەوەی بزانین بەڕاست هەموو لایەک دەتوانن لەگەڵ هەموو لایەک بسازێن، پێویستە ئەو مەسەلەیە لەپێوەندی لەگەڵ هێندێک لایەنی دیاریکراودا خورد بکەینەوە. بۆ نموونە لەسەر ئەوە کە ئایا کەسانێک کە لایەنگری سیستمی کۆمارییین دەتوانن لەگەڵ کەسانێک کە لایەنگری سیستمی پاشایەتیین لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا یەک بگرن، دوشۆکی وێڕای ئاماژە بەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر سیستمی دیکتاتۆڕیمان لە قالبی فەرمیی کۆماریدا هەیە و لە ئورووپاش زۆر سیستمی دێموکراتیکمان لە چوارچێوەی نیزامی پاشایەتیدا هەیە، دەڵێ : «دژایەتی من لەگەڵ سەرەڕۆیی‌یە، جا پاشایەتی بێ یا کۆماری. ئێمە وەک کەسانێکی لایەنگری سیستمی کۆماری مافی خۆمانە بە لایەنگری لەو سیستمە تەبلیغ بکەین. بەڵام ئەو مەشرووتەخوازانەی کە بڕوایان بە هەمان ئەو پرەنسیپە دێموکراتیکانە

ل ٧

**ئێمە زۆر جار لەسەر وشەکان کێشە دەکەین، لەحاڵێکدا ئەگەر بە وردی ڕوونی بکەینەوە کە چیمان دەوێ دەبینین کە ناکۆکییەکانمان هێندەش قووڵ نین**

**ڕێککەوتن و یەکگرتن دەبێ چەندی بکرێ هەمەلاگیر بێ، بەڵام ئەو هەمەلاگیرییە نابێ لەسەر حیسابی کەیفییەت و نێوەرۆکی ئەو بەهایانە بێ کە دەبنە بنەمای ڕێککەوتن و یەکگرتن.**

# جینایەتی جەنگی لە سووریە

تەها ڕەحیمی

هەڵچوونی گشتیی گەلانی عەرەب زیاتر بەرهەمی ناکارامەیی سیاسی،کۆمەڵایەتی، ئابووری و هتد ئەو حکوومەتە سیکۆلار و دیکتاتۆر و گەندەڵانە بوو کە هەر کام ماوەی چەند دەیە وڵاتەکانیان بۆ خەڵکەکەیان کردبووە زیندانێکی بەربەرین و پشتیوانیی دەرەکی و هێندێک لە زلهێزەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو. دیارە هەر بەرەو هێزێک زیاتر بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان وەک داردەست و ئەهروم کەڵکیان لە چینی دەسەڵات بەدەستی ئەو وڵاتانە وەردەگرت. ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرانە بە کڕین و دابین کردنی تاقمە خەڵکێک لە نێوخۆی وڵاتەکەیاندا توانییان لەسەر حیسابی ئەو خەڵکەی دەیانچەوساندنەوە پێگەو سەنگێک لە کۆڕو کۆمەڵە نیونەتەوەیی و ناوچەییەکان بۆ خۆیان دابین بکەن.

ساڵێک زیاتر لەم قۆناخە ناسک و هەژێنەرو پێچەڵاوپێچ و سەرەنجام ناڕوونەدا تێدەپەڕێ و وڵاتانی جیهان لە دوو بەرەدا لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا کەوتوونەتە تای تەرازووی دیکتاتۆران و دژبەران. سووریا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە خەڵکە کۆستکەوتووەکەی زیاتر لە ١١ مانگە لە لایەن دەسەڵات و تاقمی بەشار ئەسەدەوە بە ئاگر و ئاسن سەرکوت دەکرێن. هەوڵە جیهانییەکان لەپێناو ڕاگرتنی توندوتیژی و پێکدادان ئێستاشی لەگەڵ بێ سەرەڕای ئاماری باڵای خەسارە گیانییەکان و پێشێلکردنی قانوونە نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ و داواو داخوازی بەرەکانی ئۆپۆزیسیۆن و چالاکانی مەدەنی و وڵاتانی ڕۆژئاواو یەکیەتی عەرەب بەئاکام نەگەیوەو بەشار ئەسەد لە هیچ تاوانێک ناسڵەمێتەوە. تا ئێستا دوو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لە سۆنگەی ڤیتۆی ڕووسیاو چین کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەگەڵ ئەمریکاو ڕۆژئاوا بە ناتەبا دەزانن ئاکامی لێ نەکەوتوەتەوە. تەنانەت کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو کۆبوونەوانەی لەپێناو چارەسەری قەیرانی سووریە و ڕاگرتنی توندوتیژییەکان و پێشگیری لە شەڕێکی نیوخۆیی ماڵوێرانکەر لە سووریا تا ئێستا گیراون ڕۆڵی ئەرێنییان نەگێڕاوە. هەرچی بەرەی ڕۆژئاواشە پاش ئەوەی لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا ناتوانێ کۆدەنگییەک بۆ بڕیار لەسەر دۆخی سووریا مسۆگەر بکا؛ کۆمەڵە سزایەکی توندتر بە سەر حکوومەتی ئەسەد و دەستوپێوەندەکانیدا دەسەپێنێ و بەدوای پێکهێنان و خستنەوە بەرباسی تەنگەژەکانی سووریاو بەکار هێنانی ئەهرومی دیکە بۆ کۆتایی هێنان بە دۆخەکەیە.

ڕۆژئاوا هەر لەم سۆنگەیەدا بۆ ئەوەی زیاتر لەوە بیروڕای خەڵکی ناوچە و تووڕەیی موسلمانان دژی خۆی هەڵنەخڕێنێ زیاتر لە ڕێگەی یەکیەتیی عەرب و تورکیەوە خەریکی پراکتیک کردنی پرۆژەکانی خۆی لەسەر سووریایە. ئەمریکاو بەرەی ڕۆژئاوا هەروەک ئۆپۆزیسیۆنی خوێناویی سووریە بڕیاری کۆتایی خۆی بۆ لابردنی بەشار ئەسەدی داوەو هیچ جۆرە سازشێک لەسەر مانەوەی ئەسەدو دەسەڵاتەکەی ناکاو لەم لایەشەوە بەشار بە پشتگەرمی و پشتیوانی یارمەتیی دارایی و سەربازی و فیکری و هەمەلایەنەی ڕووسیا و ئێران و چین بەبێ گوێدان بە یاساوڕێسا نێونەتەوەیی و ڕێککەوتن و جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ بەهەموو هێزو تواناوە سەرکوتی نەیاران دەکا. هێرشی ئاسمانی و زەوینیی بەربڵاوی بەشار ئەسەد بۆ ماوەی ٢٧ ڕۆژ بۆ سەر شاری حومس سێیەمین شاری گەورەی سووریاو بەردەوامیی کوشتنی خۆپێشاندەران لە سەر شەقامەکان نیشانەی کەللە ڕەقیی ئەم پیاوە باڵابەرزەن بۆ پاراستنی پێگە لەرزۆکەکەی. ئەرتەشی ئازادی سووریە دوای نزیک بە مانگێک خۆڕاگری لەگەڕەکی بابا عەمرو ئاماژە بە تاکتیکی بوونی چۆڵ کردنی شار دەکا لەپێناو پاراستنی گیانی خەڵکی مەدەنی و لە لایەکی دیکە ئەنجومەنی میللییش ئامادەیی خۆی بۆ پڕچەک کردنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی وڵات دەربڕی. زۆربەی وڵاتانی وەک ئەمریکا، بریتانیا، فەڕەنسا، میسرو ... باڵوێزخانەکانی خۆیان لە سووریە داخستوە و ڕووداوەکان ئاماژە بە گرژتر بوونەوەو شەڕێکی نێوخۆیی کارەساتبار لە سووریەدا دەکەن. کوژرانی ڕۆژانە نزیک بە ١٠٠ کەس لە منداڵ گەنج و پیر، ژن و پیاو زیاتر بیروڕای جیهان هەڵدەخڕێنێ و خەڵکی وەزاڵەهاتووی سوورییەش زیاتر بەرەو ڕادیکاڵتر دەباو هەستی تۆڵەساندنەوەو کوشتنیان لە لا ئاسان دەکا. بە پێی ئامارەکان قوربانییەکانی شۆڕشی گەلانی سووریە لە حەوت هەزارو پێنجسەت کەس تێپەڕیوە. ئەمە لە حاڵێکدایە بەشار ئەسەد وەک بڵێی تازە لە گوێی گادا وەخەبەر هاتبێ، دوای نزیک بە ساڵێک تازە خەریکی چاکسسازییە و کە لە نێو ئاگرو خوێندا ڕاپرسییەکی فورمالیتەی بۆ هەڵخەڵەتاندنی بیروڕای گشتی و کەم کردنەوەی گوشاری جیهانی بۆ سەر خۆی و پشتیوانەکانی و هەروەها کڕینی کاتی زیاتر بۆ سەرکوتی ناڕازییان بەڕێوە برد. ئەو ڕاپرسییەی ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆژئاوا گاڵتەیان پێ هات! لە حاڵێکدا کۆڕو کۆمەڵە ماڤپارێزو هێندێک لە وڵاتان باس لە جینایەتی دژی مرۆیی لە سووریادا دەکەن و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە سووریە مەحکووم دەکا، هەموو ئاماژەکان و ئەو فیلم و گرتە ئاماتۆرییانەی شەقامە ئاڵۆزەکانی سووریە نیشانسەری خوڵقانی جیناتێکی جەنگین بەڵام ناکۆکی وڵاتانی جیهان و وڵاتانی ناوچە کە دیارە هەمووی شەڕی بەرژەوەندی و هێژمۆنیخوازییە قەیرانی ئەم وڵاتە بەرەو قووڵبوونەوە دەبەن. ئەگەرچی ڕێژیمی سووریە لە ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە زۆرینەی دەنگ مەحکووم کراوە بەڵام بڕیارەکانی ئەم ناوەندانە گرەنتیی جێبەجێکردنیانی لە پشت نییەو تەنیا لایەنی نمایشی هەیە. هەروەها خاچی سووری نێودەوڵەتی دوای چەند جار داوا بۆ گەیاندنی پێداویستییە سەرەکییەکان و دەرمان بۆ ئەو خەڵکەی لە شارو ناوچەکانی شوێنی پێکدادانی ئەرتەش و دژبەران بە تایبەت شاری حومس و گەڕەکی بابا عەمەرو هتد کەوتوونەتە گەمارۆوە ڕێگەی پی نەدراوە. دەوڵەتی بەشار ئەسەد بە کەڵک وەرگرتن لە جیدی نەبوونی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناکۆکیی ئەم دوو بەرەیەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات و هەڵکەوتەی جوگرافیایی و گرنگیی ژیئۆپۆلتیک، پەلەیەکی ڕەشی لە کوشتنی خەڵکی بێ دیفاع بۆ مێژوو تۆمار کرد کە تا ئێستا وێنەی نەبووە. لە حاڵێکدا ڕۆژبە ڕۆژ باڵوێزخانەی وڵاتان لە سووریە دادەخرێن و داخوازی وڵاتانی یەکیەتیی عەرەب و کەنداو و تورکیە بۆ هەنگاوی جیددی و بەپەلە لە بەرز بوونەوە دایە دەسەڵات گرژتر بە گژ خەڵک دا دەچێتەوەو بە کوشتنی سەربازانی ناڕازی و خۆپێشاندەران زیاتر چنگەکانی دەخوێندا دەسوێ. وەک بڵێی بەشار ئەسەد حەزی لە خوێن بێ و ئەم ئاڵۆزییانە بە دەرفەت بۆ بینینی خوێن ببینێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا کەڵەوەکێشیی پووتین، هاوپەیمان و پشتیوانی ملهوڕی ئەسەد تا کەی درێژە دەکێشێ؟ ئایا ڕۆژئاواو جیهان هەروا دەستەوەستان لە بەرانبەر ملهوڕیی ڕووسیا و سووریە دادەمێنێ و شایەتی کوشتنی خەڵکی ئاشتیخوازی سووریە دەبن. یان ئەوەی کە هەوڵەکان لە ڕێگەی هێڵی سعوودیە_ قەتەر_ تورکیەوە بە پشتیوانیی بەرەی ڕۆژئاوا بۆ بڕیارێکی جیهانپەسندو قانوونی لەپێناوی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئەسەد درێژەی دەبێ کە ئەمەش هەروەک تا ئێستا بینەری بووین دژکردەوەی بەرەی پشتیوانانی بەشار ئەسەدی لێدەکەوێتەوە تا بە کۆسپ و تەگەرە خستنە بەر هەوڵە جیهانییەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشداری نەکردن و بایکۆتی ئەم کۆبوونەوانەی بۆ بڕیار لەسەر توندوتیژییەکان و چارەسەری قەیرانی سووریا دەگیرێن ببنە هۆی ئاڵۆزیی کێشەکان لەم وڵاتە و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرو خوێنڕێژی حکوومەتی ئەسەد.

بانی کی مۆن کە ماوەیەک بەر لە ئێستا کوفی عەنانی بە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی عەرەب دیاری کردبوو، لە نوێترین هەڵوێستی خۆی دژی کارەساتی دەسەڵاتی ئەسەد دژ بە خەڵکی بەشمەینەتی ئەو وڵاتە وێڕای تاوانبار کردنی دەسەڵات بە ئەنجامی جینایەتی دژی مرۆیی ئاماژە بە کەمکاری و کەمتەرخەمی کۆمەڵگەی جیهانی لەهەمبەر ڕووداوەکانی سووریە دەکا.



**درێژەی:**

# بنەمای ڕێککەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی

# وتووێژ لەگەڵ عەبدولستار دوشۆکی و ئەحمەد ڕەئفەت

هەیە کە کۆماریخوازەکان باوەڕیان پێیە، بێگومان دەبێ بتوانن لە بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ واندا پێکەوە کار بکەن. ئەگەر هات و ڕۆژێکیش خەڵکی ئێران دەنگی بە سیستمی پاشایەتی دا، پێویستە پاشا مەشرووت و لە ڕادەی مەقامێکی تەشریفاتیدا بێ».

هەر لەو پێوەندییەدا کە باس دێتە سەر موجاهیدینی خەلق، دوشۆکی لەوە بەداخە کە «موجاهیدین تا ئێستا شەفاف نەجوڵاونەوە، بەپێچەوانەی زۆربەی هێزەکان گۆڕانیان لە خۆیاندا پێک نەهێناوە و ئێستاش ئامادە نین لەگەڵ لایەنەکانی دیکە تەعامول و هاوکاری بکەن. ئەوە کە ڕێکخراوێک بەو چەشنە لە عالەمی خۆیدا بژی و حازر نەبێ لەگەڵ هێزە ئازاد و دێموکراتەکان بچێتە نێو پێوەندییەکی دوولایەنەی شوێندانان، بۆ دێموکڕاسی زۆر باش نیە». نمونەی پێچەوانە بۆ ئەمە لە ڕوانگەی دوشۆکییەوە ڕەزا پەهلەوییە کە بەپێچەوانەی «شاهوڵڵاهی»یەکانی لۆس ئانجلێس ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە لەگەڵ هەموو ئێرانییەکان دانیشتن و گفتگۆ بکا، ڕەنگە کۆماریخوازێک لە نیهایەتدا ئەسڵەن لەگەڵ ناوبراو کۆک نەبێ، بەڵام لانیکەم دەبینێ کە بۆ گەیشتن بە پرەنسیپی هاوبەش و کاری هاوبەش هەوڵ دەدا زەرفییەت لە خۆیدا پێک بێنێ. ئەحمەد ڕەئفەت-یش لەو پێوەندییەدا باسی ئەزموونی ئیتالیا دەکا کە چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر نیۆفاشیستەکان و کۆمۆنیستەکان کاتێک لەسەر شەقام تووشی یەک دەبوون یەکتریان دەکوشت، کەچی لە دەوری پێشووی پارلماندا حیزبی نیۆفاشیست لەژێر ناوی «بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی«دا لەگەڵ کۆمۆنیستەکان لەژێر میچێکی هاوبەشدا دانیشتبوون. بە باوەڕی وی دێموکڕاسی ئەوەیە کە هەموو لایەک تەحەمولی یەکتر بکەن و «مافی ژیان» بۆ یەکتر بە ڕەوا بزانن، هەربۆیە دەڵێ «ئەگەر موجاهیدین بڕیار بدەن لە چوارچێوەی مەنشوورێک لەپێناوی جێگیر کردن و ڕێزگرتن لە دێموکراسی لە ئێراندا کار بکەن، هاوپەیمانی و ڕێککەوتن دەتوانێ ئەوانیش بگرێتەوە».

دوشۆکی و ڕەئفەت وەک چۆن لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕێککەوتن و یەکگرتن دەبێ چەندی بکرێ هەمەلاگیر بێ، ئاواش لەسەر ئەوە هاوڕان کە بەڵام ئەو هەمەلاگیرییە نابێ لەسەر حیسابی کەیفییەت و نێوەرۆکی ئەو بەهایانە بێ کە دەبنە بنەمای ڕێککەوتن و یەکگرتن. دوشۆکی لەو بارەوە دەڵێ : « ئێمە بۆ کۆمەڵێک ئامانج خەبات دەکەین کە کۆماری ئیسلامی کۆسپی سەر ڕێگای وەدیهاتنیانە. وەنەبێ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی تەنیا ئامانجی ئێمە بێ». بە هەمان شێوە ڕەئفەت پێی وایە کە موخالفەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە خودیی خۆی ناتوانێ هۆکار و هەوێنێک بۆ ڕێککەوتن و هاوکاری بێ :» گەورەترین هەڵەی نەسلی ئێمە لە کاتی ئینقلابدا ئیئتلافێک بوو بەدژی حکومەتی پاشایەتی بەبێ ئەوەی لەبارەی ئەو شتەدا کە دەبێ جێی بگرێتەوە قسە بکەین. هەربۆیە ئەمن وەک خۆم قەت لە هیچ هاوکاری و هاوپەیمانییەکدا کە تەنیا بەدژی شتێک دروست کرابێ بەشدار نابم. دژایەتی بەشی بچووکی مەسەلەکەیە و بەشی گەورەی کارەکە بەدیل و جێگرەوەی ئەو شتەیە کە دژایەتیی لەگەڵدا دەکەین». ڕەئفەت لەو باوەڕەدایە کە پێش ئەوەی ڕێژیم بڕووخێ دەبێ ئەلترناتیوەکەی ڕوون بکەینەوە و دەڵێ ژنانی ئێران باش لەو مەسەلەیە تێدەگەن چونکە لە سەرەتای شۆڕشدا تەنانەت زۆر ڕێکخراوی چەپ و لائیک پێیان دەگوتن جاری حیجاب بخەنە سەرتان و لە خۆپێشاندانەکاندا بەشدار بن، دوایە نۆرەی خەبات بۆ مافی ئێوەش دێ. لەحاڵێکدا کە خومەینی هێشتا لە «نۆفل لوشاتۆ» بوو کە دەیگووت مافی ژنان دەخەینە نێو چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامەوە. ڕەئفەت بۆ ئەو قسەیەی کوردەکانیش بە شاهید دەگرێ و دەڵێ ئەزموونی کەمایەتییەکانیش نیشان دەدا کە نابێ ڕوونکردنەوەی مافەکانیان بۆ ئەو کاتە وەدوا بخەین کە حکومەتی نوێ پێک بێ و دێموکڕاسی سەقامگیر بێ.

بە مەبەستی ڕێککەوتن لەسەر چوارچێوەی ئوسووڵیی یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆن، عەبدولستار دوشۆکی لەو باوەڕەدایە کە وەک ئەسڵێکی گشتی لەو قۆناغەدا پێویستە هەموو لایەک بە لانیکەمە هاوبەشەکان قەناعەت بکەن، بەڵام دان بەوەش دادەنێ کە « لانیکەمەکانیش بەپێی ڕوانگەکان فەرق دەکەن و هەر کەس تێگەیشتنی خۆی لە لانیکەمەکان هەیە». لە ڕوانگەی دوشۆکییەوە لانیکەمەکان بریتین لە دامەزراندنی پێکهاتەیەکی سیاسیی تەواو ئازاد و دێموکراتیک و سێکولار بە حکومەتێکی پارلمانییەوە کە لەگەڵ مەنشووری جیهانیی مافی مرۆڤ گونجاو بێ و یەکسانیی سەرجەم پێکهاتەکانی وڵات و یەکسانیی ژن و پیاو دەستەبەر بکا. ئەحمەد ڕەئفەتیش بە هەمان شێوە ئارەزووی وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک دەکا کە لەودا هەموو هاووڵاتییان لە بەرامبەر یاسادا یەکسان بن و هیچ کەس لە هیچ ڕوانگەیەکەوە نەبێتە قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردن. هەروەها ڕەئفەتیش پێی وایە کە حکومەتی داهاتووی ئێران دەبێ حکومەتێکی پارلمانی و فرە حیزبی بێ و سەرۆکی وڵات (جا سەرکۆمار بێ یان پاشا) تەنیا دەبێ نەخشێکی نەمادی بگێڕێ و نابێ دەسەڵاتی بڕیاردەری و بەڕێوەبەریی بدرێتێ. لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا، هەردووک کەسایەتیی وتووێژ لەگەڵکراو لەو باوەڕەدان کە هەڵگرتنی ستەم و تەبعیز لەسەر میللیەت و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینیەکان و بەڕەسمی ناسینی زمان و کەلتووری وان، هەروەها لامەرکەزی کردنی حکومەت و بەخشینی مافی خۆبەڕێوەبردن بە پێکهاتەکانی وڵات پێویستە لە ڕیزی پرەنسیپە لانیکەمییەکانی ڕێککەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا بن. ڕەئفەت بەتایبەتی بۆیە ئەمە بە ڕەوا دەزانێ چونکە « لە ئێران هیچ قەومێک زۆرایەتیی ڕەهای نیە و ئێران وڵاتی کەمینەکانە». بەڵام لەبارەی ئەوەدا کە ناوی ئەو سیستمە فیدرالیزم بێ یان حکومەتی ناموتەمەرکز یان شتێکی دیکە، هیچ کام لەو دوو کەسایەتییە پێداگری لەسەر وشەی فیدرالیزم ناکەن. ئەحمەد ڕەئفەت لەو بارەوە دەڵێ :» ئێمە زۆر جار لەسەر وشەکان کێشە دەکەین و حەساسییەت لە خۆمان نیشان دەدەین، لەحاڵێکدا ئەگەر بە وردی ڕوونی بکەینەوە کە چیمان دەوێ دەبینین کە ناکۆکییەکانمان هێندەش قووڵ نین و دەتوانین پێکەوە بە ئەنجامێک بگەین». هەر لەو ڕوانگە پراگماتیستییەوە، عەبدولستار دوشۆکی دەڵێ :» هێندێک کەس دەڵێن پێویستە وشەی فیدرالیزم لەنێو لانیکەمەکاندا بێ. ئەمن بۆخۆم لەو باوەڕەدام کە وەک چۆن شەهید قاسملوو دەیگووت ئێوە ئەو مافەمان بدەنێ ئیدی هەر ناوێکی لێ دەنێن گرینگ نیە، ئاواش پێم وایە ئەگەر لەسەر چوارچێوەیەک ڕێک بکەوین کە مافەکانی ئێمەی تێدا ڕوون کرابێتەوە، پێداگری لەسەر وشەیەک ناکەم و لەو بوارەدا دەمارگرژ نیم». بە پشتیوانی لەو هەڵوێستەشی دوشۆکی ئاماژە بەو دەکا کە هەر ئێستا ئەو لە وڵاتێک دەژی (ئینگلستان) کە بە فەرمی فیدرالییش نیە و ئەو ماف و دەسەڵاتەی لەوێ بۆ هەرێمەکان بەڕەسمی ناسراوە، لە هی زۆربەی هەرێمە فیدراڵییەکانی دنیا دوورتر دەڕۆن.

## «نەرمین عوسمان»:

# بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان، ستراتیژی نییە

**دیمانە: مادح ئەحمەدی**

**ئاماژە: بەشداری کردنی ژنان لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان و رۆڵی ژنان لە بوارە جیاجیاکاندا بابەتێکی گرنگە. ئەم بابەتە تا ئێستا بە شێوەی جۆراوجۆر(چاک و خراپ) قسەی لەسەر کراوە. لە پێشوازی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان پێمان باش بوو تێشکێک بخەینە سەر ئەم بابەتەو ئاوڕی لێبدەینەوە. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەم وتووێژەمان لەگەڵ خاتوو « نەرمین عوسمان» سازداوە. نەرمین عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتیی «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان»ـە و بەرپرسی مەکتەبی رێکخراوە دێموکراتییەکانی «ی.ن.ک» و سکرتێری گشتیی ژنانی کارگەری وڵاتانی عەرەبییە. هەروەها وەک ژنێکی ئەکتیڤ ئەزموونی بەڕێوەبەری لە چەند پۆستێکدا هەبووەو ماوەیەکیش وەزیری تەندروستیی عێراق بووە.**



**مادح ئەحمەدی: سەرەتا سپاس بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەتان پێداین، وەک یەکەم پرسیار دەور و پێگەی ژنان لە رەوتی خەبات و حکوومەتی کوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ پێش راپەڕین و دوای راپەڕین چۆن دەبینن؟**

**نەرمین عوسمان:** ئێستا رەوتی خەبات و چالاکیی ژنان لە کوردستان بەرەو پێشەوە دەڕوا. دوای راپەڕین ژنان کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەی دەوری زیاتر بگێڕن. ژنان لە کوردستاندا هاوشان لەگەڵ پیاوان لە قۆناغی پێشمەرگایەتی و قۆناغی داکۆکی کردن لە مافە نەتەوایەتییەکان، بەشدارییەکی بەرچاویان هەبووە. بۆیە دەبێ ئێستاش رۆڵێکی گرنگ بگێڕێ. پاش راپەڕین، هەر لە سەرەتاوە بڕیار درا چەند ژنێک دەستنیشان بکرێن و بچنە ناو پارلمان. هەروەها بەشداری ژن لە وەزارەتەکانیش و بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ ئەوەی بچنە نێو ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە بەرچاو بوو. ئەمانە بوو بە رێچکەیەک و وردە وردە بزووتنەوەی ژنان بۆ ئەوەی بیری پیاوان، رێکخراوەکان و حیزبەکان بخەنەوە کە دەبێ ژن و کێشەی ژن و بوونی ژن فەرامۆش نەکرێ رۆڵی بەرچاویان بینی. لە سەرەتای دروست بوونی پارلمان کۆمەڵێک ژن چوونە ناو پارلمان و وەزیرێکیشمان هەبوو هەرچەند خۆی ئەم رێژانە رێژەیەکی کەم بوون، بەڵام بۆ یەکەم جار بوو کە لە کوردستان دا ژن بچێتە ناوەندی دەسەڵات و بڕیارەوە. ئەم بوونە لە حکوومەتدا بەرچاو و دیار بوو بەڵام تا ئەو کاتیش تا ماوەیەکی دوورو درێژیش لە ناو حیزبە سیاسییەکاندا ژن نەیتوانی وەکوو سەرکردە بگاتە ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردان. بۆیە پێویستی بەوە دەکرد ژن جارێکی تر بکەوێتە خۆی. چونکە تا دەگاتە ناوەندی بڕیار و دەسەڵات، دەبێ لە ناوەندی بڕیاری سیاسییەوە دەربچێ. ناکرێ تۆ خەڵکێک بێنی لە دەرەوەی ناوەندی بڕیاری سیاسی و فەرمانێکی پێ بدەی، ئینجا لە سەروی ئەوە دەبێ ئەو ناوەندە دەبێ ناوەندی دەسەڵاتی سیاسییش بێ. ئێمە وەکوو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە دوایین کۆنگرەی خۆمان، پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکگرتوو و چەند حیزبێکی تریش، ئەمەی خستە بەر بەرنامەی خۆی و رێژەی کۆتای دانا تاکوو ژن لە ناوەندی دەسەڵات دابێ.

بۆ یاسا و گۆڕینی یاسا لیستی ژنان لەنێو پارلمان دا رۆڵێکی گرنگی بینی بۆ ئەوەی یاسایەکی مەدەنی بە پێی پێکهاتەو تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ ژنان رەچاو بکرێ. لە لایەکی دیکەوە رێکخراوە مەدەنییەکان لە چاو جاران ئێستا زۆر چالاکترن و دەسەڵاتیش گوێیان بۆ رادەگرێ. لایەنێکی دیکە کە دەمێنێتەوە، تەندروستی و پەروەردەیە. لەم رووەوە ئەو ژنە چالاکانە بە بەردەوامی وەکوو چاوەدێر، لەسەر هەموو لایەنەکان چاوێکی باش بوون. دەتوانم بڵێم وردە وردە کار دەکرێ بۆ ئەم بابەتانەش، بەڵام هێستاش بە پێی ئەو ویستە نییە کە ئێمە بەرنامەمان بۆ داناوە. سەرەڕای ئەمانە تا ئێستاکەش بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان ستراتیژی نییە. ستراتیژی ژنی کورد وەکوو کاری ستراتیژی روون نییە، یانی شتەکان کە دەکرێ بە بێ بەرنامەیەکی ستراتیژییە، بە بەرنامەیەکی ویستیی بەڕێوە دەچن، ئەمەش جیاوازە لەگەڵ بەرنامەیەکی ستراتیژیی. بۆ وێنە لە شارێک دا ماستەر پلانێک دادەنێی بە پێی ماستەر پلانەکە دەڕۆی نەک بە پێی ئەوەی کە ئەم جادە پێویستی بە چاک کردنە، پێویستی بە خانووە، کە تۆ لەسەر ماستەر پلان بووی، ئاکامەکەی زۆر رێک و پێکتر دەبێ. راستە قانوون و رێنمایی باش دەرکراوە،بەڵام ستراتیژمان روون و دیار نەبووە. ئەمانە کەموکوڕین. بەو حاڵەش دەتوانم بڵێم پێگەی ژنی کورد لە ناوچەکە بەرەو باشی دەڕوا و دەستکەوتێکی باشیشی دەبێ لە چاو ساڵانی پێشوو.

**مادح ئەحمەدی: ئەگەر لەو روانگەیەوە سەیری کەین کە لە دوای راپەڕینەوە رۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان دا لە باشووری کوردستان گەشەی کردوە و هاتوونەتە پێشەوە و کۆمەڵێک گۆڕانکاری کراوە. ئێوە ئاماژەتان پێکرد و سەرەڕای ئەوەی کە گوتتان کەم و کوڕی هەیە و ئەو گەشە کردنەتان بە باش هەڵسەنگاند پرسیار ئەوەیە ئەو گەشە کردنەی کە لە کۆمەڵگەی کوردستان لە باشووری کوردستان دا دەیبینین لە حوزووری ژنان لە ناوەندە سیاسییەکان، بەرهەمی خەباتی خودی ژنانە کە توانیویەتی ژنان بگەیەنێتە ئەو ئاستەوە و ئەو دەرەتانانەی بۆ بکاتەوە، یان ئەقڵیەتی دەسەڵاتی زاڵ و ئەقڵیەتی پیاوسالاری و.. لە کوردستان دا گۆڕاوە؟**

**نەرمین عوسمان:** هەمە لایەنەیە. یەکەم ئەو پارتە سیاسیانەی لە کوردستان هەن، هەر کام هەڵگری بیرو باوەڕێکی تایبەتن. بۆ نموونە یەکیەتیی نیشتمانی باس لەوە دەکا کە حیزبێکی «سوسیال دێموکرات»ـە، دەبێ لە بەرنامەی دا باش جێگەی ژنی کورد ببێتەوە، باش لە کێشەکانی ژن تێگەیشتبێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا پاڵپشتێکە. لە لایەکی دیکەش هێندێک لە پیاوان بۆ خۆیان باوڕیان وایە کە گەشە کردنی کۆمەڵگا بە بێ ژن ناکرێ و بە یەک لایەنە ناکرێ. بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە رێکخراوەکانی ژنان چالاک بوون لەم پێوەندییەدا و سەلماندوویانە کە ئەو شوێنەی کە ژنی تێدایە زیاتر بەرەو پێش دەڕوا و کامڵترە. بۆیە دوو لایەنەیە، هەم گۆڕانکارییە لە بۆچوونی پیاو و هەمیش خەباتی ژنان گەشەی کردوە و هەمیش بیروباوەڕی ئەحزابە سیاسییەکان گۆڕاوە.

**مادح ئەحمەدی: ئەگەر چاو لە پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبە سیاسییەکانی باشوور و رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاواوە بکەین، هەموو باسی ژنان دەکەن و بەکاری دێنن و هەوڵ دەدەن تا رادەیەک ئەو دەرەتانە پێک بێنن ژنان لە ئاستی سەرکردایەتی دا و لە ناوەندی بڕیاریش دا بەشدار بن(ئەگەرچی تا ئێستا رێژەکە زۆر زۆر کەمە). ئایا ئەمە تەنیا بۆ پڕوپاگەندە بە رووی دنیای دەرەوەدا نییە بۆ ئەوەی وا نیشان بدەن کە لە کوردستان دا باوەڕیان بە مافی ژنان هەیەو...؟ چون ئەگەر باوەڕێکی قووڵ هەبوایە بۆ نموونە لە حیزبێک دا دەمان دیت کە رێژەی ژنان لە سەرکردایەتییەکەی دا لە پیاوان زیاتر بوایە.**

**نەرمین عوسمان:** وەک باسم کرد هەمە لایەنەیە. لەبەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە جیهاندا دروست بووەو ئەو بڕیارانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ مافی ژن دا لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوون و بایەخێک کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەسەلەی ژن دیدا، ئەمانە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی هەبووە لەسەر بیروبۆچوونی پارتە سیاسییەکان. لەو روانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر لەژێر فشاریش دا و بە رواڵەتیش بێ هەر پۆزەتیڤە. چونکە ئەگەر وانەبێ، ناتوانێ بڵێ ئێمە هەڵگری بیروباوەڕێکی سوسیال دێموکراتین، ناتوانێ لە رێڕەو ورێچکەی لە سیستمی سوسیال دێموکرات بچێتە دەرەوە. ئەگەر لە خودی ناخی خۆشیدا ئەو کەسە ئیمانی پێ نەبێ، ناتوانێ بچێتە دەرەوە. چونکە پیاوانی ئێمە زادەی ئەو کۆمەڵگایەن یانی زادەی کۆمەڵگایەکن کە کولتووری زراعی و کولتووری باوک سالاری زاڵە، وا نییە کە گۆڕابێتن یا سیستمێکی پەروەردەیی وای لێکردبێ کە ئیمانیان بە یەکسانی هەبێ. لەبەر ئەوە ئەو گۆڕانکارییە وا بە ئاسانی نابێ، سەرەتا بە شوعار دەبێ. دەبێ مەدەنییەتی ئەم سەردەمە ئیمان بە ژن بێنێ. ژن لەبەر ئەوەی کە سەیر دەکا لە دونیایەدا هەموو داوای مافی خۆیان دەکەن، ئێستا زیاتر لە جاران هاندراوە بو ئەوەی داوای مافەکانی خۆی بکا و دەزانێ لە هەموو دونیا پاڵپشتی هەیە. لەبەر ئەوە ژنیش کاریگەرییەکی دەرەوەیی بەسەرەوە هەیە، وا نییە کە بڵێی هەر پیاو بێ. جا بۆیە ئەوە خاڵێکی پۆزەتیڤە. من نامەوێ بە نێگەتیڤ باسی بکەم چونکە گۆڕانکاری وا دروست دەبێ. گۆڕانکاری سەرەتا رەنگە لە ژێر فشاردا بێ. دوای چەند ساڵ ئەوگۆڕانکارییە دەردەکەوێ. بۆ وێنە پیاوێک کە قەناعەتی بەوە کرد لەسەر مێزێک دانیشی و گوێی لە بیروبۆچوونی ژنەکەی بگرێ، وەکوو ئەوەی بیستوویەتی ژن کەسێکی نەفامە و کەسێکی بێ توانایە، کە سەیر دەکا ئیتر توانای هەیە، ئەویش ئەمجار روانگەی دەگۆڕدرێ. ئەمە وەکوو سەرەتا وایە، رەنگە رەواڵەتی بێ و شوعار بێ، ئەوە لایەنێکی پۆزەتیڤی هەیە.

**مادح ئەحمەدی: ئاماژەتان بەوە دا کە ژنی کورد لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکەی دا بۆخۆی ستراتیژێکی روونی نیە و دیار نیە کە چ دەکا. لەم روانگەوە دەکرێ بێژین ژنی کورد لە کوێی بزووتنەوەی ژنان دایە لە ناوچەکەدا؟ ئایا لەو ئاستەدا دەتوانێ قسەیەکی بۆ وتن هەبێ؟ ئایا بە نیسبەت وڵاتانی دەورووبەر دەتوانێ بۆخۆی کۆمەڵێک بەرهەمهێنانی لە رووی مەعرفییەوە و لە رووی رۆشنبیرییەوە هەبێ ؟**

**نەرمین عوسمان:** ئەمن «سکرتێری گشتیی ژنانی کارگەری عەرەبی»م. بەهۆی ئەو پۆستەمەوە پێوەندییەکی زۆرم هەیە لەگەڵ هەموو وڵاتە عەرەبییەکان، پێوەندییەکی زۆرم هەیە لەگەڵ زۆربەی رێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکانی وڵاتە عەرەبییەکان. دەتوانم بڵێم مەسەلەی ژن لە کوردستان دا زۆر زیاتر گەشەی کردوە، بەڵام کە دەڵێم ستراتیژی نیە، ستراتیژ چۆن دادەنرێ؟ دەبێ دەزگایەکت هەبێ. ئەو دەزگایە ستراتیژییەکەت بۆ دانێ، هەتا ئێستا لە کوردستاندا دەزگایەکی دارێژەر نیە بۆ ئەو ستراتیژە. دەبێ کۆمەڵێک شت پێناسە بکا لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ژناندا. ستراتیژ بە یەکلایەنە ناکرێ، رەنگە تۆ بە سێ ساڵ بتوانی ستراتیژییەک دانێی، هەموو لایەنەکان بەشدار بن لە دانانی ئەو ستراتیژییە. تا ئێستا دامەزراوەیەکی وا نەبووە کار لە سەر ئەمە بکا. وەزارەتی ژنان هەبوو، بەڵام نەیتوانیوە بۆ ژنان ستراتیژ دانێ. لیژنەی ژنان هەبوو راستە قانوونێکی باشی دەرکردوە و چەند قانوونێکی لە بەرژەوەندی ژناندا دەرکردوە بەڵام نەیتوانیوە...

**مادح ئەحمەدی: باشە بۆ نەیانتوانیوە؟**

**نەرمین عوسمان:** لەبەر ئەوەی کە تا ئێستا لە خودی ئەو دەزگایانە بەرنامە دارێژی نەبوو.

**مادح ئەحمەدی: ئێستا دەبینین لە هەرێمی کوردستان هەم حیزبەکان و هەم حکوومەتی هەرێم بۆ ئەو بابەتانە بودجەیەکی تایبەتی تەرخان کردوە. ئیمکانات و ئاسانکاری تایبەتیان بۆ ئەو شتانە کراوە. ئایا دەکرێ لەم حاڵەتەدا ئێمە بڵێین هۆکاری ئەوە چییە ژنان بۆخۆیان ئەم هەوڵەیان نەداوە تا جێبەجێ بکرێ؟**

**نەرمین عوسمان:** من هۆکارەکەی دەگەڕێنمەوە تاکوو ئێستاکە لەناو عەقڵییەتی کوردیدا بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی پێیدا تێپەڕ بووین و ئەو ناسەقامگیرییەی کە تووشی هاتووین، لە زۆر بواردا ئێمە روون نەبووین و ستراتیژمان نەبووە. ئێمە تازە خەریکین ماستەرپلانی شارەکان دروست دەکەین. ئینجا لەبەر ئەوە مەسەلەکانیش هەمووی ئەو جۆرە بۆچوونەیە، دوای ئەوە ئەو هەموو فرە لایەنەیە کە هەمووی خۆی بە خاوەنی میللەتی کورد دەزانێ و هەمووی خۆی بە خاوەنی کێشەی ژن دەزانێ، هەمووی خۆی بە خاوەنی کێشەکانی تر دەزانێ. لەبەر ئەوە کە تا ئێستاکە ئەو هەموو لایەنە نەیتوانیوە بچێتە قاڵبێکەوە و خۆی کۆکاتەوە و بتوانێ ستراتیژێکی نەتەوەیی دارێژێ بۆ ئەو مەوزووعە. ستراتیژێکی نەتەوەیی زۆر موهیمە بۆ مەوزووعی ژن.

**مادح ئەحمەدی: کەواتە بە پێی ئەم لێکدانەوەی ئێوە، دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ناوچەکەدا لە چاو وڵاتانی عەرەبی و لە چاو وڵاتانی دیکە لە پەراوێزەوەیە ؟**

**نەرمین عوسمان:** نا بەپێچەوانەوە زۆر باشە. یانی زۆر پێشکەوتوە لەچاو لایەنەکانی تر. ئەوانیش ستراتیژیان نیە. لە زۆر کەسم پرسیوە ستراتیژی ئێوە چۆنە؟ شتێکی وایان نەبووە. مەسەلەن لە ئۆردون تازە خەریکی دارشتنی ستراتیژییەکن، ئەوە چەند ساڵە وڵاتن و دەوڵەتیشن. جا لەبەر ئەوە لەلای ئێمە قەزیەی ژن نەبوەتە قەزیە، نەبوەتە بەرنامەیەک کە شتەکانی لەسەر دارێژین. شتەکانیش ئەوەندە زۆر بووە. مەسەلەن تۆ بۆ ستراتیژی توند و تیژی رەنگە دە ساڵی بوێ. بۆ ستراتیژی توند و تیژی چۆن لە بەرنامەی قوتابخانەوە کاری بۆ دەکەی. چۆن لە ماڵەوە دەیکەی و دەیخەیە مەحکەمەوە و چۆن ئەیخەیتە نێو ئیدارەکانتەوە. ئیتر ئەو بەرنامەیە بەس بۆ بڵاوکردنەوەی دژی توند و تیژی بزانە کە چەند ساڵێکت دەوێ. ئەو نەوعە عەقڵییەتە نییە و کۆ نەکراوەتەوە. رێکخراوێک لەولا بە بەرنامەیەک و یەکی دیکەی لەولا بەرنامەیەکی دیکەی هەیە. ئەم هەمووانە بەپێی ستراتیژییەک و بەرنامەک نیە و کەسێک نیە بڵێین سەربەرستی ئەوە بکا کە چۆن ئەم هەمووە بتوانن بە یەکەوە چالاکییەکان بکەن و جێگایان دیار بێ. عەقڵییەتی ستراتیژ بە باوەڕی من لە زۆر شتەوە دێ. لە زۆر شتەوە لە ناو میللەتی ئێمە دا نییە و کەمە.

**مادح ئەحمەدی: لەم روانگەوە کە باست کرد کە رێکخراوەکانیش بۆخۆیان هەریەکەو خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە و نەگەیشتوونەتە ئەوەی کە ستراتیژییەکی روون و دیاریان هەبێ. بۆیە ئەگەر چاو لێبکەین کۆمەڵێک رێکخراو هەیە لە هەرێمی کوردستان دا کار دەکا لەسەر پرسی ژنان. ئەم رێکخراوانە مانگانە یا ساڵانە بودجەیەک لە حکوومەت و لایەنەکان وەردەگرن بۆ ئەم بابەتە، دەکرێ رۆڵی ئەوانە چۆن هەڵسەنگێنین و ئێوە چۆنی چاو لێدەکەن؟**

**نەرمین عوسمان:** ئەو بودجەیەی کە ئەو رێکخراوانە لە حکوومەتی وەردەگرن بەراستی بوودجەیەکی ئەوەندە زۆر نیە تا بڵێم دەتوانێ زۆربەی کێشەکان چارەسەر بکا، بەڵام دەتوانێ بەشێک لە ئەرکەکانی دەوڵەت کەم کاتەوە.

**مادح ئەحمەدی: زیاتر لێرە مەبەست بودجەکەی نیە. مەبەست ئەو ئەرکەیە کە دەکەوێتە سەرشانیان.**

**نەرمین عوسمان:** هێندێک لەو رێکخراوانە زۆر چالاکن و ئیشەکانیان بەرچاوە. هێندێکیشیان بەڕاستی تاکوو ئێستا مەوزووعەکەیان لەبیر چۆتەوە. بەڵام بە شێوەی گشتی وەکوو چون هەموو شتەکان تازەیە لە کوردستان دا بڵێین وەکوو باس لە مافی دێموکراتیک کردن، باس لە مافی مرۆڤ، ئەمانە مەفهوومی تازەن یەعنی مەفهوومی پێنەگەیون، هاتوون بەڵام پێنەگەیون. لەبەر ئەوە مەوزووعەکانی دیکە کە پەیوەندە بە ژنیشەوە رێکخراو هەیە خەڵک خۆی دێ بەو ئیشە وئیشی کردوە و چالاکە، بەڵام هێشتا ئەویش خۆی پێنەگەیوە و نازانێ دەوری رێکخراوە دێموکراتیکەکان یانی چی. نازانێ «NGO» مانای چیە ئێستاش چاوی لە دەستی دەسەڵاتێکە بۆ ئەوەی هاوکاری بکا بۆ ئەوەی بەرنامەیەک جێبەجێ بکا. دوای ئەوە کەم رێکخراوی خۆبەخشانەمان هەیە. نابیندرێن رێکخراوێک هەبێ کە خۆبەخش بێ و هەمو ئیشەکانی خۆی، خۆی بیکا، بگەڕێتەوە بۆ ناوەندێکی دەسەڵاتی حکوومەت یا حیزبێک. دەتوانم بڵێم ئەویش وەکوو هەموو مەفهوومەکان وەکوو هەموو چەمکەکان تازەن. راستە هەبوە بەڵام تازەن یانی ئەگەر مەسەلەن لە هەشتاکان دا منداڵپارێزی سوئێدی رەنگە لە شەستەکانەوە دەستی پێکردبێ لە هەشتاکەوە تێیدا بوو کە چەندها ئەمانە خەڵکی تێدا بووە و ئیشی کردوە یانی لەبەر ئەو کۆمەڵگەی مەدەنییە لەوێ پێی گەیوە. یانی دەتوانم بڵێم ئەگەر هیچ نەبێ بە تەواویش پێ نەگەیبێ دەتوانم بڵێم روانگەی هەیە ئەزانێ بۆ ئیشەکان. رێکخراوە دێموکراتیەکانی لای ئێمە تا ئێستاکە دەتوانم بڵێم بەشێکی چالاکە و بەشێکی نا. بەشێکی دەتوانم بڵێم وەکوو ئەوەی کە بڵێم سەربەخۆن و بڕیارەکانیان بە دەست خۆیان و ئیعتمادیشیان لەسەر خۆیانە بەڵام بەکۆی گشتی دەورێکی چالاکی زۆر بەهێزیان نیە.

**مادح ئەحمەدی: نەرمین خان وەک دوا پرسیار بەگشتی بەنیسبەت چالاکیی ژنان و جووڵانەوەی ژنان لە هەرێمی کوردستان ئایا گەشبینن یان نا بە پێچەوانەکەی؟**

**نەرمین عوسمان:** من خۆم بە تەبیعەت کەسێکی گەشبینم. هەمووی بە لایەنی نێگەتیڤ نابینم. بە رەش ئەبینم بە سپی ئەبینم. بە باوڕی من تا ئێستا باش رۆیشتوە و بەرەو باشتریش دەڕوا. ماوەیەک لەوەپێش تێرمێکمان کرد. مەسەلەن ماوەیەکی دورودرێژ دەستکەوتەکان لە یەک ئاست دا دەرۆیشت، بەڵام لە پڕ سەیرمان کردەوە بەرەو بەرزی دەڕوا. چەند بەرەو بەرزی بڕوا مانای ئەوەیە ئیشەکانت بەرەو باشی دەڕوا. لەبەر ئەوە تێرمەکەمان بەرەو سەرەوە دەڕوا مانای ئەوەیە پۆزەتیڤە. لە روانگەیەکی زانستی هەڵیسەنگێنین، هەر بە قسە نەبێ بە روانگە زانستییەکە کە دەڵێم تێرمەکە بەرەو سەرەوە دەڕوا مانای ئەوەیە پۆزەتیڤە و ئیشەکانی ژنانیش وردە وردە بەرەو پێگەیاندن دەبێ.

**مادح ئەحمەدی: زۆر سپاس بۆ ئەم دەرفەتە و بە هیوای داهاتوویەکی گەش بۆ ژنان.**

**نەرمین عوسمان: زۆر سپاس بۆ ئێوەش.**

# بنەمای رێککەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی

# وتوویژ لەگەڵ عەبدولستار دوشۆکی و ئەحمەد رەئفەت

دیمانە : ئەلف. عبداللە

**رۆژانی ٤ و ٥ ی فێوریەی ٢٠١٢، بنیاتی ئۆلاف پالمە لە ستۆکهۆڵم میوانداری کۆبوونەوەیەک بۆ باس و گفتگۆ لەسەر داهاتووی دێموکڕاسی لە ئێران بە بەشداریی دەستەبژێرێک لە رووناکبیران و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بوو. بە مێدیایی کرانی پێشوەختی ئەم کۆبوونەوەیە پێش هەموو شتێک بەهۆی ئەو رەخنانەوە بوو کە هێندێک کەس و لایەن لەپێوەندی لەگەڵ ئامانجەکان و شێوەی رێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەم کۆبوونەوەیەدا خستیانە ڕوو. ئەو رەخنانە بۆ جارێکی دیکە ئەو پرسیارەیان هێنایەوە گۆڕێ کە ئایا رێککەوتنی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەبێ لەسەر بنەمای چ مێتۆد و نێوەرۆکێک بێ. بە بیانووی ئەم کۆبوونەوەیە و بەمەبەستی تاوتوێ کردنی ئەم پرسانە، «کوردستان» وتوویژی لەگەڵ دوو کەسایەتیی ئێرانیی پێکهێناوە کە یەکێکیان لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بووە و بە چاوێکی موسبەتەوە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دەڕوانێ؛ ئەوی تریشیان لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار نەبووە و رەخنە و تێبینیی لەسەر کۆڕ و کۆبوونەوەی لەم چەشنە هەیە.**

## لەمەڕ کۆبوونەوەکەی ستۆکهۆڵم

د. عەبدولستار دوشۆکی کە کەسایەتییەکی سیاسیی ناسراوی گەلی بەلووچ لە دەرەوەی وڵاتە، رێزی زۆری بۆ زۆربەی ئەو کەسانە هەیە کە لە کۆبوونەوەکەی ستۆکهۆڵمدا بەشدار بوون، بەشداری لەو کۆبوونەوانەدا کە

**رێککەوتن و یەکگرتن دەبێ چەندی بکرێ هەمەلاگیر بێ، بەڵام ئەو هەمەلاگیرییە نابێ لەسەر حیسابی کەیفییەت و نێوەرۆکی ئەو بەهایانە بێ کە دەبنە بنەمای رێککەوتن و یەکگرتن.**

بەمەبەستی لێک نزیک کردنەوەی بژاردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەبەسترێن بە ئەرکێک دەزانێ و داوا دەکا کە رەخنەکانی لە سۆنگەیەکی دۆستانە و دڵسۆزانەوە وەربگیرێن، بەڵام لەوە کە رێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەو کۆبوونەوەیە شەفاف نەبووە و هەموو لایەکیشی تێدا بەشدار نەکراوە رەخنە دەگرێ. ئەو لەو بارەوە دەڵێ : «ناتوانین بڵێین کە ئەو کۆنفڕانسە لەپێناوی گفتگۆی گشتی و گوتاری هاوبەشی ئێرانییەکاندا بووە، چونکە گوتار و گفتگۆی هاوبەش پێویستە هەموو لایەک بگرێتە خۆی و شەفاف و کراوەش بێ. ئێمە ئەگەر بەڕاستی خوازیاری دێموکڕاسی بە مانای فرەگەرایی و شەفافییەتین، پێویستە هەر لە ئێستاوە کردەوە و هەڵوێستی دێموکراتیک و فرەییخوازی خۆمان بە روونی نیشان بدەین». بەڕێز دوشۆکی هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە روون نەبوونی ئامانج و مەبەستی کۆنفڕانسەکە و ئەوە کە چ لایەن یان ناوەندێک رێکخەر و ئەرکهەڵگری راستەقینەی ئەو کۆبوونەوەیە بووە، سێبەری گومانی بەسەر ئەو دانیشتنەدا کێشا، بە چەشنێک کە بۆ یەکەم جار دیتمان کە لە بەرامبەر کۆبوونەوەیەکی لەم چەشنەدا خۆپێشاندانی ئیعترازی بەڕێوە چوو.

ئەحمەد رەئفەت چالاکی سیاسی و رۆژنامەوانی ناسراوی ئێرانیی دانیشتووی ئیتالیا لەو باوەڕەدایە کە رێکخەرانی ئەو کۆبوونەوەیە بە هیچ جۆر مەبەستیان شت شاردنەوە لە خەڵک نەبووە و لە بنەڕەت ڕا لەو



ئەحمەد رەئفەت



عەبدولسەتار دۆشۆکی

کۆبوونەوەیەدا شتێکی زۆر جیاواز لە کۆڕ و کۆبوونەوە هاوشێوەکانی پێشووتری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی باس نەکراوە. ناوبراو وێڕای ئاماژە بەوە کە کۆمەڵێک مێدیا لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون، هۆکاری ئەو دڕدۆنگییە کە لەلای هێندێک کەس سەبارەت بە شەفافییەتی کۆبوونەوەکە دروست بوو، بۆ چەند شت دەگەڕێنێتەوە: یەکەم، هێندێک هەڵە و لێکنەگەیشتن لەلایەن بنیاتی ئۆلاف پالمەوە لەپێوەندی لەگەڵ شێوەی زانیاری گەیاندن و بانگهێشتنی مێدیاکان رووی دابوو؛ دووهەم، مێتۆدی ئەو دانیشتنە لەبواری بەشداریی مێدیا و چاوەدێراندا بریتی بوو لەوەی ناوەندی «چەتام هاوس»ی لەندەن کە لە کۆڕ و کۆنفڕانسەکانی لەم چەشنەدا یەکجار باوە و بریتییە لەوە کە مێدیاکان بانگهێشت دەکرێن بەڵام دەرووەست دەکرێن بەوە کە لە کاتی رووماڵ کردنی کۆبوونەوەکەدا نەقلی قەولی ورد و راستەوخۆ لە نێوەرۆکی قسە و باسەکان نەکەن؛ سێهەم و لە هەمووی گرینگتر، بەڕێز رەئفەت هۆکاری ئەو دڕدۆنگییە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە « تایبەتمەندییەکی زاڵ بەسەر فەرهەنگی سیاسیی ئێمەی ئێرانی کە دەتوانین ناوی بنێین سیندرۆمی دایی جان ناپلیۆن بریتیە لە متمانە نەکردنی خەڵک بە سیاسەتمەداران و نەبوونی متمانە لەنێو سیاسییەکان خۆشیاندا. هەر کات دوو کەس پێکەوە قسە بکەن، یەکسەر پێمان وایە ئەوە خەریکی پیلانگێڕی بەدژی کەسی سێهەمن.

ئێمە بە سروشت کەسانی بە گلەیی و گازندەین و پێمان وایە هەر گفتگۆیەک کە بۆخۆمان تێیدا بەشدار نەبین، ئەوە مسۆگەر بۆ ئەوەیە کە لە پشت سەری ئێمەوە پیلانێک رێک بخەن».

لەبارەی پێکهاتەی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیەوە، عەبدولستار دوشۆکی رەخنە لەوە دەگرێ کە مەرج و پێوانەی بەشداری زۆر روون نەبووە، زۆر رێکخراو و کەسایەتیی سیاسیی گرینگ دەعوەت نەکراون و کۆبوونەوەکە زۆرتر وەک کۆڕێکی خۆمانە چووە کە زۆربەی ئەو کەسانەی بەشدار کراون کەسانێک بوون کە سەرەڕای ئەوە کە دەکرێ بیروباوەڕی سیاسیی جیاوازیان هەبێ و سەر بە لایەن و تەیفی فیکریی جۆراوجۆر بن، بەڵام دۆست و ناسیاوی یەکترن و کەسایەتییان لەگەڵ یەکتر دەگونجێ. لە وەڵامی ئەو رەخنەیەدا، ئەحمەد رەئفەت ئاماژە بەوە دەکا کە زۆربەی بەشداران هەمان ئەو کەسانە بوون کە لە کۆبوونەوەکانی پێشووتردا بەشدار بوون و ئەگەر ئەوەی لێ دەربکەین کە هێندێک کەسایەتی و لایەن بۆخۆیان نەیانویستوە بەشداری کۆبوونەوەکە بن، پێکهاتەی بەشداران لەڕووی بیروباوەڕەوە زۆر رەنگاوڕەنگ بووە. ناوبراو وردەکاریی زۆرتر لەو پێوەندییەدا دەداتە دەست و هۆکاری سنووردار بوونی بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بنیاتی ئۆلاف پالمە وەک میواندار و بەڕێوەبەری ئەو دانیشتنە هەر لەو کاتەدا کە بە هۆکاری ئەمنی و تەداروکاتی زەرفییەتێکی مەحدوودی لەمەڕ ژمارەی بەشدارانەوە لە نەزەر گرتبوو، کۆمەڵێک پێوانەشی لە پێوەندی لەگەڵ جۆراوجۆریی چین و توێژە نوێنەرایەتی کراوەکان و فرە چەشنیی سیاسیی ئەو لایەنانەی لەوێدا بەشدار دەبن و هەروەها رێژەی بەشداریی ژنان و لاوان و کەمایەتییەکان و ... لەسەر ئەو کەسانەی پرۆژەی دانیشتنەکەیان بەو ناوەندە پێشنیار کردبوو فەرز کردبوو. هەربۆیەش بوو کە لیژنەیەکی سێ کەسیی پێکهاتوو لە سکرتێری گشتیی بنیاتی ئۆلاف پالمە و کەسایەتییەکی ئێرانی و رۆژنامەوانێکی ئەمریکایی بەپێی کۆمەڵێک پێوانەی تایبەت بە بنیاتەکە ناچار بوون داوای بەشداریی هێندێک کەس و لایەنی تر رەت بکەنەوە. ئەوەش کە زۆر لەوانەی لەوێ بەشدار بوون بە جۆرێک دۆست و ناسیاوی یەکتر بوون بەلای رەئفەتەوە شتێکی ئاساییە و دەگەڕێتەوە سەر هەمان کێشەی متمانە کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆبوونەوەیەک کە دادەنرێ سەرەتا زۆرتر لەنێوان ئەو کەسانەدا بەڕێوە دەچێ کە زەمینەی لێکگەیشتن و هاوکارییان لەنێواندا هەیە.

لەپێوەندی لەگەڵ ئامانجەکانی کۆبوونەوەی ستۆکهۆڵمدا، دوشۆکی وەک زۆر لە رەخنەگرانی ئەو کۆبوونەوەیە تانە لە روون نەبوونی مەبەستی ئەو کۆبوونەوەیە دەدا و باسی ئەوە دەکا کە لەلایەک باسی ئەوە بووە کە ئەو کۆبوونەوەیە تەنیا وۆرکشاپێکی رێکخراوی «ئیدەئا» لەپێناوی پەرەپێدان بە کەلتووری دێموکڕاسی و هەڵبژاردنی ئازاد و لەڕاستیدا سیمینارێک بۆ تەمرینی دیالۆگ و رێگا خۆشکردن بۆ داڕشتنی گوتارێکی هاوبەشی ئازادیخوازانە دەبێ، کەچی لەو لاوە بەهۆی سەردێڕی کۆبوونەوەکە واتە «یەکێتی لەپێناو دێموکڕاسی لە ئێراندا»، لەلایەن هێندێک لە رێکخەرانی کۆبوونەوەکەوە وا نیشان دراوە کە لە ستۆکهۆڵم بۆ ساغکردنەوەی ئەلتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدەن. «ئەلترناتیوسازیی ناشەفاف و لە دەرەوەڕا» رێک ئەو شتەیە کە دوشۆکی موخالفییەتی. هەرچی ئەحمەد رەئفەتە، ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئۆپۆزیسیۆنێک کە نیاز و توانای ئالترناتیوسازیی نەبێ بە کەڵک نایە و کێشەی هەرە گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییش راست ئەوەیە کە تا ئێستا نەیتوانیوە ئەلتێرناتیڤ بێ. ناوبراو وێڕای رەتکردنەوەی ئەوە کە کۆبوونەوەی ستۆکهۆڵم هیچ چەشنە بوعدێکی دەوڵەتیی بووبێ، لەسەر ئەوە پێ دادەگرێ کە لە ستۆکهۆڵم قەرار نەبووە ئەلترناتیوێک ساغ بکەنەوە. لەو شوێنەشدا کە عەبدولستار دوشۆکی لەمەڕ خەون و مەرامی چەلەبی سازی و کەرزای گەرایی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا هۆشداری دەدا، ئەحمەد رەئفەت زۆر لەگەڵ ئەوەدا نیە کە سروشتی ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵگای ئێرانی چەشنێک بێت کە مەترسیی ئەو جۆرە پرۆسانەی لەسەر بێ. ناوبراو وڵامدانەوە بە پرسیار لەو پێوەندییەدا دەکاتە دەرفەتێک هەتا ئاماژە بەوە بکا کە رێککەوتنی واقیعی و کارای ئۆپۆزیسیۆن پێویستە پێش هەموو شتێک لەنێوان حیزب و رێکخراوەکاندا بێ :» لە پەنای یەک دانیشتنی کەسایەتییە ناسراوەکان و حیزبەکان بێ کێشە نیە، چونکە ناکرێ کەسێک هەر ئەندازە بەڕێز و بەنفووزیش بێ لەگەڵ سکرتێری حیزبێکی خەڵکی و ناسراو بە یەک ئەندازە هەقی بەشداری لە بڕیاردان لە ئیئتلافەکەیاندا هەبێ. لە وڵاتانی دێموکراتیکدا حیزبەکان هەروەک سەندیکا و مێدیاکان کۆڵەکەکانی دێموکڕاسی پێک دێنن. ئێمە ئەگەر لە ئێران ئەو کۆڵەکانەمان نەبن، دێموکڕاسییەکەمان دێموکڕاسییەکی تاک تەوەر (فرد محور) دەبێ و ئەوەش دەتوانێ مەترسیدار بێ».

## ئەولاتر لە کۆبوونەوەکەی ستۆکهۆڵم

دیاردەیەکی نوێ کە لە هاموشۆ و دانیشتنەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی نێوان بژاردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی‌دا بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە سنووربەندییە ئیدئۆلۆژی و سیاسییەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو کەمڕەنگ بوونەوە و زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکان کەم و زۆر لە دەوری یەک دادەنیشن و پێکەوە دیالۆگ دەکەن. ئەحمەد رەئفەت ئەوە بە شتێکی پۆزەتیڤ دەزانێ کە لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بووە کە کەسانێکی لێ بوون کە وەک وی بیر ناکەنەوە (بۆ نموونە مەزهەبییەکان، مارکسیستەکان، ئیسلاحتەڵەبەکان، ... هتد). ئەم دیاردە نوێیە مایەی رەزامەندیی عەبدولستار دوشۆکییشە : «ئەمنیش لەوە خۆشحاڵم کە دەبینم کەسانێک کە هەتا دوێنێ یەکتریان دەکوشت، ئەمڕۆ لە پەنای یەکتر دادەنیشن». ناوبراو وەک نموونە ئاماژە بەوە دەکا کە ٣٢ ساڵ لەمەوبەر کوردەکان لەگەڵ سوپای پاسداران شەڕیان دەکرد و ئەوانیش واتە بەلووچەکان لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨ دا بەهۆی خۆپێشاندانێکی ئیعترازی لە چابەهار بەدژی کوشتاری خەڵکی کوردستان گیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە، کەچی ئەمڕۆ دەبینین کەسێک کە کاتی خۆی یەکێک لە دامەزرێنەرانی سووپای پاسداران بووە لە پەنای کوردەکان دادەنیشێ و پێکەوە دیالۆگ دەکەن.

بەڵام دوشۆکی پێی وایە کە ئەم دیاردەیە تازەگییەکی زۆر سەیر و سەمەرەی تێدا نیە و نابێ بە تەنیا خودیی خۆی رازیمان بکا.

سەبارەت بەوە کە دانیشتن و رێککەوتن دەبێ لەنێوان کامە هێز و کەسایەتییانەدا بێ، بەڕێز رەئفەت و بەڕێز دوشۆکی هەردووکیان کۆکن لەسەر ئەوە کە پێویستە ئەو مەسەلەیە لەسەر بنەمای نێوەرۆکی ئەو پرەنسیپ و بەهایانەی ئەو

**ئێمە زۆر جار لەسەر وشەکان کێشە دەکەین، لەحاڵێکدا ئەگەر بە وردی روونی بکەینەوە کە چیمان دەوێ دەبینین کە ناکۆکییەکانمان هێندەش قووڵ نین**

هێز و لایەنانە ئامادەن کاری بۆ بکەن یەکلا بکرێتەوە، نەک لەسەر بنەمای پێشداوەرییەکی مێژوویی و ئیدئۆلۆژی کە دەکرێ لە هێز و لایەنەکانمان هەبێ. دوشۆکی وێڕای ئەوە کە پێی وایە نابێ «حەزفی» بجوڵێینەوە، دەڵێ :» ئەوە کە کۆبوونەوە یا هاوپەیمانییەک دەبێ چ کەسانێک بگرێتەوە، بەستراوەتەوە بەوە کە ئامانجمان لەو کارە چیە. ئەگەر ئامانجمان تەنیا دیالۆگی سەراسەری و چوارچێوەیەکە بۆ ئەوەی هەموو لایەک قسەی خۆیانی تێدا بکەن، ئەوا دەبێ هەر هەموویان بتوانن تێیدا بەشدار بن، تەنانەت ئەو کەسانەی هێشتا پێیان وایە کۆماری ئیسلامی ئیسلاحپەزیرە. دیارە لەو حاڵەتەدا چاوەڕوانیی ئەوە کە رێککەوتنێکی بنەڕەتی و یەکگرتنێکی بەکردەوە بەدی بێ زۆر واقیعبینانە نیە. ئەگەریش ئامانجمان تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و مشوور خواردن لە کۆتایی هێنان بە سەرەڕۆیی‌یە، ئەوا لایەنگرانی رێژیم یا کەسانێک کە نیشانیان داوە کە بیر و کردەوەیان دێموکراتیک نیە، ناتوانن بەشدار بن. لێرەدایە کە پێویستە چوارچێوەی ئەسڵ و بنەماکان لەپێشدا دیاری بکەین».

بۆ ئەوەی بزانین بەڕاست هەموو لایەک دەتوانن لەگەڵ هەموو لایەک بسازێن، پێویستە ئەو مەسەلەیە لەپێوەندی لەگەڵ هێندێک لایەنی دیاریکراودا خورد بکەینەوە. بۆ نموونە لەسەر ئەوە کە ئایا کەسانێک کە لایەنگری سیستمی کۆمارییین دەتوانن لەگەڵ کەسانێک کە لایەنگری سیستمی پاشایەتیین لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا یەک بگرن، دوشۆکی وێڕای ئاماژە بەوە کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر سیستمی دیکتاتۆڕیمان لە قالبی فەرمیی کۆماریدا هەیە و لە ئورووپاش زۆر سیستمی دێموکراتیکمان لە چوارچێوەی نیزامی پاشایەتیدا هەیە، دەڵێ : «دژایەتی من لەگەڵ سەرەڕۆیی‌یە، جا پاشایەتی بێ یا کۆماری. ئێمە وەک کەسانێکی لایەنگری سیستمی کۆماری مافی خۆمانە بە لایەنگری لەو سیستمە تەبلیغ بکەین. بەڵام ئەو مەشرووتەخوازانەی کە بڕوایان بە هەمان ئەو پرەنسیپە دێموکراتیکانە

ل ٧

# جینایەتی جەنگی لە سووریە

تەها ڕەحیمی

هەڵچوونی گشتیی گەلانی عەرەب زیاتر بەرهەمی ناکارامەیی سیاسی،کۆمەڵایەتی، ئابووری و هتد ئەو حکوومەتە سیکۆلار و دیکتاتۆر و گەندەڵانە بوو کە هەر کام ماوەی چەند دەیە وڵاتەکانیان بۆ خەڵکەکەیان کردبووە زیندانێکی بەربەرین و پشتیوانیی دەرەکی و هێندێک لە زلهێزەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو. دیارە هەر بەرەو هێزێک زیاتر بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان وەک داردەست و ئەهروم کەڵکیان لە چینی دەسەڵات بەدەستی ئەو وڵاتانە وەردەگرت. ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرانە بە کڕین و دابین کردنی تاقمە خەڵکێک لە نێوخۆی وڵاتەکەیاندا توانییان لەسەر حیسابی ئەو خەڵکەی دەیانچەوساندنەوە پێگەو سەنگێک لە کۆڕو کۆمەڵە نیونەتەوەیی و ناوچەییەکان بۆ خۆیان دابین بکەن.

ساڵێک زیاتر لەم قۆناخە ناسک و هەژێنەرو پێچەڵاوپێچ و سەرەنجام ناڕوونەدا تێدەپەڕێ و وڵاتانی جیهان لە دوو بەرەدا لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا کەوتوونەتە تای تەرازووی دیکتاتۆران و دژبەران. سووریا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە خەڵکە کۆستکەوتووەکەی زیاتر لە ١١ مانگە لە لایەن دەسەڵات و تاقمی بەشار ئەسەدەوە بە ئاگر و ئاسن سەرکوت دەکرێن. هەوڵە جیهانییەکان لەپێناو ڕاگرتنی توندوتیژی و پێکدادان ئێستاشی لەگەڵ بێ سەرەڕای ئاماری باڵای خەسارە گیانییەکان و پێشێلکردنی قانوونە نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ و داواو داخوازی بەرەکانی ئۆپۆزیسیۆن و چالاکانی مەدەنی و وڵاتانی ڕۆژئاواو یەکیەتی عەرەب بەئاکام نەگەیوەو بەشار ئەسەد لە هیچ تاوانێک ناسڵەمێتەوە.

تا ئێستا دوو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لە سۆنگەی ڤیتۆی ڕووسیاو چین کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەگەڵ ئەمریکاو ڕۆژئاوا بە ناتەبا دەزانن ئاکامی لێ نەکەوتوەتەوە. تەنانەت کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو کۆبوونەوانەی لەپێناو چارەسەری قەیرانی سووریە و ڕاگرتنی توندوتیژییەکان و پێشگیری لە شەڕێکی نیوخۆیی ماڵوێرانکەر لە سووریا تا ئێستا گیراون ڕۆڵی ئەرێنییان نەگێڕاوە. هەرچی بەرەی ڕۆژئاواشە پاش ئەوەی لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا ناتوانێ کۆدەنگییەک بۆ بڕیار لەسەر دۆخی سووریا مسۆگەر بکا؛ کۆمەڵە سزایەکی توندتر بە سەر حکوومەتی ئەسەد و دەستوپێوەندەکانیدا دەسەپێنێ و بەدوای پێکهێنان و خستنەوە بەرباسی تەنگەژەکانی سووریاو بەکار هێنانی ئەهرومی دیکە بۆ کۆتایی هێنان بە دۆخەکەیە.

ڕۆژئاوا هەر لەم سۆنگەیەدا بۆ ئەوەی زیاتر لەوە بیروڕای خەڵکی ناوچە و تووڕەیی موسڵمانان دژی خۆی هەڵنەخڕێنێ زیاتر لە ڕێگەی یەکیەتیی عەرب و تورکیەوە خەریکی پراکتیک کردنی پرۆژەکانی خۆی لەسەر سووریایە. ئەمریکاو بەرەی ڕۆژئاوا هەروەک ئۆپۆزیسیۆنی خوێناویی سووریە بڕیاری کۆتایی خۆی بۆ لابردنی بەشار ئەسەدی داوەو هیچ جۆرە سازشێک لەسەر مانەوەی ئەسەدو دەسەڵاتەکەی ناکاو لەم لایەشەوە بەشار بە پشتگەرمی و پشتیوانی یارمەتیی دارایی و سەربازی و فیکری و هەمەلایەنەی ڕووسیا و ئێران و چین بەبێ گوێدان بە یاساوڕێسا نێونەتەوەیی و ڕێککەوتن و جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ بەهەموو هێزو تواناوە سەرکوتی نەیاران دەکا. هێرشی ئاسمانی و زەوینیی بەربڵاوی بەشار ئەسەد بۆ ماوەی ٢٧ ڕۆژ بۆ سەر شاری حومس سێیەمین شاری گەورەی سووریاو بەردەوامیی کوشتنی خۆپێشاندەران لە سەر شەقامەکان نیشانەی کەللە ڕەقیی ئەم پیاوە باڵابەرزەن بۆ پاراستنی پێگە لەرزۆکەکەی. ئەرتەشی ئازادی سووریە دوای نزیک بە مانگێک خۆڕاگری لەگەڕەکی بابا عەمرو ئاماژە بە تاکتیکی بوونی چۆڵ کردنی شار دەکا لەپێناو پاراستنی گیانی خەڵکی مەدەنی و لە لایەکی دیکە ئەنجومەنی میللییش ئامادەیی خۆی بۆ پڕچەک کردنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی وڵات دەربڕی. زۆربەی وڵاتانی وەک ئەمریکا، بریتانیا، فەڕەنسا، میسرو ... باڵوێزخانەکانی خۆیان لە سووریە داخستوە و ڕووداوەکان ئاماژە بە گرژتر بوونەوەو شەڕێکی نێوخۆیی کارەساتبار لە سووریەدا دەکەن. کوژرانی ڕۆژانە نزیک بە ١٠٠ کەس لە منداڵ گەنج و پیر، ژن و پیاو زیاتر بیروڕای جیهان هەڵدەخڕێنێ و خەڵکی وەزاڵەهاتووی سووریەش زیاتر بەرەو ڕادیکاڵتر دەباو هەستی تۆڵەساندنەوەو کوشتنیان لە لا ئاسان دەکا. بە پێی ئامارەکان قوربانییەکانی شۆڕشی گەلانی سووریە لە حەوت هەزارو پێنجسەت کەس تێپەڕیوە. ئەمە لە حاڵێکدایە بەشار ئەسەد وەک بڵێی تازە لە گوێی گادا وەخەبەر هاتبێ، دوای نزیک بە ساڵێک تازە خەریکی چاکسسازییە و کە لە نێو ئاگرو خوێندا ڕاپرسییەکی فورمالیتەی بۆ هەڵخەڵەتاندنی بیروڕای گشتی و کەم کردنەوەی گوشاری جیهانی بۆ سەر خۆی و پشتیوانەکانی و هەروەها کرینی کاتی زیاتر بۆ سەرکوتی نارازییان بەڕیوە برد. ئەو ڕاپرسییەی ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆژئاوا گاڵتەیان پێ هات! لە حاڵێکدا کۆڕو کۆمەڵە ماڤپارێزو هێندێک لە وڵاتان باس لە جینایەتی دژی مرۆیی لە سووریادا دەکەن و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە سووریە مەحکووم دەکا، هەموو ئاماژەکان و ئەو فیلم و گرتە ئاماتۆرییانەی شەقامە ئاڵۆزەکانی سووریە نیشانسەری خوڵقانی جیناتێکی جەنگین بەڵام ناکۆکی وڵاتانی جیهان و وڵاتانی ناوچە کە دیارە هەمووی شەڕی بەرژەوەندی و هێژمۆنیخوازییە قەیرانی ئەم وڵاتە بەرەو قووڵبوونەوە دەبەن. ئەگەرچی ڕێژیمی سووریە لە ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە زۆرینەی دەنگ مەحکووم کراوە بەڵام بڕیارەکانی ئەم ناوەندانە گرەنتیی جێبەجێکردنیانی لە پشت نییەو تەنیا لایەنی نمایشی هەیە. هەروەها خاچی سووری نێودەوڵەتی دوای چەند جار داوا بۆ گەیاندنی پێداویستییە سەرەکییەکان و دەرمان بۆ ئەو خەڵکەی لە شارو ناوچەکانی شوێنی پێکدادانی ئەرتەش و دژبەران بە تایبەت شاری حومس و گەڕەکی بابا عەمەرو هتد کەوتوونەتە گەمارۆوە ڕێگەی پی نەدراوە. دەوڵەتی بەشار ئەسەد بە کەڵک وەرگرتن لە جیدی نەبوونی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناکۆکیی ئەم دوو بەرەیەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات و هەڵکەوتەی جوگرافیایی و گرنگیی ژیئۆپۆلتیک، پەلەیەکی ڕەشی لە کوشتنی خەڵکی بێ دیفاع بۆ مێژوو تۆمار کرد کە تا ئێستا وێنەی نەبووە. لە حاڵێکدا ڕۆژبەڕۆژ باڵوێزخانەی وڵاتان لە سووریە دادەخرێن و داخوازی وڵاتانی یەکیەتیی عەرەب و کەنداو و تورکیە بۆ هەنگاوی جیددی و بەپەلە لە بەرز بوونەوە دایە دەسەڵات گرژتر بە گژ خەڵک دا دەچێتەوەو بە کوشتنی سەربازانی نارازی و خۆپێشاندەران زیاتر چنگەکانی دەخوێندا دەسوێ. وەک بڵێی بەشار ئەسەد حەزی لە خوێن بێ و ئەم ئاڵۆزییانە بە دەرفەت بۆ بینینی خوێن ببینێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا کەڵەوەکێشیی پووتین، هاوپەیمان و پشتیوانی ملهوڕی ئەسەد تا کەی درێژە دەکێشێ؟ ئایا ڕۆژئاواو جیهان هەروا دەستەوەستان لە بەرانبەر ملهوڕیی ڕووسیا و سووریە دادەمێنێ و شایەتی کوشتنی خەڵکی ئاشتیخوازی سووریە دەبن. یان ئەوەی کە هەوڵەکان لە ڕێگەی هێڵی سعوودیە_ قەتەر_ تورکیەوە بە پشتیوانیی بەرەی ڕۆژئاوا بۆ بڕیارێکی جیهانپەسندو قانوونی لەپێناوی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئەسەد درێژەی دەبێ کە ئەمەش هەروەک تا ئێستا بینەری بووین دژکردەوەی بەرەی پشتیوانانی بەشار ئەسەدی لێدەکەوێتەوە تا بە کۆسپ و تەگەرە خستنە بەر هەوڵە جیهانییەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشداری نەکردن و بایکۆتی ئەم کۆبوونەوانەی بۆ بڕیار لەسەر توندوتیژییەکان و چارەسەری قەیرانی سووریا دەگیرێن ببنە هۆی ئاڵۆزیی کێشەکان لەم وڵاتە و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرو خوێنڕێژی حکوومەتی ئەسەد.

بانی کی مۆن کە ماوەیەک بەر لە ئێستا کوفی عەنانی بە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی عەرەب دیاری کردبوو، لە نوێترین هەڵوێستی خۆی دژی کارەساتی دەسەڵاتی ئەسەد دژ بە خەڵکی بەشمەینەتی ئەو وڵاتە وێڕای تاوانبار کردنی دەسەڵات بە ئەنجامی جینایەتی دژی مرۆیی ئاماژە بە کەمکاری و کەمتەرخەمی کۆمەڵگەی جیهانی لەهەمبەر ڕووداوەکانی سووریە دەکا.



**درێژەی:**

# بنەمای ڕێککەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی

## وتووێژ لەگەڵ عەبدولستار دوشۆکی و ئەحمەد ڕەئفەت

هەیە کە کۆماریخوازەکان باوەڕیان پێیە، بێگومان دەبێ بتوانن لە بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ واندا پێکەوە کار بکەن. ئەگەر هات و ڕۆژێکیش خەڵکی ئێران دەنگی بە سیستمی پاشایەتی دا، پێویستە پاشا مەشرووت و لە ڕادەی مەقامێکی تەشریفاتیدا بێ».

هەر لەو پێوەندییەدا کە باس دێتە سەر موجاهیدینی خەلق، دوشۆکی لەوە بەداخە کە «موجاهیدین تا ئێستا شەفاف نەجوڵاونەوە، بەپێچەوانەی زۆربەی هێزەکان گۆڕانیان لە خۆیاندا پێک نەهێناوە و ئێستاش ئامادە نین لەگەڵ لایەنەکانی دیکە تەعامول و هاوکاری بکەن. ئەوە کە ڕێکخراوێک بەو چەشنە لە عالەمی خۆیدا بژی و حازر نەبێ لەگەڵ هێزە ئازاد و دێموکراتەکان بچێتە نێو پێوەندییەکی دوولایەنەی شوێندانان، بۆ دێموکڕاسی زۆر باش نیە». نمونەی پێچەوانە بۆ ئەمە لە ڕوانگەی دوشۆکییەوە ڕەزا پەهلەوییە کە بەپێچەوانەی «شاهوڵڵاهی»یەکانی لۆس ئانجلێس ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە لەگەڵ هەموو ئێرانییەکان دانیشتن و گفتگۆ بکا، ڕەنگە کۆماریخوازێک لە نیهایەتدا ئەسڵەن لەگەڵ ناوبراو کۆک نەبێ، بەڵام لانیکەم دەبینێ کە بۆ گەیشتن بە پرەنسیپی هاوبەش و کاری هاوبەش هەوڵ دەدا زەرفییەت لە خۆیدا پێک بێنێ. ئەحمەد ڕەئفەت-یش لەو پێوەندییەدا باسی ئەزموونی ئیتالیا دەکا کە چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر نیۆفاشیستەکان و کۆمۆنیستەکان کاتێک لەسەر شەقام تووشی یەک دەبوون یەکتریان دەکوشت، کەچی لە دەوری پێشووی پارلماندا حیزبی نیۆفاشیست لەژێر ناوی «بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی«دا لەگەڵ کۆمۆنیستەکان لەژێر میچێکی هاوبەشدا دانیشتبوون. بە باوەڕی وی دێموکڕاسی ئەوەیە کە هەموو لایەک تەحەمولی یەکتر بکەن و «مافی ژیان» بۆ یەکتر بە ڕەوا بزانن، هەربۆیە دەڵێ «ئەگەر موجاهیدین بڕیار بدەن لە چوارچێوەی مەنشوورێک لەپێناوی جێگیر کردن و ڕێزگرتن لە دێموکراسی لە ئێراندا کار بکەن، هاوپەیمانی و ڕێککەوتن دەتوانێ ئەوانیش بگرێتەوە».

دوشۆکی و ڕەئفەت وەک چۆن لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕێککەوتن و یەکگرتن دەبێ چەندی بکرێ هەمەلاگیر بێ، ئاواش لەسەر ئەوە هاوڕان کە بەڵام ئەو هەمەلاگیرییە نابێ لەسەر حیسابی کەیفییەت و نێوەرۆکی ئەو بەهایانە بێ کە دەبنە بنەمای ڕێککەوتن و یەکگرتن. دوشۆکی لەو بارەوە دەڵێ : « ئێمە بۆ کۆمەڵێک ئامانج خەبات دەکەین کە کۆماری ئیسلامی کۆسپی سەر ڕێگای وەدیهاتنیانە. وەنەبێ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی تەنیا ئامانجی ئێمە بێ». بە هەمان شێوە ڕەئفەت پێی وایە کە موخالفەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە خودیی خۆی ناتوانێ هۆکار و هەوێنێک بۆ ڕێککەوتن و هاوکاری بێ :» گەورەترین هەڵەی نەسلی ئێمە لە کاتی ئینقلابدا ئیئتلافێک بوو بەدژی حکومەتی پاشایەتی بەبێ ئەوەی لەبارەی ئەو شتەدا کە دەبێ جێی بگرێتەوە قسە بکەین. هەربۆیە ئەمن وەک خۆم قەت لە هیچ هاوکاری و هاوپەیمانییەکدا کە تەنیا بەدژی شتێک دروست کرابێ بەشدار نابم. دژایەتی بەشی بچووکی مەسەلەکەیە و بەشی گەورەی کارەکە بەدیل و جێگرەوەی ئەو شتەیە کە دژایەتیی لەگەڵدا دەکەین». ڕەئفەت لەو باوەڕەدایە کە پێش ئەوەی ڕێژیم بڕووخێ دەبێ ئەلترناتیوەکەی ڕوون بکەینەوە و دەڵێ ژنانی ئێران باش لەو مەسەلەیە تێدەگەن چونکە لە سەرەتای شۆڕشدا تەنانەت زۆر ڕێکخراوی چەپ و لائیک پێیان دەگوتن جاری حیجاب بخەنە سەرتان و لە خۆپێشاندانەکاندا بەشدار بن، دوایە نۆرەی خەبات بۆ مافی ئێوەش دێ. لەحاڵێکدا کە خومەینی هێشتا لە «نۆفل لوشاتۆ» بوو کە دەیگووت مافی ژنان دەخەینە نێو چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامەوە. ڕەئفەت بۆ ئەو قسەیەی کوردەکانیش بە شاهید دەگرێ و دەڵێ ئەزموونی کەمایەتییەکانیش نیشان دەدا کە نابێ ڕوونکردنەوەی مافەکانیان بۆ ئەو کاتە وەدوا بخەین کە حکومەتی نوێ پێک بێ و دێموکڕاسی سەقامگیر بێ.

بە مەبەستی ڕێککەوتن لەسەر چوارچێوەی ئوسووڵیی یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆن، عەبدولستار دوشۆکی لەو باوەڕەدایە کە وەک ئەسڵێکی گشتی لەو قۆناغەدا پێویستە هەموو لایەک بە لانیکەمە هاوبەشەکان قەناعەت بکەن، بەڵام دان بەوەش دادەنێ کە « لانیکەمەکانیش بەپێی ڕوانگەکان فەرق دەکەن و هەر کەس تێگەیشتنی خۆی لە لانیکەمەکان هەیە». لە ڕوانگەی دوشۆکییەوە لانیکەمەکان بریتین لە دامەزراندنی پێکهاتەیەکی سیاسیی تەواو ئازاد و دێموکراتیک و سێکولار بە حکومەتێکی پارلمانییەوە کە لەگەڵ مەنشووری جیهانیی مافی مرۆڤ گونجاو بێ و یەکسانیی سەرجەم پێکهاتەکانی وڵات و یەکسانیی ژن و پیاو دەستەبەر بکا. ئەحمەد ڕەئفەتیش بە هەمان شێوە ئارەزووی وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک دەکا کە لەودا هەموو هاووڵاتییان لە بەرامبەر یاسادا یەکسان بن و هیچ کەس لە هیچ ڕوانگەیەکەوە نەبێتە قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردن. هەروەها ڕەئفەتیش پێی وایە کە حکومەتی داهاتووی ئێران دەبێ حکومەتێکی پارلمانی و فرە حیزبی بێ و سەرۆکی وڵات (جا سەرکۆمار بێ یان پاشا) تەنیا دەبێ نەخشێکی نەمادی بگێڕێ و نابێ دەسەڵاتی بڕیاردەری و بەڕێوەبەریی بدرێتێ. لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا، هەردووک کەسایەتیی وتووێژ لەگەڵکراو لەو باوەڕەدان کە هەڵگرتنی ستەم و تەبعیز لەسەر میللیەت و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینیەکان و بەڕەسمی ناسینی زمان و کەلتووری وان، هەروەها لامەرکەزی کردنی حکومەت و بەخشینی مافی خۆبەڕێوەبردن بە پێکهاتەکانی وڵات پێویستە لە ڕیزی پرەنسیپە لانیکەمییەکانی ڕێککەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا بن. ڕەئفەت بەتایبەتی بۆیە ئەمە بە ڕەوا دەزانێ چونکە « لە ئێران هیچ قەومێک زۆرایەتیی ڕەهای نیە و ئێران وڵاتی کەمینەکانە». بەڵام لەبارەی ئەوەدا کە ناوی ئەو سیستمە فیدرالیزم بێ یان حکومەتی ناموتەمەرکز یان شتێکی دیکە، هیچ کام لەو دوو کەسایەتییە پێداگری لەسەر وشەی فیدرالیزم ناکەن. ئەحمەد ڕەئفەت لەو بارەوە دەڵێ :» ئێمە زۆر جار لەسەر وشەکان کێشە دەکەین و حەساسییەت لە خۆمان نیشان دەدەین، لەحاڵێکدا ئەگەر بە وردی ڕوونی بکەینەوە کە چیمان دەوێ دەبینین کە ناکۆکییەکانمان هێندەش قووڵ نین و دەتوانین پێکەوە بە ئەنجامێک بگەین». هەر لەو ڕوانگە پراگماتیستییەوە، عەبدولستار دوشۆکی دەڵێ :» هێندێک کەس دەڵێن پێویستە وشەی فیدرالیزم لەنێو لانیکەمەکاندا بێ. ئەمن بۆخۆم لەو باوەڕەدام کە وەک چۆن شەهید قاسملوو دەیگووت ئێوە ئەو مافەمان بدەنێ ئیدی هەر ناوێکی لێ دەنێن گرینگ نیە، ئاواش پێم وایە ئەگەر لەسەر چوارچێوەیەک ڕێک بکەوین کە مافەکانی ئێمەی تێدا ڕوون کرابێتەوە، پێداگری لەسەر وشەیەک ناکەم و لەو بوارەدا دەمارگرژ نیم». بە پشتیوانی لەو هەڵوێستەشی دوشۆکی ئاماژە بەو دەکا کە هەر ئێستا ئەو لە وڵاتێک دەژی (ئینگلستان) کە بە فەرمی فیدرالییش نیە و ئەو ماف و دەسەڵاتەی لەوێ بۆ هەرێمەکان بەڕەسمی ناسراوە، لە هی زۆربەی هەرێمە فیدراڵییەکانی دنیا دوورتر دەڕۆن.

# ژنانی کورد لە مێژووی ئیسلامدا

سیروان موساپوور

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی نەتەوەکەمان دەردەکەوێ کەم نین ئەو ژنانەی کە بە لێهاتوویی و توانایی خۆیان لە بوارە جیاجیاکاندا خزمەتی خەڵک و خاکی خۆیان کردوە و بە ئاستێک گەیشتوون کە ناویان وەک ژنانی ناوداری کورد لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی نەتەوەکەماندا تۆمار بکرێ. ژنانی کورد لە گشت بیاڤە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کلتوورییەکان و تەنانەت لە مەیدانی خەبات و بەرخۆدانیشدا شانبەشانی پیاوان و بگرە زۆرجار لەپێشتر لەوانیش چالاکییان نواندوە و دەنوێنن. مێژووی نەتەوەکەمان پڕییەتی لە ناوی حەپسەخان و قەدەم خێرەکان و شانازی بە بوونی شێرەژنانێکی وەک خانزاد و مەستوورە و لەیلاکانەوە دەکا. دەسرۆیشتوویی شێرەژنێکی وەک حەپسەخانی نەقیب یان خانزادی سۆران، هۆنراوە دڵبزوێن و سەرنجڕاکێشەکانی مەستوورەی ئەردەلان، دەنگی ڕەسەنی ئایشەشان و مریەم خان و، ئازایەتی لەیلاقاسم و لەیلا زاناکان و وانەوتنەوەی ژنە کوردێکی وەک رووناک یاسین مەریوانی لە زانکۆکانی دوبلین و هاروارد و .. بێجگە لە توانایی و لێهاتوویی ژنانی کورد داخۆ هەڵگری چ پەیامێکی دیکەیە؟ باسکردنی ژیان و بەسەرهات و ئاوڕدانەوە لە کار و چالاکییەکانی ژنانی کورد لە گشت بوارەکاندا، پێویستی بە نووسینی دەیان پەرتووک و سەدان وتار و لە هەمان کاتدا کەسانی شارەزا لەم بوارەدا هەیە. بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە ئەگەر وەک سەرەتایەکیش بێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە، باسکردن و ناساندنی ژنانی کورد بە تایبەت ژنانی ناوداری کورد لە مێژووی ئیسلام دایە. چونکە لەگەڵ ئەوەیکە بابەتێکی گەلێک گرینگ و باسهەڵگرە، لە هەمان کاتیشدا زۆر بە کەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە و تەنانەت ئەگەر بە جۆرێک لە جۆرەکان و لێرەولەوێش باسی کرابێ، زیاتر لە لایەن کەسانی غەیرە کوردەوە بووە. دەبێ ئەوە باش بزانین کە سنووردارکردنی بابەتەکانی پێوەندیدار بە ژنان بە تایبەتی بابەتە مێژووییەکان لە تەنیا بوارێک یان چەند بوارێکدا، ناحەقییەکە کە لە بەشێک لە ژنانی کورد لە بوارەکانی دیکەدا دەکرێ کەبێگومان فەرامۆشکردنی ژنانی ناوداری کورد لە مێژووی ئیسلامیشدا دەچێتە ئەم خانەیەوە و پێویستە بۆ هەرچی زیاتر ناساندنیان هەوڵی زیاتر بدرێ.

هەروەک هەموو لایەک ئاگادارن مێژووی کورد و مێژووی ئیسلام لە زۆر قۆناغدا و لە زۆر لایەنەوە ئاوێتەی یەکتر بوون و ئەم تێکەڵاوییەش بۆتە هۆی ئەوەکە نە تەنیا لە ژنان بەڵکوو لە پیاوانیشدا کەسانی ئەوتۆ هەڵبکەون کە بە هەستێکی کوردانە خزمەتی ئایین و بە باوەڕێکی ئایینی خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن. ژنانی ناوداری کوردی ناو مێژووی ئیسلامیش تەنانەت توانیویانە لە ئاستێکی بەرزدا و بە پێی توانا و لە قۆناغە جیاجیاکاندا خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن و کار و کردەوەگەلێکی مرۆییانە ئەنجام بدەن کە لەو نێوەشدا دەتوانین وەک نموونە ئاماژە بە ژنە دەسرۆیشتووەکانی بنەماڵەی ئەییووبی بکەین. خەدیجەخاتوونی ئەیووبی، رەبیعەخاتوونی کچی ئەیووب، زۆهرە خاتوون و زەیفەخانی کچی مەلیک عاڵ و، شۆهدەی دینەوەری، ئەسماخاتوونی هەکاری، زێنەبی ئەسعەردییە و .. تەنیا ئەژمارێکی کەم لەو ژنە ناودارانەی کوردن کە ناویان لە مێژووی ئیسلامدا دەدرەوشێتەوە. دروستکردنی دەیان قوتابخانە و خوێندنگەی وەک مەدرەسەی حیسامییە لە لایەن زومورەدخاتوونی ئەیووبی، خوێندنگەی مورشەدییە لە لایەن خەدیجەخاتوون و لە ساڵی ٦٥٤ی کۆچی مانگی لە سووریای ئێستا و، خوێندنگەی خاتوونییە لە لایەن مۆنیسەخاتوونی ئەیووبی و .. حاواندنەوە و تەنانەت بەخێوکردنی ئەو کەسانەی کە دەرسیان گوتۆتەوە یان بۆ خوێندن ڕوویان لەو خوێندنگایانە کردوە، تەنیا بەشێکی کەم لە کارو خزمەتەکانی ئەو ژنانەن. لایەنێکی دیکەی کار و چالاکییەکانی ئەم ژنانە هاوکاریکردن و یارمەتیدانی هەژاران و بێنەوایانی سەردەمی خۆیان بووە. بە تایبەت لەناو ژنانی بنەماڵەی ئەیووبی لەبەر ئەوەیکە تا ڕادەیەکی زۆر دەسرۆیشتوو و خاوەن دەسەڵات بوون، لە پێناوەدا هەنگاوی گەورەیان هاویشتووە. بێجگە لە هەمووی ئەوانەش زۆربەی ئەم ژنانە شارەزای زانستی حەدیس بوون و لە گێڕانەوەی حەدیسدا دەستێکی باڵایان هەبووە. بە گشتی دەتوانین بڵێین ژنانی کورد لە مێژووی ئیسلامدا لە زۆر بواردا و بە تایبەت لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییدا رۆڵێکی گرینگیان بینیوە و لە سیما درەوشاوەکانی ناو مێژووی ئیسلامن. ئەرکی ئێمەیە کە بۆ ناساندن و زیندووکردنەوەی بەسەرهات و کار و خزمەتەکانیان هەنگاوی جیددی هەڵگرین و ناو و یادیان تێکەڵاوی مێژووی ژنانی ناوداری نەتەوەکەمان لە گشت بوارەکانی دیکەدا بکەین کە بێگومان نووسینی ئەم وتارە کورتە و، خستنەڕووی چەند دێڕێک سەبارەت بە ناو و بەسەرهاتی ئەم ژنە کوردانە تەنیا وەک سەرەتایەک بۆ ئەم ئەرکە گرینگە و لە پێناوی وەها مەبەستێک دایە.

# قورئان، ئەفغانستان و ئەمریکا

ڕێبوار مەعروف زادە

سووتاندنی قورئان لە رۆژی ٢١ی فێورییەی ٢٠١٢ لە بنکەی نیزامی بەگرام، گەورەترین بنکەی نیزامی ئەمریکاییەکان لە ئەفغانستان، خەڵکی ئەفغانستانی تووڕە کرد. بە دوای نارەزایەتی و خۆپێشاندانی خەڵکی ئەفغانستان لە هەمبەر هێزەکانی ئەمریکا، ئەفغانییەکی زۆر کوژران و بریندار بوون. دیارە دوو ئەفسەری ئەمریکاییش لە رۆژانی دواییدا لە نێو وەزارەتی نێوخۆی ئەفغانستاندا کوژران کە تالیبان بەرپرسیارەتی کوشتنی ئەوانی وەئەستۆ گرتوە. بەربڵاوتربوون و توندتربوونی نارەزایەتییەکانی ئەفغانستان بەرپرسانی نیزامی و سیاسیی ئەمریکای، لە سەروویانەوە ئۆبامای، ناچار کرد داوای لێبوردن لە خەڵکی ئەفغانستان بکەن. ئەمریکاییەکان ئاماژە بە ئەنقەست نەبوونی سووتاندنی قورئان دەکەن و ئەو کردەوەیە بە هۆی ناشارەزایی یەکێک لە ئەفسەرەکانیان بەو دەقانە دەزانن، لە بەرامبەردا ئەفغانییەکان ئەو کردەوەیە بە بێ رێزی بە پیرۆزییەکانیان لە قەڵەم دەدەن. لە لایەکی دیکە حکوومەتی کەرزای لە ڕێگەی دانیشتن لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان و مامۆستایانی ئایینی هەوڵیداوە کە خەڵک ئارام بکاتەوە، بەڵام هەتاکوو ئێستا رەوشی ئەو وڵاتە هەر ئارام نەبۆتەوە. رەنگە کەسانێک، بە تایبەتی نەوەی نوێی دەرەوەی جوغرافیای ئەفغانستان، نارەزایەتی و خۆبەکۆشتدانی ئەفغانییەکان لە پیناو کتێبێکدا بە سووک و بەوپەری دواکەوتوویی و تەنانەت بە توندڕەویی ئایینی لە قەڵەم بدەن. دیارە هەرمرۆڤێک، بە ئەمریکایی و ئەفغانییەوە، گیانی خۆی خۆشدەوێ و درووستبوونی لۆژیکی کوشتن و خۆبەکوشت دان پرۆسەیەکی درێژخایەن و دژوارە. بۆ ئەوەی بزانین رۆڵی قورئان لە کۆمەڵگەی ئەفغانستاندا چییە و جۆری پێوەندی ئەمریکا-ئەفغانستان چ جۆرە پێوەندییەکە و دواجار بۆ ئەوەی بە بیرکردنەوەیەکی بەرفراوان رووداوەکانی ئەفغانستان لێکبدەینەوە، پێویستە بە قەت تەمەنی ئەو نەوە نارازی و تووڕەیەی ئێستای ئەفغانستان، ئاور لە مێژووی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئەفغانستان و چەشنی پێوەندی ئەفغانستان-ئەمریکا بدەینەوە:

## ١- قورئان لە ئەفغانستان:

کۆمەڵگەی ئەفغانستان لە باری ئێتنیکی،زمانی و ئایینی کۆمەڵگەیەکی پارچەپارچەیە و ئێتنیکەکانی هەزارە، ئۆزبەک، پەشتوون و ...لە ئەفغانستان بوونی هەیە. هەتاکوو ئێستاکەش پیشەی زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە هەر وەرزێرییە و سیستمی ئامووزشی نیشتمانی، نە لە ئاستی کارامەیی پێویست دایە و نە توانیوێتی هەموو جوغرافیای ئەو وڵاتە بگرێتەوە. دەوڵەت دەسەڵاتی بە سەر بەشێک لە ناوچەکان، بە تایبەتی شوێنی نفووزی تالیبان و ناوچەکانی هاوسنوور لەگەڵ پاکستاندا نییە. لە لایەک حکوومەت لەگەڵ گەندەڵییەکی ئیداری و سیاسی بەربڵاو بەرەوڕوویە و لە لایەکی دیکە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتە بە دەست بێکاری و هەژاری دەناڵێنن. بەو پێیە کۆمەڵگەی ئەفغانستان بە پێچەوانەی میسر و توونس و تا رادەیەک سووریە و... نەچۆتە نێو فازی یەکەمی بەجیهانی بوون، بەو واتایە کە هەتاکوو ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئەفغانستاندا ناکرێ قسە لە سەر شارنشینی، میدیا، خزمەتگوزاری پەروەردەیی و ئینتێرنێتی نیشتمانی، چینی مامناوەندی و...بکەین. بەو پێیە پێوەندی و بەستراوەیی کۆمەڵگەی ئەفغانستان بە جیهانی مۆدێرن نەک پێوەندییەکی لاوازە، بەڵکوو پێوەندییەکی نێگاتیڤیشە. خەڵکی ئەو وڵاتە ئەزموونگەلێکی تاڵیان هەیە کە بریتییە لە داگیرکاریی یەکیەتیی سۆڤییەت(١٩٧٩-١٩٨٩)، شەری نێوخۆیی و حکوومەتی تاڵیبان تا ساڵی ٢٠٠١ و دواجار هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەو وڵاتە بە بیانووی بوونی بن لادەن و خەبات بە دژی تیرۆریزم لە ساڵی ٢٠٠١ تاکوو ئێستا. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە تەنیا لە ئاکامی هێرشی ئەمریکادا لە ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠١١ دا، بە وتەی خۆدی ئەمریکاییەکان، زیاتر لە ٣٠٠٠٠ کەس لە خەڵکی مەدەنیی ئەفغانستان کوژراون. بەو پێیە کۆمەڵگەی ئێستای ئەفغانستان لە نەوەیەکی پارچەپارچە، هەتیو، هەژار، بەجێماو لە جیهان و دواجار لە نەوەیەکی تووڕە و بێ هیوا لە جیهانی مۆدێرن پێکهاتووە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە پشکی خەڵک لە جیهانی پێشکەوتوو تەنیا ئەو چەکە پێشکەوتووانە بووە کە لە دەست تالیبان و بە تایبەتی لە دەست سەربازانی ئەمریکایی دایە و بە هۆی ئەو چەکانەوە مالوێران بوون، قورئان رۆڵی سارێژکەرەوە و رۆحی نیشتمان دەگێڕێ.



## ٢- ئەفغانستان- ئەمریکا:

لە دۆخی شەری سارددا یەکیەتی سۆڤییەت و ئەمریکا خەریکی دابەشکردن و لەتکردنی جوغرافیای جیهان بە سەر رۆژهەڵات و رۆژئاوا، کۆمۆنیسم و کاپیتاڵیزم، پەیمانی وەرشۆ و پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور، ئوروپای رۆژهەڵات و ئوروپای رۆژئاوا، ئاڵمانی رۆژهەڵات و ئاڵمانی رۆژئاوا، کۆریای باکوور و کۆریای باشوور، شەڕی ئەفغانستان و شەڕی ڤیتنام و...بە گشتی خەریکی شەڕی ژئۆپۆلێتیک بوون. لە ساڵی ١٩٧٩دا یەکیەتیی سۆڤییەت لە هەمبەر جۆغرافیای ئەفغانستاندا دەستپێشخەری کرد و هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە. دیارە ئەو هێرشە تا رادەیەکیش بە هۆی روودانی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران و هاوسنووری ئێران لەگەڵ ئەفغانستان و ترس لە پەرەسەندنی شۆڕشی ئیسلامی بوو. ئەمریکا لەو هەلومەرجەدا بە دژی ئەو سیاسەتەی یەکیەتیی سوڤییەت بە هاوکاریی عەرەبستان و پاکستان، ئیسلامییەکانی ئەفغانستانی بێ هیچ تێبینی و پێشمەرجێک، لە باری نیزامی و ئابوورییەوە تەیار کرد. لە راستیدا تالیبان تا رادەیەکی زۆر بەرهەمی سیاسەت و دژکردەوەی ئەمریکا لە بەرامبەر یەکیەتیی سوڤییەت و کۆمۆنیسم دایە. ئەو کات نە پرسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە گۆڕێدا بوو نە پرسی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم. هێزەکانی سوڤییەت لە ساڵی ١٩٨٩ ناچار بوون ئەفغانستان چۆل بکەن و ئەوە نیشانەیەکی گەورە لە رووخانی جەمسەری رۆژهەڵات و سۆڤییەت بوو. لەو هەلومەرجەدا هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە جیهان لە شکلی دوو جەمسەری تێدەپەڕی، بەردەوامی و درێژەکێشانی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور و بە تایبەتی بەردەوامی گوتار، ئیستراتژی، هەژمۆنی و شەڕی ژئۆپۆلێتیکی ئەمریکا دەکەوتە ژێرپرسیارەوە. ئەو سەردەمە واتە دەیەی نەوەدی سەدەی بیستەم فازی یەکەمی بەجیهانی بوون دەستی پێکردبوو. هاتنەئارای دەوڵەتە خۆشبژێوەکانی ئورووپای رۆژئاوا، ماهوارە، میدیا، شارنشینی، رووخانی دیواری بێرلین و بەهێزتربوونی ئایدیای یەکیەتیی ئورووپا و ... بەستێن و جوغرافیای ئابووری جیهانیان بەرفراوان کردەوە و پێویستی و جوغرافیای شەڕیشیان بچووک کردەوە. دەکرێ بلێین لە فازی یەکەمی بەجیهانی بووندا هاوکات هێزی فاکتەری نیزامی بەرەو داکشان و هێزی فاکتەری ئابووری بەرەو هەڵکشان رۆیشت. لە سەردەمی ئیدئۆلۆژییەکان و زاڵبوونی فاکتەری نیزامی و شەڕدا دابەشکارییەکی رەها لە نیوان چەپ و راست، براوە و دۆڕاو، سەربەخۆ و بەستراوە، رێبەر و ژێردەستە هەبوو، بەڵام گەشەسەندنی فاکتەری ئابووری پێوەندی و هاوکاریی بەربڵاوتر کرد و مەودای چەپ و راست، مەودای رێبەر و ژێردەستەی کەم کردەوە. لەو دۆخەدایە کە ئەمریکا پرسی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم بە قەت جەمسەرێک، بە قەت یەکیەتیی سۆڤییەت، گەورە دەکاتەوە و هەروەها «ئیسلامی سیاسی» و «تیرۆریزم»، «ئەمنییەتی جیهانی» و «شەڕی دادپەروەرانە» (شەڕ بە دژی تیرۆریزم) لێک گرێ دەدا. دواجار کۆماری ئیسلامیی ئێران، سووریە، ئەلقاعیدە، تاڵیبان، حیزبوڵلای لوبنان و ... وەک بەرەی تیرۆریزم ناوزەد دەکا. دیارە دابینکردنی ئەمنییەتی جیهانی و شەڕ بە دژی تیرۆریزم بە هەوڵدان بۆ دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ دەکرێ، ئەوە لە حاڵێکدایە کە شەڕی ئەمریکا نە بۆ دیموکراسی بووە نە بۆ مافی مرۆڤ. کەڵکوەرگرتنی ئەمریکا لە چەمکەکانی «ئیسلامی سیاسی»، «تیرۆریزم» و «ئەمنییەتی جیهانی» لە خزمەت شەڕی ژئۆپۆلێتیک و بە تایبەتی لە خزمەت زاڵبوون بە سەر جوغرافیای رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووە نەک پەرەدان بە دیموکراسی. لە هێرش بۆ ئەفغانستانیشدا بوون و مانەوەی بنکە نیزامییەکان و زاڵبوون بە سەر جوغرافیای ئەفغانستان پڕبایەخە نەک ویستی خەڵکی ئەو وڵاتە. لێرەدا پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە لۆژیکی فەندەمێنتاڵیزم(شەڕی پیرۆز) و لۆژیکی شەڕی ژئۆپۆلێتیکی (شەڕی دادپەروەرانە) ئەمریکا یەک لۆژیکن. فەندەمێنتاڵیزمەکان هەوڵ دەدەن پێوەندی نێوان قورئان و فەرمانبەرداری نیشان بدەن و جەخت لە سەر پێویستی شەڕ بە دژی کافرەکان بکەن. ئەوان جەخت لە سەر هێندێک ئایەت وەک ئەو ئایەتەی قورئان دەکەن کە دەڵێ: «ان الذین کفروا بعد ایمانهم ثم ازدادوا کفرا لن تقبل توبتهم و اولئک هم الضالون» (ئاڵی عومران- ٩٠) ئەو کەسانەی پاش ئیمان هێنان کافر بوون و بەردەوام بە کفرەکەیان زیاد کرد، تۆبەکەیان قبووڵ ناکرێ و ئەوان هەمان بە لاڕێدا چووان. ئەوە لۆژیکی فەندەمێنتاڵیستەکانە کە ئازادی لە خەڵک زەوت دەکەن.

ئێستا سەرنج بدەنە ئەو دەقەی خوارەوە: «ئێوە لەگەڵ ئێمەن، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئێمە نین کەوایە دوژمنی ئێمەن.»

ئەوە وتەکان و لۆژیکی جۆرج بووشە لە کاتی هێرش بۆ ئەفغانستان. لە راستیدا خەڵکی ئەفغانستان لە نێوان شەڕی ژئۆپۆڵتیکی ئەمریکا، حکوومەتێکی گەندەڵ و تاڵیبانێکی بناژۆخوازدا گرفتارن.

سەرچاوەکان:
١- ئیسلام و گلۆباڵیزم، محەممەد ئارکون
٢- نقد اسلام ازاد است، جلال ایجادی
٣- بررسی بحران افغانستان از منظر ژئوپولتیک، عبدالحکیم سلیمی
4- www.drabdullah.af
5- www.ghurjistan.com

# دەقی تەواوی ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان

وەرگێڕان لە فارسییەوە: قادر وریا

بەشی یەکەم

ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان، لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەبڕیاری ١٨٠/٣٤ لە ٢٧ی سەرماوەزی ١٣٥٨ (١٨ی دیسامبری ١٩٧٩)دا، پەسند کراو، ڕاگەیاندرا کە دەوڵەتان دەتوانن ئیمزاو پەسندی بکەنو، پابەندبوونی خۆیانی پێوە ڕابگەیەنن. ئەم ڕێککەوتننامەیە بە گوێرەی بەندی ١ی ماددەی ٢٧، لە ٣ی سیپتامبری ١٩٨١ (١٢ی خەرمانانی ١٣٦٠ ەوە)، ڕەچاوکردنو بەڕێوەبردنی بە پێویست زانرا.

بەسەرنجدان بەمە کە دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بەرعۆدەن کە بەرابەری (یەکسانی)ی ژنانو پیاوان لە دەستڕاگەیشتن بە گشت مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، مەدەنیو سیاسییەکانیاندا، دەستەبەر بکەن،

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییانە کە لە ژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو کارگێرییە پسپۆرییەکاندا بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی بەرابەریی مافەکانی ژنانو پیاوان، مۆرکراون،

بەسەرنجدان بەو بڕیارنامە، بەیاننامەو ڕاسپێرییانەی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو کارگێرییە پسپۆرییەکانەوە، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی مافەکانی ژنانو پیاوان پەسند کراون،

نیگەران لەوە کە سەرەڕای ئەو بەڵگەنامە جۆراوجۆرانە، جیاوازیدانان بە دژی ژنان هەروا بە شێوەیەکی بەرین درێژەی هەیە،

بە وەبیرهێنانەوەی ئەوە کە هەڵاواردنی ژنان، بنەماکانی بەرابەریی مافەکانو ڕێزدانان بۆ کەسایەتیی مرۆڤ پێشێل دەکاو، پێشی بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو کولتووریی وڵات لە هەلومەرجێکی وەک یەک لەگەڵ پیاواندا دەگرێو، لە سەر ڕێی پەرەگرتنی بەختیاریی کۆمەڵو بنەماڵە دەبێتە کۆسپو لەمپەرو، پشکوتنی بەتەواویی تواناییو لێوەشاوەییەکانی ژنان لە خزمەت بە وڵاتو مرۆڤایەتیدا، لەگەڵ گیروگرفتو کەندو کۆسپ بەرەوروو دەکا،

نیگەران لەوە کە ژنان لە هەلومەرجو ژیانی هەژارانەو دەسکورتانەدا، لانی کەمی ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بە خواردەمەنی، لەشساغی، خوێندنو فێربوون، دەرەتانی کارکردنو پێویستییەکانی دیکەیان هەیە،

بەو هۆیەوە کە لەو باوەڕە داین کە پێکهاتنی سیستەمێکی نوێی ئابووریی نێونەتەوەیی لەسەر بناغەی بەرابەریو دادپەروەری، نەخشێکی گرنگی لە بەرەوپێشەوە بردنی بەرابەریی نێوان پیاوانو ژناندا دەبێ،

بە پێداگرتن لە سەر ئەم ڕاستییە کە خاشەبڕکردنی ئاپارتایدو، کۆتایی هێنان بە شکڵو شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕەگەزپەرستی، جیاوازیدانانی ڕەگەزی، ئیستیعمار، ئیستیعماری نوێ، دەستدرێژی، داگیرکاری، زۆرداری، خۆتێهەڵقوتاندنی دەرەوە (بێگانە) لە کاروباری دەوڵەتاندا، پێویستی بە وەدیهاتنی بەتەواویی مافەکانی ژنانو پیاوان هەیە،

بە قەبوڵکردنی ئەوە کە پتەوکردنی ئاشتیو هێمنایەتیی نێونەتەوەیی، سڕینەوەی ئاڵۆزییە نێونەتەوەییەکان، هاوکاریی دوو لایەنەی دەوڵەتان لەگەڵ یەکتر بێ وەبەرچاوگرتنی سیستەمە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان، چەک داماڵینی بە تەواویو بە تایبەتی داماڵینی چەکی ئەتۆمی (ناوکی) لە ژێر چاوەدێریو کۆنترۆڵی وردو کاریگەری نێونەتەوەییدا، پێداگرتن لە سەر بنەماکانی دادپەروەری، بەرابەریو قازانجە دوولایەنەکان لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتاندا، وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی ئەو خەڵکانەی لە ژێردەسەڵاتی ئیستیعمارو بێگانەو داگیرکەری دەرەکی دانو، گەیشتنیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانو سەربەخۆییو، هەروەها ڕێز دانان بۆ دەسەڵاتدارەتیی نەتەوەییو تەواوەتیی ئەرزی، دەبنە هۆی پەرەگرتنو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو، لە ئاکامدا یارمەتی بە پێکهاتنی بەرابەریو یەکسانیی تەواو لە نێوان ژنانو پیاواندا دەکەن،

چونکە پێمانوایە پەرەگرتنی بەتەواویو هەموو لایەنەی وڵاتێک، خێرو خۆشیی جیهانیو جێگیر بوونی ئاشتی، پێویستیان بە بەشداریی یەکپارچەی ژنان لە هەموو بوارەکان لە هەلومەرجی وەک یەک بۆ ژنانو پیاواندا، هەیە،

بە لەبەرچاوگرتنی نەخشی زۆری ژنان لە دابین کردنو هێنانەدیی ئاسوودەیی بنەماڵەو پێشکەوتنی کۆمەڵدا. کە تا ئێستا بە تەواوی لێی نەکۆڵراوەتەوە- گرینگیی دایکایەتی لە باری کۆمەڵایەتی یەوەو نەخشی دایکو بابەکان لە بنەماڵەو پەروەردەکردنی منداڵانداو، بە ئاگاداری لەمە کە نەخشی ژنان لە سکوزادا نابێ ببێتە بەردی بناغەی جیاوازیدانانو، بارهێنانی منداڵان پێویستی بە دابەشکردنی بەرپرسایەتی لە نێوان ژنو پیاوو کۆمەڵدا هەیە،

بە ئاگاداری لەمە کە ڕۆڵو نەخشی کۆنی ژنانو پیاوان لە نێو کۆمەڵو بنەماڵەدا، لە پێناوی گەیشتن بە بەرابەریی تەواو لە نێوان ژنانو پیاواندا پێویستە ئاڵوگۆڕی بەسەردابێ،

شێلگیرو پێداگر لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی بەیاننامەی نەهێشتنی فەرقوجیاوازی دژ بە ژنانو، هەر بەم مەبەستە هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست بۆ لەنێوبردنی ئەو جیاوازییانە لە هەموو شکڵو شێوەکانیاندا، لە سەر ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

بەشی یەکەم

**ماددەی ١:**

مەبەست لە دەستەواژەی «جیاوازیدانان بە دژی ژنان» لەم ڕێککەوتننامەدا، هەموو ئەو هەڵاواردن، دەرهاویشتن، بێبەشکردنو سنوور دیاریکردنانەن کە لە سەر بناغەی زایەند (جنس) بەڕێوە دەچنو، مەبەستیان ئاکامی هەر هەموویان بێبەری کردنی ژنان لە مافە ئینسانییەکانیانو ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بوارە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووریو مەدەنییەکانداو، هەر بوارێکی دیکەی پێوەندیدار بەوانەوەیە.

**ماددەی ٢:**

دەوڵەتانی ئەندام، هەموو چەشنە جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان مەحکووم دەکەنو، ڕادەگەیەنن کە دەستبەجێ بە هەموو ئامرازو شێوازێکی گونجاوەوە، سیاسەتی نەهێشتنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان دەگرنە پێشو، هەر بەم نیازەشەوە بەرعۆدە دەبن کە:

ئەلف- ئەسڵی بەرابەریی ژنانو پیاوان لە یاسای بنەڕەتیو قانوونە پێوەندیدارەکانی دیکەی وڵاتدا- ئەگەر تا ئێستا نەگونجابێ- بگونجێنو، جێبەجێ بوونو بەڕێوەچوونی بەکردەوەی ئەم ئەسڵە بە هۆی دانانی قانوونو لە ڕێگای گونجاوی دیکەوە، دەستەبەر بکەن،

ب- بە هۆی پەسندکردنی قانوونی گونجاوو لەبارو، لە ڕێگای هەڵگرتنی هەنگاوی دیکەوە کە دیاریکردنی سزا بۆ پێشێلکەران یەکێکیانە، لە هەوڵی نەهێشتنی فەرقوجیاوازی بەرانبەر بە ژناندا بن،

پ- پشتیوانیی قانوون لە مافەکانی ژنان لە سەر بناغەی بەرابەری لەگەڵ پیاوانداو، پشتیوانیی کاریگەر بۆ ژنان لە بەرانبەر هەر جۆرە کردەوەو هەنگاوێکی تێکەڵ بە فەرقوجیاوازی لە لایەن دەزگاو ناوەندە قەزاییەکانی سەلاحییەت پێدراوی نەتەوەییو دامەزراوە دەوڵەتییەکانی دیکەوە، دابین بکەن،

ت- لە هەر جۆرە کردەوەو هەنگاوێکی تێکەڵ بە فەرقوجیاوازی دژی ژنان خۆبپارێزنو، بەڕێوەبردنی ئەو بەرپرسایەتییانە} کە بەهۆی ئەو ڕێککەوتننامەیە کەوتۆتە سەرشانیان{ لە لایەن ناوەندو دامەزراوە دەوڵەتییەکان }ی وڵاتی خۆیان} دەستەبەر بکەن،

ج- هەموو جۆرە هەنگاوێکی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازی بە دژی ژنان لە لایەن هەر کەسو هەر ڕێکخراوو کۆمپانیایەکی تایبەتییەوە بێ، هەڵبگرن.

چ- بە مەبەستی گۆڕینیان هەڵوەشاندنی قانوون، بڕیار، دابونەریتو ڕەفتاری ئەوتۆ کە بەرانبەر بە ژنان جیاوازی دادەنێن، قانوون دابنێنو ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر.

ح- هەموو سزاو تەمبێ یەک لە ئاستی وڵاتەکەیاندا کە دەبنە هۆی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان، هەڵوەشێننەوە.(*)

**ماددەی ٣:**

دەوڵەتانی ئەندان دەبێ لە گشت بوارەکان، بە تایبەتی لە بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو کولتوورییەکاندا، بە هەڵگرتنی هەنگاوی گونجاو، یەک لەوان دانانی قانوون، بۆ دەستەبەرکردنی پەرەگرتوویی و پێشکەوتنی بە تەواویی ژنانو، هەروەها دەست ڕاگەیشتنی ئەوان بە مافە ئینسانییەکانو ئازادییە بنەڕەتییەکان لە سەر بناغەی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا، تێبکۆشن.

**ماددەی ٤:**

١.گرتنە پێشی ڕێوشوێنی تایبەتیو کاتی لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە کە ئامانجیان پێکهێنانی خێراتری بەرابەری لە نێوان ژنانو پیاوانە، نابێ وەک «جیاوازیدانان» بەو مانایە کە لەم ڕێککەوتننامەدا هاتووە، سەیری بکرێ. ئەم هەنگاوانە جگە لەوەی نابێ ببنە هۆی ]مانەوەو[پاراستنی پێوانەو پێوەرە نابەرابەرەکان، دەبێ دوای بەدیهاتنی ڕەفتارو دەرفەتی بەرابەر، کۆتاییان پێبهێنرێ.

٢. گرتنە پێشی ڕێوشوێنی تایبەتی لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە بۆ وێنە هەر ئەو هەنگاوانەی بە مەبەستی پشتیوانی لە دایکایەتی لەم ڕێککەوتننامەدا گونجاون، بە جیاوازیدانان دانانرێن.

**ماددەی ٥:**

دەوڵەتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی گونجاو لەم بوارانەی خوارەوەدا هەڵدەگرن:

ئەلف- گۆڕینی ڕەفتارو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکانی پیاوان و ژنان بە مەبەستی لەنێوبردنی دەمارگرژیو گشت شێوازە کۆنەکانو نەریتی جۆراوجۆری دیکە کە بە چاوی سووک تەماشای ژنو پیاو دەکەن، یان یەکێکیان، لەوی دیکە بە زیاتر دەزاننو یان دەیانەوێ نەخشو ڕۆڵە کلیشەییەکانی ژنانو پیاوان بە نەگۆڕی بمێننەوە.

ب- دڵنیا بوون لەوە کە تێگەیشتنی دروست لە دایکایەتی وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتیو، هاوبەشبوونی بەرپرسایەتیی پەروەردەو فێرکردنی منداڵان لە نێوان دایکو بابدا بەشێک دەبێ لە فێرکردنو پەروەردەی بنەماڵە، بۆ ئەوەی لە ئاکامی ئەم جۆرە تێگەیشتنەدا قازانجی منداڵان هەموو کات لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێ.

ماددەی ٦ :

دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی پێشگیری لەڕاگوێزتنو هێنانو بردنی ناقانوونیو کەڵکوەرگرتن لە لەشفرۆشیی ژنان، هەموو هەنگاوێکی پێویست کە یەک لەوان دانانی قانوونە، هەڵدەگرن.

بەشی دووهەم

**ماددەی ٧ :**

دەوڵەتانی ئەندام بۆ لابردنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی وڵاتدا هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن، بە تایبەتی ئەو مافانەی خوارەوە لە هەلومەرجی وەک یەک لەگەڵ پیاواندا، بۆ ژنان دابین دەکەن:

ئەلف- دەنگدان لە هەموو هەڵبژاردنەکانو ڕاپرسییە گشتییەکانداو، هەبوونی دەرفەتی خۆکاندید کردن لە هەموو دەزگایەکی هەڵبژێردراوی گشتیدا:

ب- بەشداری لە دیاریکردنی سیاسەتی دەوڵەتو جێبەجێکردنیداو، دیاریکران بۆ بەرپرسایەتییە دەوڵەتییەکانو بەڕێوەبردنی هەموو بەرپرسایەتییەکان لە هەموو ئاستێکی دەوڵەتیدا:

ت- بەشداری لە ڕێکخراوەو ئەنجومەنە نادەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی وڵاتدا.

**ماددەی ٨:**

دەوڵەتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن تا بێ هیچ چەشنە جیاوازییەکو لە هەلومەرجێکی وەک یەک لەگەڵ پیاواندا، دەرەتان بە ژنان بدرێ وەک نوێنەری ئەوان لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەڵبسووڕێنو لە تێکۆشانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا، نەخشیان هەبێ.

**ماددەی ٩:**

١. دەوڵەتانی ئەندام لە بواری وەرگرتن، گۆڕینیان پاراستنی ڕەگەزنامە (تابعیت)دا، مافی وەک یەک لەگەڵ پیاوان دەدەن بە ژنان. دەوڵەتان بە تایبەتی ئەو مافە بۆ ژنان دەستەبەر دەکەن کە مێرد کردن بە پیاوێکی بێگانە (خەڵکی وڵاتێکی دیکە)، یان گۆڕینی ڕەگەزنامەی پیاوی ژندار، لەخۆڕا نابنە هۆی گۆڕانی ڕەگەزنامەی ژنەکە، یان بێبەری بوونی ئەو لە نیشتمان، یان بەسەرداسەپانی ڕەگەزنامەی مێردەکەی.

٢. دەوڵەتانی ئەندام مافی وەک یەک بە ژنانو پیاوان لەبارەی ڕەگەزنامەی منداڵانیانەوە دەدەن.

بەشی سێهەم

**ماددەی ١٠:**

دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، هەرچەشنە هەنگاوێکی پێویست بۆ لابردنی جیاوازی لە دژی ژنان هەڵدەگرن. بە تایبەتی لەسەر بناغەی بەرانبەریی ژنو پیاو ئەو خاڵانەی خوارەوە دەستەبەر دەکەن:

ئەلف- هەلومەرجی وەک یەک لە بواری فێرکردنە فەننیو حیرفەییەکانداو، بە مەبەستی دەست ڕاگەیشتن بە فێربوونو، وەرگرتنی بڕوانامە لە دامەزراوە فێرکارییە جۆراوجۆرەکان لە شارو گوندەکاندا،

ئەم بەرانبەرییە دەبێ لە قۆناغەکانی پێش چوونە قوتابخانە، فێربوونی گشتی، فەننیو حیرفەییو خوێندنی فەننیی بەرزو هەروەها دەورە حیرفەییە جۆراوجۆرەکاندا دەستەبەر بکرێ.

ب- دەست ڕاگەیشتن بە بەرنامەی دەرسیی وەک یەک، تاقیکاریی وەک یەک، مامۆستایانی هاوئاست لە باری لێوەشاوەییو بڕوا پێکراوییەوە، شوێنو جێگای وەک یەکو ئیمکاناتو پێداویستیی وەک یەک بۆ فێربوون لە باری چۆنایەتییەوە.

پ- لەنێوبردنی هەر چەشنە تێگەیشتنێکی دەقگرتوو (کلیشەیی) لە بارەی نەخشی ژنانو پیاوان لە هەموو ئاستو جۆرو شێوە جیاوازەکانی فێرکردندا لە ڕێی هاندانو بوار ڕەخساندن بۆ خوێندنی تێکەڵاوو شێوازە جۆراوجۆرەکانی دیکەی فێربوون کە ڕێگای گەیشتن بەو مەبەستە خۆش دەکەن. بە تایبەتی لە ڕێگای چاوخشاندنەوە بە کتێبە دەرسییەکانو بەرنامەی فێرکردن لە قوتابخانەکانداو بەراوردکردنی شێوازەکانی فێرکردن لەگەڵ یەکتر.

ت- پێکهێنانی دەرەتانی وەک یەک بە مەبەستی کەڵکوەرگرتن لە بورسو ئیمتیازەکانی دیکەی خوێندن.

ە- دابینکردنی ئیمکاناتی وەک یەک بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە بەرنامەکانی تایبەت بە درێژەی خوێندن، بۆ وێنە بەرنامەکانی خوێندەوار کردنی گەورەساڵان بە تایبەتی ئەو بەرنامانەی بە مەبەستی پڕکردنەوەی هەرچی زووتری کەلێنی نێوان ژنانو پیاوان لە بواری خوێندەواریدا داڕێژراون،

ج- هێنانەخواری ڕێژەی ئەو کچە قوتابییانەی کە دەست لە خوێندن هەڵدەگرنو، دانانی بەرنامە بۆ ئەو ژنو کچانەی کە زوو دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە.

چ- دابینکردنی پێداویستیی وەک یەک بۆ بەشداریی چالاکانەی ژنان لە وەرزشو ڕاهێنانی لەشدا.

ح- دەستڕاگەیشتن بەو ڕێوشوێنو زانیارییە دیاریکراوانەی سلامەتیو لەشساغیی بنەماڵە دەستەبەر دەکەن. ڕێنوێنی لە بارەی چۆنیەتیی کۆنترۆڵی زاوزێ لە بنەماڵەدا، لەو زانیاریو ڕێوشوێنانەن.

**ماددەی ١١:**

١. دەوڵەتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن تا هەر جۆرە جیاوازیدانانێک بە دژی ژنان لە بارەی کارو پیشەوە لە نێو ببەنو لە سەر بناغەی ئەسلی بەرانبەریی ژنو پیاو، مافی وەک یەک بۆ ئەوان دەستەبەر دەکەن. بە تایبەتی لەم بوارانەی خوارەوەدا:

ئەلف- مافی کارکردن وەک مافێکی بێ ئەملاوئەولای هەر مرۆڤێک،

ب- مافی کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتی وەک یەک بۆ دامەزران لەسەر کار، کە بەڕێوەبردنی پێوانەو ڕێوشوێنی وەک یەک بۆ دامەزراندن یەک لەو هەنگاوانەیە،

ت- مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی کارو پیشە، مافی چوونە سەری پلەو پایە، مافی دڵنیا بوون لە باری {لەدەست نەدانو دەرنەکران لەسەر} کارەوەو مافی کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئیمتیازو هەلومەرجێکی تایبەت بە کارو پیشەو، مافی بەشدار بوون لە دەورە پسپۆرییەکانو کلاسەکانی فێرکردنەوەی دووبارەدا، بۆ وێنە دەرورەکانی فێربوونی کارو بەشداری لە دەورەکانی فێربوونی پسپۆڕیو ڕاهێنانی قۆناغ بە قۆناغدا،

ج- مافی وەرگرتنی هەقدەستی بەرانبەرو هەروەها کەڵکوەرگرتن لە ئیمتیازەکانو، مافی بەرەوروو بوون لەگەڵ ڕەفتاری وەک یەک لەو کارانەدا کە بایەخی وەک یەکیان هەیەو هەروەها لەگۆڕێدا بوونی داوەریی وەک یەک بۆ هەڵسەنگاندنو نرخاندنی چۆنایەتیی ئەو کارانەی وەک یەکن،

چ- مافی کەڵ وەرگرتن لە بیمە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی لە قۆناغەکانی خانەنشینی، بێکاری، نەخۆشی، بێتوانایی، پیریو جۆرەکانی دیکەی پەککەوتەییو، هەروەها مافی کەڵکوەرگرتن لە مەرەخەسی بە مووچەو هەقدەستەوە،

ح- مافی پارێزرانی سلامەتیو لەشساغیو، بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە ئەمنییەتی شوێنی کار، کە پشتیوانی لە ئەرکی سکوزاو بەرهەمهێنانی منداڵ یەک لەوانە،

٢. بە مەبەستی پێشگیری لە بەڕێوەچوونی کردەوەی تێکەڵ بە فەرقوجیاوازی دژی ژنان لە سۆنگەی مێردکردنیان دووگیان بوونیانەوەو، بە نیازی دەستەبەرکردنی مافی ئەوان بە شێوەیەکی کاریگەر لە بواری کارکردندا، دەوڵەتانی ئەندام ئەم هەنگاوانە هەڵ دەگرن:

ئەلف- وەدەرنانی ژنان لەسەر کار سەبارەت بە دووگیان بوونو مەرەخەسی وەرگرتن بە بۆنەی منداڵبوونەوەو، جیاوازیدانان بە هۆی بارودۆخی ژنو مێردایەتییانەوە، قەدەغە دەکەنو لەم پێوەندییەدا، سزا قانوونییەکان بەڕێوەدەبەن،

ب- مەرەخەسی پێدان لە کاتی منداڵبوونو زەیستانیدا، بێ ئەوەی لە مووچەو ئیمتیازە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیان بێبەشیان بکەنیان بەو بۆنەیەوە کاری پێشوویان لە دەست بدەن.

پ- هاندانی پێشکێشکەرانی خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستەکان بۆ ئەوەی دایکو بابەکان بتوانن بەرپرسایەتییە بنەماڵەییەکانیان لەگەڵ بەرپرسایەتییە شوغڵییەکانیانو بەشدارییان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هاوهەنگاو بکەن، بە تایبەتی لە ڕێگای پێکهێنانو پەرەپێدانی ڕایەڵکەی تایبەت بە چاوەدێریی منداڵانەوە،

ت- دابینکردنی پشتیوانیی تایبەتی بۆ ژنان لە کاتی دووگیانیدا، بە تایبەتی لەو کارانەدا کە مەترسییان بۆ ئەوان هەیە،

# خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ فیلمی «جودایی نادر لە سیمین»

وریا ڕەحمانی

بۆ یەکەم جار لە مێژووی سینەمای ئێراندا فیلمێکی ئێرانی توانیی کە گرینگترین و بەنرخترین خەڵاتی سینەمایی جیهان واتە ئۆسکار بەرێتەوە و شانازییەکی هەرمانی نەتەنیا بۆخۆی بەڵکوو بۆ هەموو سینەما و هونەرپەروەران و خەڵکی ئێران بە گشتیش تۆمار بکا. دیارە سینەمای ئێران و فیلمی ئێرانی بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا چەندین جاری دیکەش توانیبووی لە فێستیڤاڵە جۆراوجۆرە نێونەتەوەییە خاوەن پێگەکانی جیهاندا بەشداری بکا و خەڵاتی ڕەنگاورەنگی جیهانی بەدەست بێنێ، بەڵام تەنیا جارێکی دیکە، پێشتر بە فیلمی «بچەهای آسمان» (منداڵەکانی ئاسمان)ی مەجید مەجیدی ڕێی بەشداری لە ئۆسکاری پەیدا کردبوو. کەچی ئەوە یەکەم جار بوو کە جیا لە بەشداریکردن لە فێستیڤاڵێکی گەورەی وەک ئۆسکار دا تەنانەت خەڵاتی یەکەمی فیلمی بیانیش دەباتەوە و ئەسغەر فەرهادی وەک یەکەم دەرهێنەری ئێرانی ئەم خەڵاتە بێوێنەیە وەردەگرێ.

من نامەوێ لێرە و لە ڕێی ئەم نووسراوەیەدا باس لە لایەنە تەکنیکییە جۆراوجۆرەکانی ئەم فیلمە بکەم و هۆکارە جیاوازەکانی کارناسیانەی دەروشانەوەی ئەم فیلمە تایبەتە لەم ئاستە بەرز و کەم وێنەیەدا باس بکەم، کە ڕەنگە نە کاری من بێ و نە منیش مەبەستێکی ئاوام هەبێ و خۆمیشی لە قەرە بدەم. بەڵکوو بەر لە هەموو شتێک بە تەمام وەک بینەرێکی ئاسایی و بە دیدێکی لێکۆڵەرانەوە خوێندنەوەیەکی دووبارەی فیلمەکە (جودایی نادر لە سیمین) بکەم. پێم وایە بەر لەوەی کە بچینە نێو ناخی فیلمەکەوە و لە هەوڵی شرۆڤەی دابین، ڕوونکردنەوەی چەند بابەتێک گرینگییەکی تایبەتی هەبێ و پێویست بێ ئاوڕێکی جیددیی لێ بدەینەوە. بەر لە هەموو شتێک پێویستە لە سۆنگەیەکی دیاردە ناسانەوە هەوڵ بدەین توخمە جۆراوجۆرەکانی دەرگیر لەو فیلمەدا بدۆزینەوە و بیانناسین. ئەو فیلمە دیدێکی تاک بۆ گشت (جزء بەکل)ی هەیە و دەیەوێ لە سۆنگەی بەرجەستەکردنەوەی برگەیەکی ژیانیی دوو خێزانی جیاوازی ئێرانی کە هەر کامە و حیکایەت لە توێژێکی تایبەتی ئەم وڵاتە دەکەن، ڕەوشی گشتی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و...ی کۆمەڵگاکە لێک بداتەوە. ئەم فیلمە ڕاشکاوانە فیلمێکی ڕەخنەگرانەی ئیعترازیی چەند ڕەهەندی‌یە، بە فەزای گشتیی وڵاتیکی وەکوو ئێران.

دەکرێ بڵێین کە ئەم فیلمە لە کۆبەندی گشتیی خۆیدا گرتەیەکی ڕەخنەگرانەیە لە برگەیەکی مێژوویی سەردەمی کۆمەڵگەی ئێران. بە واتایەکی دیکە ئەم فیلمە ڕیپۆرتاژێکی هونەرمەندانەی سینەمایی‌یە لە مێژووی زیندووی ئێران. ئەم مێژوویەی کە ڕۆژانەی خەڵکەکەی پێیدا تێپەڕ دەبێ و هەناسەکانی ژیانیانی لێ وەردەگرن. مێژوویەک کە لە سۆنگەی ژیانی ڕۆژانەی دوو خێزانی جیاواز بەڵام گرێدراوی ئەم کۆمەڵگایەوە دەگێردرێتەوە. خێزانی نادر و سیمین کە دەورێکی سەرەکی‌تر لە فیلمەکەدا دەگێڕێ و لە چوار ئەندام پێک هاتوە. باوکی نادر، کە نوێنەری نەسلی پێشووی کۆمەڵگایە و حیکایەت لە مێژوویەکی نەک زۆر دوور بەڵام پەک کەوتە و بێ‌کەڵک دەکات کە بە زۆری هەناسەی دەستکرد (تنفس مصنوعی) ڕاگیراوە و بە پێی تەمەنی، سەردەمی کەڵکی باشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێش شۆڕش و گورزی کەڵکی لە بە ئاکام گەیاندنی شۆڕشدا وەشاندوە.

نەسلێک کە ڕازی لە کرداری خۆی نیە و لەو کەڵەکەبوونی پەشیمانییەی کە بەردەوام لە دەروونی خۆیدا هەستی پێدەکا، لە توێی ڕۆژنامەکاندا بە شوێن هەواڵەکاندا دەگەڕێ و لە چاوەڕوانیی گۆڕاندا بە سەر دەبا. کەچی نەسلی ئەمڕۆ بە





هەموو جۆرەکانی خۆیەوە و لە هەر پێگەیەکدا بەردەوام خەریکی شۆردنەوەی گووکارییەکانین و خۆ پیس‌کردنی جارناجاری ئەم پیرەپیاوە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەم تێبینییە. کارئەکتێرانی سەرەکیی ئەم خێزانە بریتین لە خودی نادر و سیمین. نادر کە نوێنەرایەتیی ئەم توێژەی نێو کۆمەڵگەی ناخۆشی وڵاتێک دەکا کە پێی وایە بە هەرحاڵ و لە هەر هەلومەرجێکدا وێڕای هەموو گرفتەکانیش نابێ مەیدان چۆل بکا و پێویستە بمێنێتەوە و شەڕی بۆ بکا. بەتایبەت کە لە ڕووی عاتیفییەوە بەستراوەیەکی زیاتری بە مێژوو و نەسلی پێش خۆیەوە هەیە و هەستێکی دەروەستەیی زیاتری تێدایە. کەچی لە بەرامبەردا سیمین دەبینین کە دەروەستەبوونێکی لاوازتری هەیە و حازر نیە ژیانی خۆی و منداڵەکەی کە بە جۆرێک حیکایەت لە داهاتووش دەکا لە پێناوی ڕابردوویەکی نەخوازراودا بدۆڕێنێ.

هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە قژی سوور (ڕەنگ کراو)ی سیمین لە بەرامبەر ڕیشی نادردا خۆنوێنییەکی مانادارانەی هەیە و بە جۆرێک نیشانەی دوو چەشنەبوونی نەتەنیا ئەندێشەیی بەڵکوو کرداریشی دوو جۆری جیاوازی نەسلێکی تایبەتی ئەمڕۆی نێو کۆمەڵگاکەیە. لە ئاکامدا چوارەمین و دوایین ئەندامی خێزانەکە کچە یازدە ساڵە مێرمنداڵەکەی ئەم بنەماڵەیەیە کە لە چاوەڕوانیی داهاتوویەکی نارووونی لێڵ دایە کە قەرارە لە نێوان کێشە نەخوازراوەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگاکەیدا سەروەدەرنێ. منداڵێک کە بە قەوڵی باوکی حەزی لە مانەوەیە و بە قەوڵی دایکی چاک و خراپی خۆی لێک ناکاتەوە و تا کۆتایی فیلمەکەش لەم فەزا ئاوێزان (تعلیق)یە بێ‌دەرەتانەدا دەمێنێتەوە و دەرووی دەربازبوونیشی نیە. بە هەر حاڵ بارودۆخی خێزانی نادر و سیمین فەزای خێزانێکی لە قەدەر دەست ڕۆیشتووی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێرانمان پێ‌دەناسێنێ کە دەرەتانی دەربازبوون لەو کۆمەڵگە پڕ لە کێشە و نەخوازراوەیان هەیە و کێشەکان زیاتر کێشەی ئەندێشەیین کە لە نێوان مانەوە و نەمانەوەدا هێشتووینەتەوە. ئەوەی کە لە سەرەتای فیلمەکەدا سیمین باس لە جۆربوونی ڤیزاکانیان دەکات خود دەرخەری لە باربوونی ئیمکانی مادی و مەعنەویی دەربازبوون لە فەزاکەیە. بەڵام کاتێک نادر باس لەوە دەکا کە لەبەر باوکی و ژیانی کە لێرەیە ناتوانێ مل بەو دابڕانەدا بێنێ نیشانەی پابەندبوون و نەبوونی ئیمکانی ڕۆحیی کۆچ کردنەیەتی. دەسپێکی سەرەتای فیلمەکە لە دادگا دا و کۆتایی هاتنی فیلمەکە دووبارە هەر لە دادگادا، بە گشتی فەزایەکی قەزاوەت و داوەری کردنی بەردەوام بە درێژایی فیلمەکە لە زەینی بینەردا دروست دەکا و هانی دەدا وەک کارئەکتێری پێنجەمی نێو فیلمەکە خۆی بە بەشێک لە پرسەکە دابنێ و بە شێوەیەکی جددیتر لە بەرەوپێشچوون و کۆتایی و تەنانەت پاش کۆتایی هاتنی فیلمەکەشدا بەشداریی ڕەوتی داستانەکە بکا. کۆبەندی ئەم فیلمە زیاترەکەی باس لە کۆمەڵێک کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتیی بەستراوە بە ڕەوشی سیاسیی وڵاتێکەوەیە کە تەنانەت هاووڵاتییەکانی بە بێ ئەوەی کاراکتێرانێکی تایبەتی سیاسیش بن بەڵام لە هەوڵی هەڵاتن و خۆدەربازکردن لە فەزایەک دان کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی پێیەوە هەیە و ئەوەش بەروونی لە ناخودئاگا (نەست)ی دەمەقاڵەی نێو دادگای نادر و سیمین دا دەردەکەوێ.

لە درێژەی فیلمەکەدا و لە پەراوێزی خێزانی نادر و سیمین دا لەگەڵ خێزانێکی دیکەی نێو ئەو کۆمەڵگەیەش بەرەوروو دەبینەوە کە سەر بە توێژی خوارەوەی کۆمەڵگەن و ئیتر ئەوان ئەو دەست ڕۆیشتوویەی ئەوانیان بۆ ئەگەری دەربازبوون لەم فەزا نەخوازراوەی کۆمەڵگا نیە.

خێزانێک کە لە ژێر گوشاری بێ‌درێغی ئابووریی وڵاتدا ماونەتەوە و جۆراوجۆرییەکانی ژیانیان لە نێوان زیندان و کارکردن لە ماڵی خەڵکانی دیکەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەگەر منداڵی بنەماڵەی یەکەم ژیان و داهاتووی خۆی لە نێوان ئەندێشەی جیاوازی باوک و دایکی و کێشمەکێشەکانی ئەواندا دەدۆزێتەوە و لە نێوان مانەوە و ڕۆیشتن دا ماوەتەوە، ئەوا منداڵی بنەماڵەکەی دووهەم ژیان و داهاتوویەکەی لە نێوان میلەکانی زیندان و زنجیری پێی تاوانبارانی نێو دادگاکانی ئەم کۆمەڵگایەدا دەبینێتەوە و بە دوایدا دەگەڕێ.

ئەسغەر فەرهادی تا ئێستا ٤ جاری خەڵاتی سیمورغی بلوورینی فیستیڤاڵی فەجر لە ئێراندا بردۆتەوە و لە کارە بەرچاوەکانی پێشووی دەکرێ ئاماژە بە فیلمەکانی: چوارشەممە سووری، شهر زیبا، دەربارەی ئێلی و... بکەین.

## هەر وەکوو گوڵی سلێمان بەگ ...

سوڕەییا فەللاح

و: نێعمەت

هەواکەی ساردە و تنۆڵکەکانی ئاو بەستوویانە. ئەو کاتژمێرانەی کە ڕادەی هەواکەی دەچتە سێ دەرەجە سەرەوەی سیفر نمە بایەکی دێت. تەنیا دە کیلۆمیترە پێش خۆت دەبینی و بارانێکی سارد و نەرم خەریکە بەسەر بەفرەکان دا دەبارێت. شار هەورا لە بێدەنگی دایە. لەو شلوقیە هەمیشەیەی شار هیچ هەواڵێک نیە. هەر دەڵێی هەموویان چاوەڕێی هەواڵێکن تاکوو وە جووڵە جووڵیان خات و شەوقێکیان تێدا ساز بێت. پەیامنێرێک بە پەلە دێتە ناوو شار و هەواڵێک بە شار دەگەیەنێت. شارە دێرینەکەی بانە وەدەنگ دێت: خۆشەویستێک دەگەڕێتەوە بۆ شار. نووسەری « گۆڕستانی غەریبان» و پیاوێکی قسە خۆش کە هەیبەتی بەقەرا کێوی ئارباباو دووزینە، دەگەڕێتەوە بۆ شار. خەڵک بەرەو پیلی دەچن، هەواکەی تەماوی و ساردە بەڵام لەگەڵ خۆی گەرمایەکی هێناوە، بەڵام جیاواز. شتێک وەک سووتان. سووتان بە هۆی کۆچی دوایی ئازیزێک. ژمارەی هاوڕێیان دێت و زیاتر دەبن. خەڵک بە یەکتر دەڵێن: دوکتور ئیبراهیمی وێنسی گەڕاوەتەوە بۆ شار. فەسڵی هەڵوەرینی گەڵا نییە، بەڵام فەسڵی هەڵوەرینی تەختە بەردی توێ توێ و دەنکە سپیەکانی بەفر و تنۆکە بارانی ساردە. خەڵک بەرەو مەزاری جوانی سلێمان بەگ ڕێنوێنی دەکەن. شوێنێک کە بۆ خەڵکی ئەو ناوە و گەشتیارەکان ناسراوەو بەسەر گوڵەکانی دا چەندەها هەڵبەست وتراوە. خەڵک شانازی بە خۆیانەوە دەکەن کە ئەمڕۆکە گۆڕستانی سلێمان بەگ و تەبیعەتەکەی بە ئازیزێک ڕازاوەتەوە و ئەو ڕۆژەیی بۆ ماڵاوایی کردن هەڵبژاردوە کە ڕۆژی لەدایک بوونی دروستکەری ئاواتە گەورەکانە و بۆخۆشی کە بەدی هێنەری زبانێک بۆ زبانێکی ترە بووە. وەبیر ئەو ئاواتانە کەوتمەوە کە سی و سێ ساڵ لەمەو پێش کاتێک کە ببوو بە ئۆستانداری کوردستان لە ناو دڵمان دا ساز ببوو، ئەو کاتانە کە لەگەڵ شاگردەکانی ناو دانیشگا لە ژمارەیەکی یەکجار زۆری بڵاو کراوەو وەرگێڕانەکانی ئەو دەدواین و لە نێوان وەرگێڕانەکانی دا پێوەندییەکانی کورد فێر دەبووین. بەڕاست ئەو کاتە کە قسەی لە « کڵاو خوارو قەرەچ» دەکرد و «زستانی بێ بەهاری» دەنووسی و کاتێکیش بە قەڵەمە بەتواناکەی «گۆڕستانی غەریبان»ی دەهۆنیەوە، دەیزانی لە سلێمان بەگ گۆڕێکی ئاشنا ساز دەکا؟ گۆڕێک کە لە یادی هیچ ئاشقێکی ئەو نەچێتەوە. «بەخێر هاتی» کاکە ئیبراهیم. بەو فرمێسکانەی لە سەر گۆڕی ناسراوت کران یارمەتی «گەشە کردنی باغ»ی سلێمان بەگ کرد. بیرت وەکوو هەنگاوەکانت و قسە خۆش و پێکەنیناویەکانت هەر وەکوو گوڵە سوور و زەردەکانی سلێمان بەگە. بۆ هەمووان نووسیت و وتت، ئێستا هەموومان بۆتۆ دەخوێنن. بەڵام داخ بۆ ئێمە کە لەسەر « خەمی شەوی بێ کۆتایی»ی خۆمان دانیشتووین و ناتوانین لە هەزاران مایل ئەولاترەوە بۆ دیتنت پەلە بکەین و بێینە سەر گۆڕی ئاشنات و دانیشین.

یادت بەرزو پیرۆز بێت

## وڵاتی من ...!

وڵاتم پڕ بیە دە دەی و دواڵ

گورگ دە پووسێ ئایم و چەقەڵ چوی سەگ وەڕنێ

شوان.... !

شوان دە تۆخمێ کەڵە دزەیلێ عەرەو و عەجەم !

ڕوویی نیشتگە دە پای قەپان و عەداڵەت بەش کەی

لەشکەرێ زوڵەیڵ ڕشیانە دە دەشتێ ئایندەی وڵاتم

زەمین شویەم کەن و تویەمێ بەدبەختی پشنن

ڕیشگێ خیرەت درارن و نەمامێ سەرشۆڕی چکنن

ڕەنگ دە ڕیێ ئاسمانێ وڵاتم نەماگە

ئەی خودا هاوار هاوار هاوار...

خوینێ شۆڕە سوارەیلێ ئیڵ نەمەن وە دەر و دیوار

دڵخوەشییەیلێ وڵات و ئێڵێ ئاخر وە شەڕم بنوور

خاسە کوڕەیل و شێرە دویەتەیلێ ئاوارەی خەباتم بنوور

بنوور وە نەهامەتی بەخت و ڕەنگێ زەردێ وڵاتم

بنوور وە سووری ڕەنگێ دجلە و سیروان و سەیمەرە و فراتم

پشتێ چەمیاگێ شاهۆ و مانێشت و قەندیلم بنوور

ڕیێ ڕنیاگێ داڵگەیڵ و پەژارەی باوگەیلێ خەمینم بنوور

بێ زوانی و بێ بەرگی ، مەردمانم ژە ویر برد

لەشکەرێ جاش و بەزمێ دین میلکانم ئەسیر کرد

وەحید کەماڵی

هەڵە چێنی

## دابەش‌کردنی خەڵات بە هۆی ئەو دەزگایەی هەڵدەستێت

لەم سەردەمەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا ڕۆژ بە ڕۆژ کارئاسانی بۆ جێبەجێ‌کردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکە قورسەکان دەکرێت. جاری جاران ناچار بووین بۆ ڕاپەڕاندنی هەموو کارەکانمان کەڵک لە هێزی شان‌وباهۆی مرۆڤ وەرگرین. بۆ وێنە، بۆ هەڵگرتنی بەردێکی سەت کیلۆیی ناچار دەبووین چەند کرێکار کۆبکەینەوە و بە هات و هاوارێکی زۆرەوە بەردەکە بەرز بکەینەوە. بۆ ڕاست‌کردنەوەی بەرمیلە نەوتێک کە جاران زۆریش هەرزان بوو، دەبوایە لانی‌کەم زارەخوارەی دووسێ کەس بکەین. بۆ گواستنەوەی قوڕی سواخی سەربانی دیوەخانی ئاغای گوندێک، دەبوایە هەموو پیاوە قۆچاخەکانی گوندەکە کۆببنەوە و بە نان و ئاوی خۆیان تێر بکرێن و جا بە گورچووی پڕ و سکی تێرەوە قوڕی سواخەکە هەڵبدەنە سەربانی دیوەخانەکە.

من کە ئێستاش پێم خۆشە لە سەردەمی بەردین دا بژیم، زیاتر دڵم بە پاشماوەی هێڵە خێچ و خوارەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمە خۆشە. ئەوەندە کۆنەپەرستم هەروا حەسرەتی لەدەست‌چوونی دیوەخانی ئاغام لە دڵ دایە و لەگەڵ بەیت و حەیران و حەقایەت و ئەفسانەکانی سەردەمی دیوەخاندا دەژیم. ئەوەندە کۆنەپەرستم بە دیتنی تەلەفزیۆن و لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگی ڕۆژنامەکان دڵم دەخێڵەوە دێت و دەبووریمەوە. زۆرجاران وێنە نیوەڕووتەکانی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان لە بەر دووکانی ڕۆژنامەفرۆشەکاندا هەنگاوم پێ‌شل دەکەنەوە و کیژۆڵە ناسکەکانی ناو کلیپی پیاوە دەنگ دیجیتاڵیەکان لە بەرانبەر تەلەفزیۆنە شاشە ڕەنگاوڕەنگەکاندا هەستی پیاوسالاریانەم دەبزوێنن. بەڵام ئەوەندە کۆنەپەرستم، وێنە دڵڕفێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی لاپەڕە خۆشەکانی ڕۆژنامەکان و ئیرۆتیکای بەژنی زراڤی ئەکتەری ناو کلیپی گۆرانیبێژە پیاوە دەنگ دیجیتاڵیەکانی تەلەفزیۆنییەکانیش ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر لەم سەردەمەدا ڕامبگرن و دیسان دەگەڕێمەوە سەردەمی بەردین. پێم خۆشە خوێنەری بەڕێز تێمبگەیەنێت بۆچی من بە سندم‌کراوی و دەست و پێ بەستراویش ناتوانم لەم سەردەمەدا بمێنمەوە و وەک ژێی لاستیق یەکسەر بەرەو سەردەمی کۆن وێک دێمەوە؟

لە سەردەمێکدا کە ئەم هەموو وێنە جوانە لە شاشەی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەبنەوە و ئەم هەموو ئامێر و دەزگایە بۆ بەرزکردنەوەی شتەکان لە بەردەست دان، بۆ دەبێ سەرکۆنەی خۆم نەکەم کە ئەوەندە کۆنەپەرستم؟

سێ ڕۆژ لەمەوبەر بانگهێشت‌نامەیەکم بەدەست گەیشت کە تێیدا نووسرابوو: «لە ژێر دروشمی گرینگی‌دان بە زانست و بەرەوپێش‌بردنی، دەزگاکەمان هەڵدەستێت(بە) سازدانی ئاهەنگی دابەش‌کردنی خەڵاتی پێشبڕکێی بیرکاری و زانست» (ئەو «بە»ی ناو کەوانەکە خۆم ئاخنیومەتە ناو ڕستەکەوە).

من دژی ئەم جۆرە پێشکەوتنەم و پێم وایە نابێ بەهۆی ئەم دەزگایەوە کە کاری بەرزکردنەوەیە، خەڵات دابەش بکرێت. ئەگەر خەڵاتەکە ئەوەندە قورس بێت، لەڕێگەی دەزگایەکەوە کە هەڵدەستێت و بەرزیش دەبێتەوە، دابەش بکرێت، بەشداربووانی کۆڕی دابەش‌کردنەکە تووشی مەترسیی گەورە دەبن. لە شوێنی دابەش‌کردنی ئەم خەڵاتانە، دوور کەوتمەوە و بڕیارم داوە لێی نزیک نەبمەوە. بە پاساوی من، ڕەنگە دەزگاکە لە کاتی هەستاندا لە نەکاو بە خەڵاتەوە بنیشێتەوە و ئەوکات بەربوونەوەی خەڵاتێکی قورس لەم بەرزاییەوە، چەند کەسێک لەناو دەبات.

لە ترس و خۆفی ئەم بەزمە، تەنانەت بۆ بەرزکردنەوەی باڵەخانە بەرزەکانیش، دژایەتیی ئەو دەزگایە دەکەم کە هەڵدەستێت بە بەرزکردنەوە.

مستەفا شێخە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 578 5 mar 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## ئامانجنامەی کۆتایی کۆنفرانسی زمان لە دیاربەکر



کۆنفڕانسی زمانی نەتەوەیی لە ڕۆژانی ٢، ٣ و ٤ی مانگی مارس لە شاری ئامەد بە بەشداریی ٣٠٠ زمانزان، پەروەردەکار، سیاسەتمەدار و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە هەموو بەشەکانی کوردستان و جیهانەوە پێک هات. لەو کۆنفرانسە دا لە سەر بابەتی وەک دەوری زمان لە یەکێتی نەتەوەیی دائەلفوبێ و لەهجە کوردییەکان، سیستمی پەروەردە و ئاکادێمی زمان و وتار پێشکێش کران. لە ئاکامی تاوتوێ و هەڵسانگاندنی نوێنەرانی بەشدار لە کۆنفڕانس دا بڕیار درا ئەو داخواز و پێشنیازانەی خوارەوە پێشکێشی بیروڕای گشتی، کۆنگرەی نەتەوەیی و لایەنی پێوەندیدا بکرێن. کۆنگرەی جڤاکی دێمۆکراتیک، ئەو خاڵە١٣ خاڵی لە ئەنجامنامە دا ئاشکرا کرد کە هێندێکیان بریتین لە

١. هەبوونی زاراوە کوردییەکان دەوڵەمەندییە،پاراستن و گەشەپێدانیشیان ئەرکێکی نەتەوەییە.

٢. لەم ڕۆژانە دا کە بەسترانی کۆنفڕانسی نەتەوەیی کورد دە ڕۆژەڤ دایە، دەبێ کوردیش خاوەنی بەرنامە و سیاسەتێکی نەتەوەیی زمانی بێ.

٣. ئەم کۆنفڕانسە بە ستاندار بوونی هەرکام لە زاراوەکان بە پێویست دەزانێ، بەڵام لە کاتی ئاستە کردنی زاراوەکان دا دەبێ هەر شت بەپێی شێوەی خۆی ئاستە بکرێ.

بەڕێوەچوونی کۆڕێک

## بۆ باس لە سەر کتێبی «ئەزموونی خەبات، ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەنزادە»





کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕێکی بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبی «ئەزموونی خەبات، ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەنزادە»، بەرهەمی وتووێژی هەیاس کاردۆ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەو کۆرەدا کە ڕۆژی دووشەممە، ١٥ ی ڕەشەممە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی حیزب و لە نیویان دا چەندین سیمای دیاری خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە لە هەر دوو سەردەمی ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا، پێک هاتبوو، مامۆستا حەسەنزادە، بە کورتی لە سەر چۆنیەتیی ئامادە کرانی «ئەزموونی خەبات، ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەنزادە« بۆ بەشداران دوا.

مامۆستا حەسەنزادە لە بەشێک لە قسەکانیدا وێڕای ئاماژە بە هێندێک تایبەتمەندیی ئەو کتێبە وەک تیشک خستنە سەر هێندێک پرس و بابەتی گرینگی خەباتی سیاسیی کورد کە پێشتر کەمتر باسیان کرابوو، ئەو خاڵەشی روون کردەوە کە ئەو کتێبە تەنیا بەشێک لە مێژووی تێکۆشان و خەباتی ئەوی لە خۆ گرتوە.

بەشیی سەرەکیی ئەو کۆڕە بۆ پرسیار، بیروڕا، ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی ئامادەبووان تەرخان کرابوو کە هەر کام لەوان، لە گۆشەنیگای خۆیانەوە باسیان لە نێوەرۆک و لایەنە جۆراوجۆرەکانی کتێبەکە کرد و سەرنج و تێبینیی خۆیان خستە ڕوو، کە دواتر مامۆستا حەسەنزادە وەڵام و ڕوونکردنەوەی پێویستی لە باری پرسیار و سەرنج و تێبینییەکان پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

شیاوی وەبیرهێنانەوەیە کە کتێبی «ئەزموونی خەبات، ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەنزادە»، بە شێوەی وتووێژ و لە لایەن هەیاس کاردۆ ئامادە کراوە، و ئەزموون و بیرەوەرییەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەی گرتۆتە خۆ. ئەو کتێبە لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠١١دا، چاپ و بڵاو بۆتەوە.

## وەرگرتنی یەکەم ئۆسکاری سینەمای ئێران



فیلمی «جیایی نادر لە سیمین» یەکەم خەڵاتی باشترین فیلمی بیانی وەرگرت و بەم شێوەیە یەکەم ئۆسکاری بۆ سینەمای ئێران بە دیاری هێنا.

ئەسغەر فەرهادی کە فیلمەکەی وەک یەکەم فیلمی ئێرانی لە دوو بەش دا پاڵێوراوی خەڵاتەکانی ئۆسکاری ئەوساڵ بوو، خەڵاتی باشترین فیلمی بیانیی ئەو پێشبڕکییانەی وەدەست هێنا.

ئەسغەر فەرهادی کاتی وەرگرتنی ئەو خەڵاتە ڕایگەیاند کە من بە شانازییەوە ئەو خەڵاتە پێشکەش بە خەڵکی نیشتمانەکەم دەکەن. خەڵکێک کە ڕێز بۆ هەموو فەرهەنگ و ڕەسەنایەتی دادەنێن و لە دوژمنایەتی و ڕق و قین بێزارن.

شایانی باسە ئەوە یەکەم جارە کە فیلمێکی ئێرانی لە ڕێوڕەسمی ئۆسکار خەڵات وەردەگرێ.

پێشتر فیلمی منداڵەکانی ئاسمان بە دەرهێنەری مەجید مەجیدی لە ئێران یەکێک لە پاڵێوراوەکانی خەڵاتی ئۆسکار بوو بەڵام نەیتوانیبوو ئەو خەڵاتە وەدەست بێنێ.

شایانی باسە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زۆربە ساردوسڕی بە درەنگەوە هەڵوێستیان بۆ ئەم سەرکەوتنە گرت و تەنانەت ماڵپەڕی فارس بەشیکی لە قسەکانی فەرهادی لەو ڕێوڕەسمەدا چەواشە کرد.

نامەی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ بانکی مون، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرنجی ئەو ڕێکخراوەیەی بۆ بارودۆخی نالەبار و پێشێل کردنی مافی منداڵان لە سووریە ڕاکێشاوە.

لەو نامەیەدا کە بە ٧ زمان بۆ نووسینگەی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێ کراوە، هاتوە کە منداڵان لە سووریە چ تاوانێکیان هەیە کە بوونەتە دەستەچیلەی شەڕ و بەردەوام دەدرێنە بەر دەسرێژ و گیانیان لەدەست دەدەن؟ خۆ منداڵانی سووریە توانای ئەوەیان نییە کە چەک بەدەستەوە بگرن و بۆ بەربەرەکانیی هێزە ئەمنیەتی‌یەکانی سووریە بێنە سەر شەقامەکان، ئەی بۆچی ئەو منداڵە بێتاوانانە دەدرێنە بەر دەسرێژ و بە بێتاوان خوێنیان دەڕژێتە سەر شەقامەکانی شارەکانی ئەو وڵاتە؟

لە درێژەی ئەو نامەیەی ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتوە کە ئێمە هەقمانە بپرسین کە مەگەر ئەرکی یونیسێف پشتیوانی لە منداڵانی هەموو جیهان نییە؟ ئەی بۆچی لەو بارەیەوە کارێک ناکا؟

لە کۆتایی ئەو نامەیەدا ڕوو لە بانکی مۆن هاتوە کە منداڵان بە گشتی و بەتایبەت لە ئێستادا منداڵان لە سووریە لە ئاشتی دا گەشە دەکەن و پێویستی‌یان بە هێمنی و ئاسایش هەیە.

## چاپکراوی نوێ



دوو ژمارەی ١٣ و ١٤ گۆڤاری k٢١ کە گۆڤارێکی کلتووری ـ زانستی ـ مێژوویی ـ بەڵگەنامەیی ـ نەتەوەیی ـ وەرزیی ئازادە وێکڕا لە توێی دوو بەرگی ٣٦٠ لاپەڕەییدا چاپ و بڵاو کرایەوە.

لەم دوو ژمارە و دوو بەرگەدا بە وردی باس لە کۆمەڵکوژی و کارەساتەکەی شێرناخ دەکرێ کە تێیدا ٣٦ کۆڵبەری کوردی بێ‌تاوان لە لایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیەوە گیانیان لێ ئەستێندرا. پاشان لە وتارێکی دیکەدا بە تێروتەسەلدا باس لە سەر هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی دەکرێ. ئەنفال لە چەند بابەت دا لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە لێکدراوەتەوە و کارەساتی ئەنفال لە باشووری کوردستان شەنووکەو دەکرێ. هەروەها لە درێژەدا چەند وتار و نووسراوی دیکە بۆ دێنە لە ئیسلام و مرۆڤدۆستی عەلمانی، چەپی کورد، شێعری مەحوی و... هاتووە.



بەر لە ماڵاوایی

## گۆڤاری «ژنان» ئەو نەمامەی بووە بە دار

قادر وریا

«... هەر چەشنە ئەرک وەخۆگرتنێک بە مەبەستی بەرەوپێشچوونی خەبات و تێکۆشانی ژنان بۆ مرۆڤێک کە دێموکرات و پێشکەوتنخواز بێ، نەک هەر هیچ منەتێکی نییە، بەڵکوو ئەرکێکی ئینسانی و پیرۆزیشە.»

١٠ ساڵ لەمەوبەر، کاتێک هاندان و بەشداریم لە هەوڵی وەڕێخستنی گۆڤاری «ژنان» دا گەیشتە ئاکام و نۆبەرەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان خەریک بوو پێ بگا، لە بابەتێک دا بۆ یەکەمین ژمارەی ئەو گۆڤارە، ئەم دێڕانەم نووسی کە ئێستا کردوومە دەسپێکی ئەم بابەتە. هەر لە هەمان ژمارە بەڵام لە سەرەتای دوا بابەتی دا، ئەم وتە جوانە کە نازانم هی کێیە، وەبیر هێنابۆوە: «بڕینی درێژترین ڕێگاکانیش لە یەکەم هەنگاوەکانەوە دەست پێ دەکەن.»

ئەمشەو کە لە نێوەڕاستی مانگی ڕەشەمە و لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی ژنان دا، بەنیازی نووسینی ستوونی «بەر لە ماڵاوایی» ژمارە ٥٧٨ی «کوردستان» دەستم بۆ قەڵەم برد، «کوێستان» ١٠ ساڵە بوونی گۆڤاری «ژنان»ی وەبیرم هێنایەوە. زۆریش مەمنوونی بووم کە هەم سوژەی بۆ نووسینی پێ دام، هەم بووە هۆی ئەوە بەوەخت ئاوڕ لە ڕووداوێکی خۆش و ١٠ ساڵ هەوڵی بەردەوام بدەمەوە.

١٠ ساڵە گۆڤاری ژنان هاتۆتە ریزی گۆڤارە کوردییەکان. ١٠ ساڵە ژنانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پیاوانی یەکسانیخواز، ئەوانەی دەستی نووسین و وەرگێڕانیان هەیە و بایەخ بە کاری ڕۆژنامەنووسی دەدەن، تریبوونێکیان بۆ ڕاگەیاندنی بیروڕای خۆیان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی پێوەندیدار بە ژنان دەست کەوتوە. ١٠ ساڵە ئەم گۆڤارە بە هەوڵ و هیممەتی یارانی کۆن و نوێ، بە بەردەوامی ئەگەرچی وەرزانە بڵاودەبێتەوە و هەر جارەی هەگبەیەک پڕ لە بابەتی جۆراوجۆر و هەواڵ و ڕاپۆرتی پێوەندیدار بە ژنانی کوردستان، ئێران و جیهان، سەر بە ماڵی ئۆگران و خوێنەرانی خۆی دا دەکا. لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا، «ژنان» هاندەر و ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی چەندین ژن دەست بۆ قەڵەم بەرن و کاری نووسین و وەرگێڕان بکەن کە لەم سۆنگەیەوە هەتا ڕادەیەکی باش بەرەوپێش چوون. زۆر ژنی کورد و ئێرانی و بیانیش کە ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و بەرەو پێشبردنی خەبات دژی ستەم و چەوسانەوە و نابەرابەری تەرخان کردوە، لە ڕێگای لاپەڕەکانی گۆڤاری «ژنان»ەوە بە خوێنەران ناسێندراون. بێگومان ئەم گۆڤارە بە نۆرەی خۆی ڕۆڵی هەبووە لە بەرەو ژووربردنی زانیاریی خوێنەرانی بەتایبەتی لە بارەی پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ژنانەوە.

لێرەدا ناکرێ بکەومە هەڵسەنگاندنی زیاتر لە ٣٠ ژمارەی گۆڤاری «ژنان» کە لەم ١٠ ساڵەدا بڵاوبوونەوە. دیارە ئەگەر بە من بێ، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یارانی کۆن و نوێی ئەم گۆڤارە، ئەم بۆنە و یادە دەقۆزنەوە و کۆڕ و سمیناری تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم ١٠ ساڵ بەردەوامییە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی گۆڤاری «ژنان» پێک دێنن. با هەر لێرەشەوە و بۆ دووهەم جار ئەم پێشنیارەی خۆم وەبیر یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بێنمەوە کە لە ٨ی مارس (ڕۆژی جیهانیی ژنان) تا ٢٤ی ڕەشەمە (ڕۆژی دامەزرانی ئەو یەکیەتییە) دەکاتە حەوتوویەک. ئەم حەوتوویە کاتێکی زۆر گونجاوە بۆ چڕ کردنەوەی چالاکیی جۆراوجۆر و بەتایبەتی کۆڕ و سمینار و وۆرک شۆپ. دەبا یەکێک لە چالاکییەکانی ئەمساڵیشتان هەڵسەنگاندنی ١٠ ساڵ بەردەوامیی گۆڤاری «ژنان» بێ.

لە ١٠ ساڵەی لە دایکبوونی گۆڤاری «ژنان» دا بە خۆشحاڵییەوە یادی ئەم ڕووداوە دەکەمەوە و ڕێز و سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکەشی ئەو کەسانە دەکەم کە لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا لەپێناوی بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی گۆڤاری «ژنان» زۆرترین ئەرک و زەحمەتیان لە ئەستۆ بووە.




پاشکۆی
کوردستان
ژمارە: ٥٧٨
١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٠



# «کوردستان»، ٨ی مارس و پرسی ژن

قادر وریا

«کوردستان» لەم دەورەیە لە تەمەنی خۆی دا کە لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوییەوە دەست پێ دەکا، لە ئاوڕدانەوە لە ٨ی مارس دا، کەمتەرخەم نەبووە. بۆمان هەیە بڵێین ئەم ڕۆژنامەیە لە پێشەنگانی باسکردن لە ٨ی مارس لەنێو خوێنەرانی کورد و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە.

بایەخدان بە ٨ی مارس وەکو ڕۆژی جیهانیی ژنان لەلایەن ڕاگەیەنەکانەوە، یەکێک لەو کارە پێویستییانەیە کە دەتوانن ببنە هۆی بایەخدان بە پرسی ژنان لە کۆمەڵگەدا. بۆ ئەوەی ستەم و هەڵاواردن لە دژی ژنان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی چەوسانەوەی جینسی لە کوردستان دا بایەخی پێ بدرێ و خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراو بۆ لەنێوبردن و نەهێشتنیان وەڕێ بکەوێ، دەبێ کارێکی بەربڵاوی فکری و هەوڵێکی میدیایی بەرین بە مەبەستی تیشک خستنە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی پرسی ژنان، هەبێ. لەژێر تیشکی ئەم جۆرە هەوڵانە دایە کە تاکەکان لەباری زیهنییەوە،پێویستیی هاتنە مەیدان و قۆڵ هەڵماڵین بە مەبەستی نەهێشتنی چەوساندنەوە و نایەکسانی، هەست پێ دەکەن. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر «کوردستان» هەر بە ئاوڕدانەوەی ٨ی مارس خۆی نەبەستۆتەوە و بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی دا لە زۆربەی ژمارەکانی دا تێکۆشاوە، لەبارەی ژنانەوە نووسین و بابەتی هەبێ. لەنێوی کۆی بابەتەکانی «کوردستان» ئەگەر لەم بارەیەوە، لەخۆی بەگلەیی نەبێ، حەقیەتی. بەڵام با نەیشارینەوە «پرسی ژن» و بایەخدان بە ستەم و هەڵاواردنی جینسی و خەبات و تێکۆشان و ویست و داخوازەکانی ژنان، هەر خەم و مەشغەڵەی تەنیا چەند کەسێک لە نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بووە و زۆرینەی نووسەرانی «کوردستان» لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا، نە خۆیان بە پیاوی ئەم بوارە و نە پرسی ژنیان بە خەمی خۆیان زانیوە. ئەم خۆ لێنەدان و دوورە پەرێزی و بێتەفاوەتییە کە لە نێو ئێمەش و لە نێو زۆر کۆڕ و کۆمەڵ دا وەک شتێکی ئاسایی سەیری دەکرێ، شیاوی ڕەخنە لێگرتنە. نووسین و کاری فکری و میدیایی لە بارەی «پرسی ژن»ەوە هەر تایبەت نییە بە ژنان و ژمارەیەک پیاوی یەکسانیخواز. ئەم پرسە، پرسی هەموو مرۆڤێکی دێموکرات و یەکسانیخواز و مۆدێرن و دادپەروەرە. بەتایبەتی ئەوانەی وەک قەڵەم و نووسین، یان وەک تێکۆشەر و چالاکی سیاسی، لە میدیا و ڕێکخراوێکی ئازادیخواز و پێشڕەودا، بەشدارن و ڕۆڵیان هەیە، ئەگەر لە پێوەندی لەگەڵ «پرسی ژن» و دژایەتیی هەڵاواردن و نایەکسانیدا، بێ بەرهەم و بێ کارنامەن، شیاوی لۆمەکردن و ڕەخنە لێگرتنن.

لە پێشوازی ٨ی مارسی ٢٠١٢ دا، وێڕای پیرۆزبایی ئەم بۆنەیە لە ژنانی کوردستان و تێکڕای داواکاران و لایەنگرانی یەکسانی، هیوام ئەوەیە، بایەخدان بە مەسەلەی ژنان لە «کوردستان»دا زیاتر بێ و ئەم بایەخدانەش، هەموو قەڵەمەکانی ئەم ڕۆژنامەیە و سەرجەم خوێنەران و ئۆگرانی، بگرێتەوە.

# « دووره ئەم ڕێگایە سەد ساڵە دەڕۆم نابڕێتەوە»

کوێستان فتوحی

ئایا بزووتنەوەیەک بە ناوی بزووتنەوەی ژنان ئێستا لە ئێراندا هەیە؟ ئەم پرسیارە زۆر جار لە بیر و زەینی کەسانێک دا دێت و دەچێ، کە دەبێ بزووتنەوەیەک بە ناوی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران هەبێ، یان ئەوەی ئێستا لەئێراندا هەیە دەبێ وەک بزووتنەوەیەکی ژنان حیسابی بۆ بکرێ؟

ئەگەر بە پێی زاراوەی نوێی زانستی کۆمەڵناسی لێی بڕوانین کە دەگوترێ: «هەرجۆرە هەوڵدانێکی بە کۆمەڵ بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجێکی هاوبەش لە دەرەوەی بنیاد و نیهادە ڕەسمییەکانی دەسەڵات، بزوتنەوەیە». بە پێی ئەو پێناسەیە، دەکرێ ئەم گومانە برەوێتەوە کە ئەو چالاکی و هەوڵە مافخوازانە ئەمڕۆ لە ئێران دا لە لایەن ژنانەوە هەیە، وەک بزووتنەوەیەک تەماشای بکرێ. دیارە کۆمەڵناسانیش لە سەر پێناسەیەکی دیاریکراو لە بارەی چەمکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کۆک نین. هێندێک پێیان وایە ئەمە کامڵ نیە، چونکە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێ ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا بێ: خاوەنی ئامانج، تەشکیلات و ڕێکخراوێکی پتەو و سازماندراوو خاوەن ڕێبەرییەکی دیاریکراو بێ.

ئەگەر هەلومەرجی ئێرانیش بێنینە بەرچاو و سەرنج بدەینە ئەو جەوە پڕ لە سەرکوت وخەفەقانەی لە ئێران دا هەیە، دەبینین هەر حەرەکەتێکی سازماندراوی هەموو ئەنجومەنە کۆمەڵایەتی و نیهادە سینفی و ڕێکخراوە نا دەوڵەتییەکان لەژێر فشار و سەرکوتدا تەنانەت زۆرجارحوکمی نەمانییان بۆ دراوە، یان کەسانێک کە بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی زیاتر خەریک بوون ببنە سیمایەکی دیاری ئەو ڕێکخراو و ئەنجومەن و نیهادە کۆمەڵایەتییانە، خێرا لە لایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دژ بە گۆڕانەوە، هەڕەشەیان لێکراوە و خراونەتە زیندان، یان وایان لێکراوە ناچار بن دەست لە تێکۆشان هەڵگرن . لەم چەند ساڵەی دواییدا هەمولایەک شاهیدن کە زۆر لە چالاکانی ژنان، ئەوانەی دیار بوون و دەنگیان بەرز بوو، بەرادیەک لەژێر فشاردا بوون کە ناچار بوون ئێران بەجێ بێڵن، یان خراونەتە زیندان و فشارێکی زۆر بۆ بنەماڵەڵەکانیان هاتوە.

لە ڕاستیدا لە نێو وڵاتێکدا کە حاکمییەتەکەی دەیەوێ ئەو وڵاتە بەرێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر و کەمترین جموجۆڵی ئازادیخوازی ومافخوازیی ژنان بە تاوان حیساب دەکرێ و دەکەوێتە بەرشاڵاوی قەهری دەسەڵات، ئەو چاوەڕوانییە کە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران دەبێ هەموو تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەیەکی تێدا بێ، چاوەڕوانییەکی زۆرە و ڕەنگە لە جێی خۆیدا نەبێ.

ئەم بزووتنەوەیە، ئەگەرچی سازماندراوو خاوەنی ڕێبەرییەکی دیار و بەهێز نیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە چەند تایبەتمەندیی دیاری تێدایە. ئەوە کە دەچێتە نێو خانەی بزووتنەوە یان نا ئەو لایەنەی زۆر گرنگ نیە. گرینگ ئەوەیە: خاوەنی وشیارییەکی ژنانەیە – ئامانجدارە، واتە خوازیاری بەرابەریی و سڕینەوەی هەڵاواردن دژی ژنانە لە قانووندا، خوازیاری سڕینەوەی کەلتوور و دابونەریتی دواکەوتوانەی دژی ژنە لە کۆمەڵگەدا، خوازیاری کۆمەڵگەیەکی دێموکرات و بەشداریی ژنە لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا. ئەگەر تەشکیلات و ڕێبەرییەکی دیاری کراویشی نیە، بەڵام لە نێو هەموو لایەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا حوزووری هەست پێ دەکرێ. بۆ نموونە لەنێو فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبیات و سینەما، لە نێو خوێندنگەو زانستگەکان، لە شەقام، لە بازاڕی کار و بەگشتی لە نێو هەر بوارێکدا چاو لێبکەین حوزووری ژنان بە ئامانجەوە، واتە بۆ مافەکانیان، بۆ سەلماندنی تواناییەکانی خۆیان ئەو حوزوورە هەست پێ دەکرێ. بۆنموونە ڕێژەی بەرزتری کچان لە چاو کوڕان لە زانستگەکانی ئێراندا چ دەگەیەنێ؟ ئەگەر ئەمانە نەچنە چوارچێوەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و مەدەنی، دەچنە چ چوارچێوەیەکەوە. چاوپۆشی لەمانە حاشا کردن نیە لە هەموو ئەو هەوڵانەی ژنانی ئێران لە ماوەی ئەم ٣٣ ساڵە و پێشتریشدا داویانە؟!.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ئەو ٣٣ ساڵ دەسەڵاتە پڕ لە سەرکوت و خەفەقانەیدا تەنیا شوێنێک کە بە شایانی ژنانی زانیوە، نێو ماڵەکانە و هەموو هەوڵەکەی ئەوە بووە ژنێکی گوێڕایەڵ و بێدەنگ لە ئاست پیاواندا دروست بکا، کە کۆمەڵگەی پیاوسالاریش بە گشتی هەر ئەمەی ویستوە لە ژنان. بەڵام ژنانی ئاگا و وشیار ملیان بۆ ئەو داوایە نەداوە. بە هەوڵ و خەبات و حوزووری بێوچانی خۆیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا ئەوەیان سەلماندوە.

لە دوای ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ساڵی ١٣٨٨ کە خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتییان دەربڕی، ژنان نەک ڕۆڵی بەرچاویان لەو ناڕەزایەتییانەدا هەبوو، بەڵکوو دەتوانین بڵێین کاریگەریی بزووتنەوەی ژنایشی بەسەرەوە بوو. بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا ژنان بوون نافەرمانیی مەدەنییان وەڕێ خست و بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین ڕژانە سەر شەقامەکان، ئەویش ساڵی ١٣٧٥ بوو کە خومەینی ڕێبەری ڕێژیم فەرمانی دابوو ژنانی کارمەند دەبێ بەحیجابەوە بچنە شوێنی کارەکەیان. ژنان بە دژی ئەو فەرمانە ڕێپێوانیان وەڕێ خست و بە هەزاران کەس هاتنەسەرشەقامەکان و دروشمیان دا. ئەوەی لە ساڵی ١٣٨٨دا خەڵک کردیان ژنان پێش ئەوە کردوویانە. زۆر کەس ڕۆڵی ژنان لە ناڕەزایەتییەکانی دوای ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ١٣٨٨ دا دەخەنەپەراوێزەوە و دەڵێن ژنانیش بەشدار بوون! ئەوی لەو ساڵەدا ڕوویدا و ئێستاش بە جۆرێک بەردەوامە بەرهەمی خەباتێکی دوورو درێژی چەندین ساڵەی هەموو چین و توێژەکان بەتایبەتی ژنانە. ژنان یەکێک لە توێژە هەرە چالاکەکانی کۆمەڵگە بوون کە بەردەوام لە نێوخۆی ئێراندا لە گەڵ ئەو ڕێژیمە لە ململانێدا بوون. دەنگی ژنان لە چاو زۆر دەنگی توێژەکانی دیکە ڕوونتر و ڕەساتر بووە. لە نێو زیندانیانی سیاسی، لەنێو ئێعدامکراوان و قوربانیانی شکەنجە و دەستدرێژیی جنسی و... ژنان کەمیان بەش پێنەبڕاوە. ئەمانە هەمووی ئەگەر دەلالەت لە بزووتنەوەیەکی ژنان نەکا، دەلالەت لە چێ دەکا؟

سەیر ئەوەیە تەنیا چالاکییەکانی ژنانە بەوشێوەیە کەوتۆتە بەر سەرنجی سیاسییە کۆمەڵناسەکان و ئەم پرسیارە هەمێشە دووبارە دەکەنەوە کە ئایا ئەوەی لەئێران دا هەیە بزووتنەوەیە یان نا؟. زۆر کەمتر دیتراوە ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ نموونە بۆ بزووتنەوەکانی خوێندکاری، کرێکاری و.. بکرێ. بۆیە ئەگەر ئەو هەڵسەنگاندنەی لێ بکرێ کە هەوڵەکانی ژنان کەم بایەخ و بەجیدی ناگیرێن، لەجێی خۆیدایە. بەم هیوایە ئەو ڕوانینە پیاوسالارە کە بوونی ژنان لە هەموو بوارەکاندا ئینکار دەکا، وا نەبێ لەو مەیدانەشدا نەیەوێ دان بە بزووتنەوەیەکی ژناندا بنێ.



(١) دێرێک لە شێعری مریەم قازی




# سێ شەپۆلی رەوتی فیمینیزم و لقوپۆپەکانی



حەلیمە رەسوولی



فێمینیزم تیۆرییەکە لەگەڵ ئەو نایەکسانیانەی کە بەهۆی رەگەزەوە خوڵقاون بەربەرەکانی دەکات. باسکردن لە فیمینیزم دەمانگەڕێنێتەوە سەر باسکردن لەو رەوشە ئابووری و سیاسییە دژوار و ئاڵۆزەی کە ژنان لە دنیای رۆژئاوادا تێیدا دەژیان و لە بچووکترین مافە مرۆییەکانیان بێبەش کرابوون، لەو سەردەمانەدا ژنان نەک هەر تەنیا مافی بەشداری لە ژیانی ئابووری و سیاسیان لێ زەوت کرابوو بەڵکوو بەپێی یاساو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان هیچ حیسابێکیان بۆنەدەکرا، سەرباری چەوساندنەوە و بەرەو رووبوون لەگەڵ توندوتیژی مافی دەنگدانیان لە هەڵبژاردنەکاندا پێ رەوا نەدەبینرا. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی فێمینیزمەوە،ئەو بزووتنەوەیە کەوتە بەر پەلامار و دژایەتیی دوو رەوتی بەهێز، لەلایەک دژایەتیی ئەو پیاوانەی کە ئاتۆکان و دەسەڵاتی نەگۆڕی خۆیان لە ماڵ و لە دەرەوەی ماڵ لەمەترسی دا دەدیت و لە لایەکی دیکە شەوە، ئەو ژنە نەریتیانەی کە خوازیاری بارودۆخی خۆیان بەنابەرابەری لە رووی کلتووری و کۆمەڵایەتییەوە بوون.

ئەو دوو چینە پێیان وابوو کە فیمینیزم دوژمنێکی دەستکردە بۆ تێکدانی ئاسایشی ئەوان. ئەو چەمکە ساڵی (١٩١٦) وەک بۆچوونی خوازیارانی وەرگرتنی مافی دەنگدان بە ژنان ناسرا، کە لە لایەن حیزبی نەتەوەیی ژنان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بناغەکانی دارێژرا. لە ژانوییەی ساڵی(١٩١٧ )دا ژنانی ئەندامی ئەو بزووتنەوەیە بە سازدانی ئاڵقەیەکی مرۆیی بەدەوری کۆشکی سپیدا هێزی خۆیان نواندو بۆ ماوەی ٦ مانگ ئەو کارەیان دووپات دەکردەوە. لە ئاکام دا ئەو ژنانە لەلایەن پۆلیسەوە دەست بەسەر کران و ڕەوانەی گرتووخانەکان کران، بیرەوەری ئەو ژنانە لە رۆژانی زیندانیان دەرخەری ترسی ئەو پیاوانە بوو کە پێگەی قایمی خۆیان لەمەترسیدا دەدیت.

ئەو قوناغە لە تێکۆشانی ژنان واتە شەپۆلی یەکەمی فیمینیزم لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتبوو: بەشی ڕادیکاڵ کە خوازیاری چاکسازی لە تەواوی دامەزراوە حکوومییەکان و کۆمەڵایەتییەکاندا بوو، هەروەها بەشێک کە تەواوی هێزی خۆی تەرخان کردبوو بۆ وەرگرتنی مافی دەنگدان بە ژنان، کە ئەو بەشە لە ئاکام دا لە ساڵی (١٩٢٠) دا بە ئامانجی خۆی گەیشت .

ئەو مافە واتە مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان دا لە سەردەمێک دا دەستەبەر کرا کە باڵادەستیی پیاوانی ئایینی و تەوژمی کلێساگەری کاریگەری وحزورێکی بەرچاوی هەبوو. ژنانی ئینگلیسی وئاڵمانی لە کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەم دا بەو مافە گەیشتن. بەڵام ژنان لە فەڕانسە و ئیتالیا تا کۆتایی شەڕی جیهانیی دووهەم بەو ئامانجە نەگەیشتن. شەپۆلی یەکەم ببوو بەهۆی باشتر بوونی دۆخی ژنان و کۆمەڵێک سەرکەوتن لە هێندێک بواردا لەگەڵ ئەو سەرکەوتنانەش دا باسی بەشداری کردنی ژنان لە بیاڤە گشتییەکان دا کۆتایی پێ نەهات و ماوەیەکی زۆر دواتر ژنان توانیان لە بیاڤە گشتییەکان دا وەک کارکردن لە ئیدارە حکوومییە کان بەشداری بەرچاوتریان بێت . هەر لەو پێناوە دابوو کە لەلایەن ژنانەوە شەپۆلی دووهەمی فیمینیزم وەڕێ کەوت کە پێداگری دەکرد لەسەر کێشەکان و هەڵاواردنەکانی ژنان لە بازنە کۆمەڵایەتی، ئابووری وکلتوورییەکان دا. شەپۆلی دووەم یەکێکە لە کاریگەرترین شەپۆلەکانی فیمینیسم. لەو قوناغە دا بەرهەمەکانی ویرجینیا وۆڵف و سیمۆن دوبوار بەتایبەتی لە فەڕانسەو بریتانیا بێ کاریگەر نەبوون، دوبووار لەنێو ژنە رۆشنبیرەکانی ئەو کاتەدا یەکەم بوو کە فکری فیمنیزمی لە هەموویان زیاتر پەرەپێدا. سیمون دوبووار بە نووسینی کتێبی «رەگەزی دووهەم» لە ساڵی (١٩٤٩) و هەروەها بێتی فریدن بە نووسینی کتێبی « ژنی هەڵخەلەتاو» لە ساڵی (١٩٦٣) کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر هاتنە ئارای ئەو شەپۆلە دانا. ئامانجی ئەو شەپۆلە کە ئێستاکەش هەر بەردەوامە گۆڕینی رۆڵی نەریتیی ژنان لە شوێنی کارەوە تا پەسەند کردنی یاساگەلێکە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە شوێنی کارکردن دا. ئەو شەپۆلەش لەدوو بەشی ئازادی خوازو خۆپارێز پێک هاتبوو. هەرکام لەو بەشانەش خاوەنی بۆچوونی تایبەت بە خۆیانن لەسەر پێناسەی بەرابەریی ژنان و پیاوان لە شوێنی کارو لە ماڵەوەدا. رادیکاڵەکانی گرووپی ئازادیخواز هەڵسوکەوت و ڕوانگەیەکی توندی دیکەیان سەبارەت بە پیاوان هەیە ، بەڵام رادیکاڵەکانی گرووپی خۆپارێز جەخت دەکەنە سەر رۆڵی نەریتیی ژن لە ڕێبەری کردنی بنەماڵەدا. بەڵام هەر دوو گرووپ کاریگەریی زۆریان لەسەر یاساکان هەبووە . ڕەخنە گرتن لە زانستی پیاوانە، ڕەخنە گرتن لە ئیدئۆلۆژییە باو و ڕیشەدارەکان وەک پیاوسالاری و پەیمانی کۆمەڵایەتی و رەدکردنەوەی ژیانی هاوبەش لە واتایەکی گشتیدا و جەخت کردنەوە لە سەر سەلت مانەوە لە گرینگترین بۆچوون و روانگەکانی فیمینیستەکانی شەپۆلی دووهەم دەهاتنە ئەژمار.

فیمینیستەکان لەو قۆناغە دا پێداگرییان لەسەر روالەتی پیاوانە لە جل و بەرگ و خۆرازاندنەوە دا دەکرد، مووی سەری کورت و کەوشی بێ پاژنە و کۆت و شەڵواری نارێک و سیمای بێئاڕایش تیپی ژنێکی فیمینیست لە دەیەی ١٩٧٠دا بوو.لە دەسپێکی شەپۆلی سێهەمی فیمینیزم تا ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووە کان زۆر تێنەپەڕیوە، دەستپێکردنی شەپۆلی سێهەمی فیمینیزم، لە ساڵی ١٩٩٢دا بوو. بە پێچەوانەی شەپۆلی دووهـەم، فیمینیستەکانی شەپۆلی سێهەم جەختیان لەسەر ڕواڵەتی ژنانە و هەڵسوکەوتی نەرم و نیان و زەریفی ژنان کردۆتەوە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە زیندوو کردنەوەی رۆڵی دایک و بنەماڵە خاوەن گرینگییەکی تایبەتەو هەروەها تەرکیز دەخەنە سەر ژیانی تایبەتی و پاراستنی هەرێمی تایبەتییەوە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دا نووسەرانێک هاتن ونوسەرانێکی وەک دوو بوواریان بە هۆی لە بەرچاو نە گرتنی پێکهاتەی قووڵی زمان و نەستی مرۆڤ کە بە بڕوای شەپۆلی سێهەم لەمپەرە لە بە رانبەر ئازادیی ژنان داخستۆتە بەر ڕەخنە. ئەو نووسەرانە بایەخی زیاتر دەدەن بە ژنانە بوون و تایبەتمەندییەکانی جەستەی ژنان و لەسەر ئەو بڕوایەن کە نووسەرانی شەپۆلی دووهەم بەردەوام پیاوانیان کردوە بە هێما بۆ ژنان.

شەپۆلی سێهەم لە بوارگەلی جۆراوجۆردا خۆ دەنوێنێ، بەڵام بەگشتی لە شەپۆلی سێهەم دا وەرچەرخانێک بەسەر شێوازی خەباتی فیمینیستیدا هات و ئەمجارە ستایشی ڕۆڵی دایک و گرینگیی ژیانێکی ئارام و بەدونیا هێنانی منداڵ بوو بەباسی سەرەکی. بە واتایەکی دیکە لە لایەک سەرنج دەداتە بایەخگەلی نێوکۆمەڵگەو لە لایەکی دیکە، هەنگاو دەنێ بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا. فیمینیزم وەکو بزووتنەوەیەکی گرینگ و بەردەوام بۆ ماوەی زیاتر لەسەدەیەک بووە هۆی ئەوەی کە چەندین شێواز بێنێتە ئاراوەو هەر یەکەیان ئاراستەی جیاواز و بۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەبوو، وەک رادیکال، مارکسیستی، سوسیالیستی، لیبراڵ و ئانارشیستی و هتد... کە ئەمانەش هەریەکەیان هەڵگری بۆچون و گوتاری تایبەت بە خۆیانن. بۆ وێنە مارکسیستەکان پێیانوایە ئەگەر دەسەڵاتی سەرمایەداری نەمێنێت ئەوا پیاوسالارییش نامێنێت، چونکی ئەگەر سیستمێکی یاسایی بەرهەمهێنان هەبێت لە وڵاتدا، دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستمێکی دادگەرانەی کۆمەڵایەتی و هەرلێرەشەوە ستەمکردن لە ژن کۆتایی پێدێت. یان فیمینیزمی سۆسیالیست جەخت لە سەر کیانی کەسی و ژیانی گشتیی ژن دەکات و پێی وایە هەتا کۆتایی بە کیشە کولتووری و ئابوورییەکانی ژن نەیەت کۆتایی بە کیشەی ژن نایەت . ئانارشیستەکانیش لەگەڵ ژن سالاری دژایەتیان هەیە. ئەوان دەڵێن هەڵاواردنی ڕەگەزی یەکێکە لە زوڵمەکانی دەسەڵات. بۆیە تەنیا بەهەڵوەشاندنەوەی پیاوسالاری ناکرێ بڵێین کە ژن لە هەموو جۆرە چەوسانەوە یەک دەرباز دەبێت، ئەرکی فیمینزم هاوپێوەندی و سازدانی یەکڕیزییە، بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن . یۆرگن هابرماس فەیلەسۆف و کۆمەڵناسی ئەڵمانی دەڵێت: ئێمە لەگفتوگۆی نێوان بیروباوەڕەکان زیاتر لەراستی نزیک دەبینەوە. دیاردەیەکی گرنگی وەکو فیمینزم دەتوانێ هۆکارو یارمەتیدەر بێت بۆ ناسینی راستییەکانی پرسی ژنان و پرسە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە کان.



# چالاکیی ژنانی کورد لە گشت بوارەکاندا

سیروان موساپوور



ژنانی کورد بە درێژایی مێژووی نەتەوەکەمان چ وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ و بە شێوەیەکی دیار و، چ وەک پاڵپشت و یارمەتیدەرێک بۆ پیاوان و بە شێوەیەکی نادیار بەردەوام لە گشت بوارەکاندا چالاکییان نواندوە و لەگەڵ ئەوەیکە گەلێک کەندوکلۆیان هاتۆتە سەر ڕێگە، بەڵام تا ئەو جێگەیەی توانیویانە لە هەوڵدان نەوەستاون. ئەگەر لە قۆناغێک لە مێژوودا توانیویانە ئازادانە و بە شێوەیەکی باشتر هەنگاو هەڵگرن و یان لە برگەیەکی مێژووییدا تووشی جۆرە پاشەکشەیەک بوون و کەند و کۆسپی گەورەیان هاتۆتە بەردەم و نەیانتوانیوە بەو جۆرەی کە پێویستە و شایانی ژنێکی کوردە، چالاکیی بنوێنن و بەرەوپێش بچن، ئەوا بێگومان ئەگەرچی تا ڕادەیەک مەسەلەکە پێوەندیی بە خودی ژنانیشەوە هەیە، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا لەمپەری هەرە گەورە کۆمەڵگە و کولتووری زاڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا بووە.

لێرەدا بە کورتی باسی هەندێک لەو بوارانە دەکەین کە ژنانی کورد چالاکییان تێدا کردوە و ئاماژە بە ناوی چەند ژنێکی ناوداریش دەکەین کە لە هەر یەک لەو بوارانەدا توانیویانە تا ئاستی ژنێکی ناوداری کورد بەرەوپێش بچن و ناووناوبانگێک بۆخۆیان تۆمار بکەن. بەڵام دەبێ لە پێشدا خاڵێکی گرینگ باسی لێوە بکرێ ئەویش ئەوەیە کە بە داخەوە دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتدا و لەسەرکار بوونی دەسەڵاتی جۆراوجۆر لە هەر کام لەو وڵاتانەدا بە جۆرێک کاریگەریی خستۆتە سەر چالاکی و تەنانەت هەڵسوکەوتی ژنانی کورد لە هەموو بوارەکاندا و تا ڕادەیەکی زۆر مەیدانی چالاکییان لێ بەرتەسک کراوەتەوە. ئەگەر لە یەکێک لەم وڵاتانەدا بە بیانووی جیاوازیی ڕەگەزی لەمپەریان لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەی ژنان دروست کردوە، ئەوا لە وڵاتێکی دیکەدا بە بیانووی ئایین یان جیاوازیی ئایینی و بە سەپاندنی یاسای دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانە بەسەر ژناندا و لە زۆر بواردا مەیدانی دەرکەوتن و چالاکی نواندنیان لێ بەرتەسک کردوونەتەوە. جا بۆیە لە کاتی باسکردنی وەها بابەتگەلێکدا دەبێ سیستمی حاکم لە وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستان و یاسا و ڕێساکانی نێو کۆمەڵگەکانیان لەبەرچاو بگیرێن.

**١. چالاکیی ژنانی کورد لە بواری سیاسییدا:**

ئەگەر کورد بە گشتی و لە ماوەیەکی دوور و درێژی مێژوویی و بە هۆی بارودۆخی داسەپاو بەسەر کوردستاندا نەیتوانیوە دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بەدەستەوە بگرێ و خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ بێت و بەو شێوەیەی کە دەیهەوێ لە کاروباری سیاسییدا بەشدار بێ یان لە لایەن ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر کوردستاندا بواری ئەوەی پێنەدراوە، ئەوا بێشک ئەم مەیدانە بۆ ژنان زۆر بەرتەسکتر بووە و نە تەنیا کەشی سیاسیی زاڵ بەسەر کوردستاندا بەڵکوو زۆرجار دابونەریتەکانی نێو کۆمەڵگەش ڕێگری بەردەم کار و چالاکییەکانیان بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی کورد لە هەر مەجالێک کە هاتبێتە پێش و هەلومەرجەکە یارمەتیدەریان بووبێت، ئەوا بە بەشداریکردن لە کاروباری سیاسییدا توانایی خۆیان سەلماندوە و تەنانەت لە هەندێک قۆناغی مێژووییدا هەتا ئاستی دەسەڵاتداریێتیش ڕۆیشتوون. بوونی کەسانێکی وەک خانزادی سۆران و عادلەخانی ئەردەڵان لە رابردوودا و کەسانێکی وەک لەیلازانا و دەیان پەرلەمانتاری دیکە لە کوردستانی باکوور و دەیان و سەدان نوێنەر و بەرپرسی ڕێکخراو و ئەندامی باڵای پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان لە سەردەمی ئێستادا نیشاندەری ئەو راستییەیە کە ئەگەر بوار برەخسێ ژنانیش دەتوانن لە کاروباری سیاسییدا بەشدار بن و هەتا ئاستێکی بەرزیش بچن. سەرەڕای ئەوەش کەم نین ئەو




# ژن له مه‌یدانی کاردا



ڕۆژه عه‌زیزی

ئه‌مڕۆکه کارکردنی ژنان باسێکی زۆر مه‌تره‌حه له کۆمه‌ڵگه‌کاندا، ژنان به هه‌ر هۆیه‌ک بێت له‌م سه‌رده‌مه‌دا به زۆری په‌نا ده‌به‌نه به‌ر کارکردن له ده‌ره‌وه‌ی ماڵ.سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که ژنان ماندوو بوون و کارێکی دیکه‌یشیان پێ سپێردراوه ئه‌ویش گرنگیدان به مێرد و منداڵ و ماڵه‌که‌یان. واته لێره‌دا ژنان دوو کار ده‌گرنه ئه‌ستۆ: کاری نێوماڵ و خێزان و کاری ده‌ره‌وه که به‌شداری ده‌که‌ن له سیستمی ئابووریی وڵاتێکدا و تێکه‌ڵ بوون له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵگه‌ی ده‌ره‌وه‌ی بنه‌ماڵه‌که‌یان.

ژنان به‌رده‌وام له کۆنیشدا ئه‌گه‌ر کاری ناوماڵیان کردبێت به‌رده‌وام کارێکی دیکه‌شیان شانبه‌شانی پیاوان هه‌ر ئه‌نجام داوه وه‌ک(ئاژه‌ڵداری، وه‌رزێری، ڕستن و چنین).

به‌ڵام ئێستاکه ژنان جگه له‌و کارانه له ئیداره، قوتابخانه و یان سیستمی ده‌وڵه‌ته‌که‌یان کار ده‌که‌ن.

له گه‌ڵ پێشکه‌وتنی پیشه‌سازی له جیهانی ئێستاو ڕۆژ به ڕۆژ به‌ره‌وپێشچونی پیشه‌سازی(سه‌نعه‌ت) ژنان زۆر ئازایانه به‌شداری له بواری پیشه‌سازیی وڵاتانیاندا ده‌که‌ن و دوور ده‌که‌ونه‌وه له داب و نه‌ریته سوننه‌تییه‌کان.

پێشکه‌وتنی بواری خوێنده‌واری و بواری بیرکردنه‌وه‌و هاتنه نێو کۆمه‌ڵگه‌و تێکه‌ڵ بوون له گه‌ڵ چین و توێژه‌کانی دیکه‌ی کۆمه‌ڵ ئه‌و ده‌ستکه‌وتانه‌ن که به هۆی کارکردنی ژنان بۆیان ده‌سته‌به‌ر ده‌بێت و سوودیان لێ ده‌بینن بۆ پێشکه‌وتنی ژیانی خۆیان و کۆمه‌ڵگه‌که‌یان.

له لایه‌کی دیکه‌وه کارکردنی ژن و چوونه ده‌ری له ماڵ هۆکارێکه بۆ باش بوونی باری گوزه‌رانی بنه‌ماڵه‌که‌ی له ڕووی مادییه‌وه‌و سودێکی زۆر به مێرد و منداڵه‌کانی ده‌گه‌یه‌نێت و له ڕووی زانیاری و په‌روه‌رده‌یی ده‌وڵه‌مه‌ندی عه‌قڵی و فێربوونی زانیاری سه‌باره‌ت به ژیان و په‌روه‌رده، ده‌بێته هۆی سه‌رکه‌وتنی بنه‌ماڵه‌که‌ی.

پێویسته ژنان ده‌وری گرینگ بگێڕن له بڕیاردان و دیاریکردنی کارو دابه‌شکردن و به‌شداریی له بنیاتناندا، کارکردنی ژن له ده‌ره‌وه نه‌ک ده‌بێته هۆی به‌شداری له بنیاتنانی بواری ئابوری بۆخۆی، به‌ڵکو ده‌بێته هۆی یه‌کسانییه‌ک له نێوان ژن و پیاودا و باشکردنی پێوه‌ندیی خێزانی و هه‌نگاوی گه‌وره هه‌ڵهێنانه‌وه له‌و بواره‌دا.

ژنان له بواره‌کانی هونه‌ری و ته‌کنیکی و کاره‌ده‌ستییه‌کان و زۆر پیشه‌ی دیکه هه‌رله زه‌مانه‌کانی زووه‌وه زۆر له پێش پیاوان بوون و شاره‌زاییان زیاتر بووه له‌و بوارانه‌دا.

***مێژووی کاری ژنان له ئێراندا:**

ئه‌گه‌ر بڕوانینه ڕابردووی زوو له ئێران،گه‌وره‌ی بنه‌ماڵه‌کان ته‌نیا چاوه‌دێری کچه‌کانیان ده‌کرد بۆ ئه‌وه‌ی به باشی په‌روه‌رده بکرێن بۆ ژیانێکی سالمی خێزاندار، به هیچ شێوه‌یه‌ک گرینگی به بواری زانستیان نه‌ده‌درا و باوه‌ڕیان وابوو ژن ته‌نیا ده‌بێت له ماڵه‌وه بێت حه‌قی چوونه ده‌ر له ماڵی نه‌بوو و پێویستی نه‌ده‌کرد ژن تێکه‌ڵ به ژیانی ده‌ره‌وه بێت چونکه زیانی پێده‌گه‌یه‌نێت.

له سه‌رده‌می قاجاره‌کاندا ژنان ته‌نیا کاتێک مافی چوونه‌ده‌ریان هه‌بوو ئه‌گه‌ر بچوونایه بۆ حه‌مام یان بۆ میوانییه‌کی گشتی وه‌ک ژنخوازی، ئه‌گینا ده‌بوو هه‌ر له ماڵه‌وه ئه‌رکی خانه‌واده به‌ڕێوه ببه‌ن.

به‌ڵام له هه‌ندێک کاتدا له نێو چینه دواکه‌وتووه‌کان یان ناوه‌نده‌کاندا کار به ژنان ده‌کرا له لایه‌ن پیاوانه‌وه وه‌ک کاری کشتوکاڵی، ڕستن و چنین و هه‌ندێک کاری ده‌ستی بۆ ده‌رامه‌تی بنه‌ماڵه‌ی به‌کار ده‌هێنرا.

له ئێراندا هاتنی ژنان بۆ کارکردن دروست یه‌ک سه‌ده دوای وڵاتانی غه‌ربی بووه. ئه‌مه‌ش ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی ژنان له‌و کۆمه‌ڵگه‌یانه زیاتر ڕێگه‌یان لێگیراوه بۆ کارکردن و مه‌جالی پێشکه‌وتن و هاتنه‌ده‌ریان که‌متر بووه.

ئه‌گه‌ر بڕوانینه ئه‌و هه‌لومه‌رجه‌ی که له‌م سی ساڵه‌ی دواییدا باڵی به سه‌ر ئێراندا کێشاوه. بۆمان ده‌رده‌که‌وێ له دوای شۆڕش و هاتنه سه‌رکاری کۆماری ئیسلامی ژنان زۆرترین زه‌ربه‌یان لێدراوه له بواری کارکردن ئه‌ویش وه‌ک داخستنی باخچه‌کانی ساوایان وبنکه‌کانی ڕێکخستنی بنه‌ماڵه که ئه‌م بنکه‌و دامه‌زراوانه ژنان ده‌وری سه‌ره‌کیان تێدا ده‌گێڕا، به‌م هۆیه‌وه ڕۆڵی ژنانی که‌مڕه‌نگ کردوه‌ته‌وه.

هه‌روه‌ها زوو خانه‌نشین کردنی ژنان له ته‌مه‌نێکی که‌می کاریدا که ئه‌مانه‌و ڕێگری دیکه‌ی بۆ که‌مڕه‌نگ کردنه‌وه‌ی ژنان له ده‌وڵه‌تدا له لایه‌ن کۆماری ئیسلامییه‌وه داندراوه.

هه‌روه‌ها به پێی لێهاتوویی و ئاستی خوێنده‌واری کار به سه‌ر ژنان و پیاوان دا دابه‌ش ناکرێت. به پێی ئامارێک له ساڵانی (١٣٣٥-١٣٦٥) له نێوان کارمه‌ندانی پیاو ته‌نیا ڕێژه‌ی (٦٪)ئاستی خوێنده‌واریی به‌رزیان هه‌بوو،له به‌رامبه‌ردا ژنانی کارمه‌ند به ڕێژه‌ی(١٨٪)به به‌راورد له گه‌ڵ پیاوان ئاستی خوێنده‌وارییان به‌رزتر بوو،که له‌و ڕێژه‌یه ته‌نیا (٥٪)ی ژنان له پۆسته به‌رزه ئیدارییه‌کان به‌شدار بوون.



به پێی ئامارێکی ساڵی (١٣٨١) ئه‌و هه‌ڵاواردنانه که به نیسبه‌ت ژنانه‌وه هه‌ن له ئێراندا بریتین له‌مانه: که‌مڕه‌نگ کردنه‌وه‌ی ڕه‌گه‌زی ژن له کتێبه ده‌رسییه‌کان، له ڕاگه‌یاندنه‌کاندا ژنان به که‌می باس ده‌کرێن،هه‌روه‌ها له خوێندنی باڵادا ڕێگری کراوه وه‌ک ڕێگری له ناردنه ده‌ره‌وه‌ی کچان بۆ درێژه‌پێدانی خوێندن و هه‌روه‌ها دابین نه‌کردنی پێداویستییه‌کان بۆ شوێنی حاوانه‌وه‌ی کچان ئه‌مانه هه‌مووی هۆکارگه‌لێکن ڕێگری له به‌شداریی ژنان ده‌که‌ن.

کۆماری ئیسلامی له بواری قه‌زاییه‌وه له زۆر قانوونی کاردا چه‌ند مادده‌یه‌کی به دژی ژنان و که‌مکردنه‌وه‌ی ڕۆڵی ژنانی له کاردا داناوه.

ڕێگه نه‌دان به چوونه‌ده‌ری ژن له وڵات به بێ مۆڵه‌تی مێرده‌که‌ی و ناتوانێ بۆکاریش بچێته ده‌ره‌وه‌ی وڵات.که ئه‌مه‌ش کۆمه‌ڵێک کێشه له بواری کاری ژنان وه‌ک (قانوونی نیوه کاتی کاری ژن، قانوونه‌کانی مۆڵه‌تی کاتی زه‌یستانی ژن) مادده‌ی(٥) په‌سند کراوی ساڵی (١٣٧١)ی شوورای به‌رزی شۆڕش که که‌مکردنه‌وه‌ی ڕۆڵی ژنانه له کارکردن دا.

**له ئێراندا ژنان به هۆی یه‌کێک له‌م هۆکارانه ناتوانن کاربکه‌ن:**

**١- هۆکاری تاکه‌که‌سی:** ژنان خۆیان ڕێگرن له به‌رده‌م کارکردنیاندا ئه‌وه‌ش هه‌ندێک جار به هۆی که‌میی بڕوا به‌خۆبوون یان ئیحساسی به‌رپرسایه‌تی ده‌که‌ن و به نه‌زه‌ریان ده‌بێت گرینگی به ماڵ و خێزانیان بده‌ن یان به هۆی ئه‌وه‌ی ڕاهاتبن چاو له ده‌ستی مێرده‌کانیان بن که کار بکه‌ن و کاری ده‌ره‌وه هی پیاوانه.که ژن خۆی ئیراده‌ی نه‌بێت بۆ کارکردن ئه‌وه ڕێگر ده‌بێت له‌به‌رده‌م کارنه‌کردنی.

**٢- هۆکاره کۆمه‌ڵایه‌تی و خێزانییه‌کان:**

وه‌ک هۆکارێک که زیاتر له بنه‌ماڵه‌دا بۆ پیاو ده‌گێردرێته‌وه ڕێگری ده‌کات له کارکردنی ژنه‌که‌ی و به‌ڕای ئه‌و، ژن ته‌نیا کارێک که ده‌بێت بیکا گرینگی دانه به ماڵ ومنداڵ و خێزان.بۆیه ژنیش ناچاره گوێ بداته ئه‌م داوایه و له ماڵه‌وه بمێنێته‌وه.

**٣- داب و نه‌ریته باوه‌کانی ئه‌و کۆمه‌ڵگه‌یه:**

له هه‌ر کۆمه‌ڵگه‌یه‌ک به تایبه‌ت له لادێ و شاره بچووکه‌کان بنه‌ماڵه‌کان زۆر به که‌می ڕێگه به کچه‌کانیان ده‌ده‌ن کار بکه‌ن. پێیان وایه له‌و داب و نه‌ریته نابێت ده‌ربچێت و به پێی ئه‌و کۆمه‌ڵگه‌یه هه‌ڵسوکه‌وت بکات و کار نه‌کات.

**٤. نزمیی ئاستی خوێنده‌واری:**

به هۆی نه‌بوونی زانیاری و که‌میی هۆشیاری به تایبه‌ت له سه‌رده‌مه‌کانی ڕابردوو که ژنان که‌متر مافی خوێندنیان هه‌بوو ئیمکانی خوێندنیان نه‌بوو،بۆیه نه‌یانده‌توانی به‌شداری بکه‌ن له کارکردن له هه‌ر شوێنێکی کار.ئێستاش زۆر به‌که‌می پێشوازی ده‌کرێت له‌و که‌سانه‌ی ئاستی خوێنده‌واریان نزمه.

له هه‌ر وڵاتێکدا ژنان و کچان به ڕێژه‌یه‌کی زۆرو به‌رچاو ئاستی خوێنده‌واریان گه‌شه‌ی سه‌ندوه چوونه زانکۆیان زیادی کردوه و له به‌شه جۆراوجۆره‌کان درێژه به خوێندن ده‌ده‌ن.ئه‌گه‌ر له‌و کۆمه‌ڵگایانه سوود له‌و توانایانه وه‌ربگیرێ بێگومان سوودێکی زۆر به ئابووریی ئه‌و کۆمه‌ڵگه‌یه ده‌گه‌یه‌نێت. ژنانێک هه‌ن سابیقه‌ی کاری زۆریان هه‌یه و ته‌جروبه‌یان له باره‌ی ئه‌و کێشانه‌ی دێنه ڕووی ژنان زۆره، ئه‌گه‌ر سوود له‌و ته‌جروبانه وه‌ربگیرێ ئه‌وا ده‌توانرێ به‌شێکی زۆری کێشه‌کانی کاری ژنان چاره‌سه‌ر بکرێت.

له ڕاپۆرتێکدا ڕێکخراوی نێوده‌وڵه‌تیی کار(i.l.o )چه‌ند خاڵێکی دیاریکردوه که ڕێگرن له کارکردنی ژن به گشتی له جیهاندا:

١ - گرینگیی ڕۆڵی ژن له بنه‌ماڵه‌که‌ی و پێویستیی گرینگیدان به مێردو منداڵ بنه‌ماڵه‌که‌ی.

٢- بوونی چه‌ند بیرێکی نه‌رێنی سه‌باره‌ت به کاری ژنان که ژنان توانایی کاریان به ڕاده‌ی پیاوان نییه له توانایی جه‌سته‌یی دا، پیاوان تواناییان زیاتر.

٣. تا ڕاده‌یه‌ک که‌میی ئاستی خوێنده‌واری و زانیاریی ژنان به هۆی که‌متر تێکه‌ڵاو بوون له کۆمه‌ڵگه‌دا.

٤ - ڕێگری کردن بۆ ده‌ربڕینی تواناکانی ژنان له سیسته‌می وڵاتاندا و ناهێڵن تواناکانی خۆی تاقی بکاته‌وه تا بزانێ چه‌نده توانایی ئه‌و کاره‌ی هه‌یه.

٥- ده‌ست ڕانه‌گه‌یشتنی ژنان به بواره‌کانی ڕاگه‌یاندن و ده‌زگا زانیارییه‌کان و ڕێکخراوه پشتیوانییه‌کان.

٦- که‌میی ده‌رفه‌تی کاری ژنان به نیسبه‌ت پیاوان ئه‌وه‌ش له به‌ر توانایی جه‌سته‌ی ژن که‌مترکاری پێده‌درێت. یاخود له هه‌ندێک له وڵاتان یاسا و ڕێسایه‌ک هه‌یه سه‌باره‌ت به خاوه‌نه‌تی ژن که ژن ناتوانێ خاوه‌ن شت بێت و ببێته خاوه‌ن له‌به‌ر ئه‌وه ناهێڵن ژنێک خاوه‌ن په‌روه‌نده‌یه‌کی کاری بێت و ڕێگری ده‌که‌ن له به‌شداری کردنیان له کاری ده‌وڵه‌تی و بواری پیشه‌سازیدا.

له ئه‌نجامی لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ک که بۆ په‌ره‌پێدانی کارکردنی ژنان ئه‌نجام درابوو زیاتر له ٥٠ وڵاتی جیهان گرنگیان به‌م لێکۆڵینه‌وه دابوو و پشتیوانیان لێکردوه. زۆرترین وه‌ڵامه‌کان گرنگیدانی ده‌وڵه‌ت و سیسته‌می وڵاتان بۆ کاری ژنانیان به پێویست زانیوه که لێره‌دا چه‌ند خاڵێکی دیاریکراوه:

١ - گرنگیدان به کاری ژنان و به‌شدارپێکردنیان له ئابوریی وڵاتدا.

٢ - دانانی پرۆگرامی فێرکاری بۆ زیادبوونی ئاستی زانیاریی ژنان له بواری کاردا.

٣- دابین کردنی پێداویستییه‌کانی تایبه‌تی ژنان و گرنگیدان به‌و پێداویستیانه.

٤ - پارێزگاری و پشتگیری له ژنان له بواری قانوونی و دانانی پرۆگرامی تایبه‌ت بۆ پێشکه‌وتنی کاری ژنان.

- به گشتی ده‌توانین بڵێین دوو ڕێگا ده‌توانێت پێشنیار بکرێت بۆ چاره‌ی ئه‌وه‌ی که ڕێگری نه‌مێنێت له به‌رده‌م کاری ژنان دا ئه‌وانیش:

١ - ڕێگه‌ی درێژ خایه‌ن:

ده‌توانرێت قۆناغ به قۆناغ هه‌وڵبدرێت بۆ گۆڕینی بیروباوه‌ڕو داب و نه‌ریته باوه‌کان ڕوانگه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان که ژنان ته‌نیا کار له ماڵه‌وه نه‌که‌ن.ده‌کرێ له ڕێگه هۆشیار کردنه‌وه‌ی کۆمه‌ڵگه‌و به‌خشینی زانیاری که بتوانرێ ئاستی زانیاریی کۆمه‌ڵ به‌رزبکرێته‌وه ئه‌مه‌ش له ڕێگه‌ی به‌ستنی سمینار و کۆڕ و کۆبوونه‌وه جێبه‌جێ ده‌کرێت.

٢ - ڕێگای کورت خایه‌ن:

ئه‌م هۆکاره به ئاسانتر ده‌توانرێ جێبه‌جێ بکرێ و به ماوه‌یه‌کی که‌متر سوودێکی زۆر ده‌گه‌یه‌نێت،به پیاچوونه‌وه‌ی ئه‌و قانوونانه‌ی له وڵاتان دژی کاری ژنانن.که ئه‌م ڕێگه‌یه له زۆرێک له وڵاتان کاری پێده‌کرێ و گرینگی زۆری پێدراوه بۆ کاری ژنان.

درێژه‌ی:

# چالاکیی ژنانی کورد له گشت بواره‌کاندا

ژن و کچه کوردانه‌ی که به تاوانی کاری سیاسی یان ئه‌ندامبوون له حیزبێکی کوردی تووشی به‌ندیخانه و ته‌نانه‌ت له‌سێداره‌دانیش بوونه‌ته‌وه. شه‌هیدبوونی له‌یلا قاسم له ساڵانی ده‌یه‌ی حه‌فتای زایینی و له‌سێداره‌دانی شیرینی عه‌له‌م هولی له‌م دواییانه‌دا نیشانده‌ری ئه‌م ڕاستییه‌ن و دوو نموونه له سه‌دان ژنی شۆڕشگێڕی کوردن که به‌ده‌ستی دوژمنانی کورد گیانیان لێ ئه‌ستێنراوه. هه‌روه‌ها جێی خۆیه‌تی ئاماژه به‌وه‌ش بکرێ که هه‌ر ئێستا به سه‌دان ژن و کچی کورد له ڕیزی حیزبه سیاسییه‌کانی کوردستان به هه‌موو به‌شه‌کانییه‌وه خه‌ریکی خه‌بات و تێکۆشانی سیاسیی و سه‌ربازین. هه‌مووی ئه‌وانه ده‌رخه‌ری ئه‌م ڕاستییه‌ن که ئه‌گه‌ر ده‌رفه‌ت هه‌بێ، ژنانی کورد ده‌توانن به هۆشیارییه‌وه به‌شداری له کاروباری سیاسییدا بکه‌ن و سه‌رکه‌وتنیش به‌ده‌ست بێنن.

**٢- چالاکیی ژنانی کورد له بواره‌کانی زانست و ئه‌ده‌ب و هونه‌ردا:** له‌م بوارانه‌دا نه‌ته‌وه‌ی کورد خاوه‌نی ده‌یان و سه‌دان ژنی خاوه‌ن به‌هره و ناوداره. له بواری زانستییه‌وه چ له ڕابردوو و چ له سه‌رده‌می ئێستادا ژنانی زۆر بلیمه‌ت هه‌ڵکه‌وتوون و زۆر جار ناووناوبانگیان له سنووره‌کانی کوردستانیش تێپه‌ڕ بووه. ئه‌گه‌ر که‌سێکی وه‌ک نه‌جیبه‌خانی کۆیی هه‌شتا ساڵ پێش ئێستا توانیویه‌تی وه‌ک یه‌که‌مین کچی کۆیه له‌گه‌ڵ کوڕان ده‌ست به خوێندن بکا و دوای خۆی چه‌ند به‌رهه‌مێک به‌جێ بێڵێ، یان که‌سێکی وه‌ک پاکیزه ڕه‌فیق حیلمی شێست ساڵ پێش ئێستا توانیویه‌تی له زانکۆ به‌ناوبانگه‌کانی ئه‌مریکا بخوێنێ و تا پله‌ی پرۆفیسۆری بچێ، ئه‌وا ڕووناک یاسین مه‌ریوانییش ئه‌و ژنه کورده بووه که توانیویه‌تی له زانستگاکانی هاروارد و دوبلین وانه بڵێته‌وه. له بواری شێعر و شاعیرییش دا، کورد گه‌لێک ژنی به‌توانا و خاوه‌ن زه‌وقی شاعیرانه‌ی لێ هه‌ڵکه‌وتووه. مه‌ستووره ئه‌رده‌ڵان، حه‌زینه خانم، خورشیدخاتوونی داواشی له سه‌رده‌می ڕابردوودا یان که‌سانێکی وه‌ک ژیلا حوسێنی که له‌م ساڵانه‌ی دواییدا ماڵئاوایی له دنیای شێعر و ئه‌ده‌ب کرد، هه‌روه‌ها که‌سانێکی وه‌ک که‌ژاڵ ئه‌حمه‌د، سیمین چایچی، که‌ژاڵ خدر، ڕۆژ هه‌ڵه‌بجه‌یی و .. له سه‌رده‌می ئێستادا ته‌نیا چه‌ند نموونه‌یه‌ک له ژنانی ناسراو و خاوه‌ن زه‌وقێکی ناسکی شاعیرانه‌ن. بێجگه له‌وه ژنانی کورد توانیویانه له کاری شانۆگه‌ری و ئه‌کته‌رییشدا ڕۆڵی باش بگێڕن و هونه‌ری خۆیان پێشکه‌ش بکه‌ن. هه‌روه‌ها له هونه‌ری ئاواز و گۆرانی گوتنیشدا زۆر ژنی ده‌نگخۆش و خاوه‌ن به‌هره هه‌ڵکه‌وتوون که ده‌توانین ئاماژه به که‌سانێکی وه‌ک ئایشه‌شان، دایکی جه‌مال، مریه‌م خان، نه‌سرین شیروان، مه‌رزیه و ده‌یان ژنه کوردی دیکه بکه‌ین و هه‌رئێستاش زۆر ژنی به‌توانای کورد له کوردستان و له وڵاتانی ده‌ره‌وه خه‌ریکی خزمه‌ت به ئاواز و موسیقای کوردین. خاڵێکی جێگه‌ی سه‌رنج ئه‌وه‌یه که به بوونی ده‌سه‌ڵاتێکی کوردی له به‌شێک له کوردستاندا، ژنانی کورد له‌م بوارانه‌دا ده‌رفه‌تی باشیان بۆ ڕه‌خساوه و ده‌توانن زۆر به باشی په‌ره به هونه‌ر و کاره‌کانیان بده‌ن.

**٣- چالاکیی ژنانی کورد له بواری ئابووریدا:** ژنانی کورد چ له ڕابردوو و چ له سه‌رده‌می ئێستادا ڕۆڵێکی گرینگیان له بواری ئابووریدا گێڕاوه. ئه‌گه‌ر ئابووری بریتی له پرۆسه‌کانی به‌رهه‌مهێنان، دابه‌شکردن و به‌کاربردنی شتومه‌ک و خزمه‌تگوزارییه‌کان به هۆی هه‌وڵدانی مرۆڤ و له پێناوی دابینکردنی پێداویستییه‌کان بێت، ئه‌وا ژنانی کورد له هه‌موو پرۆسه‌کانیدا شانبه‌شانی پیاوان به‌شدار بوون و به شێوه‌ی جۆراوجۆر چالاکییان نواندوه. ژنانی کورد له شاره‌کاندا به کارکردن له بازاڕه‌کان، کارگه‌کان، کارکردن له ماڵه‌وه وه‌ک به‌رگدروویی و فه‌ڕش چنین و.. و هه‌روه‌ها کار له ئیداره و به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تییه حکوومییه‌کان و له گونده‌کانیش به کارکردن له بواری وه‌رزێری و ئاژه‌ڵداری و .. تا ئه‌و جێگه‌یه توانیویانه له کارکردن نه‌وه‌ستاون.

له کۆتاییدا پێویسته ئاماژه به‌وه بکه‌ین که ژنانی کورد له سه‌رده‌می ئێستادا به‌هۆی پێشکه‌وتنی ته‌کنه‌لۆژیا و چوونه‌سه‌ری ئاستی هۆشیاری و تێگه‌یشتنی کۆمه‌ڵگه و سه‌رجه‌م گۆڕانکارییه‌کانی دنیای مۆدێڕن، ئه‌گه‌ر بیانهه‌وێ ده‌توانن زۆر زیاتر له ڕابردوو له‌م بوارانه و سه‌رجه‌م بواره‌کانی دیکه‌شدا پێش بکه‌ون و له هه‌موو ده‌رفه‌ته‌کان به قازانجی خۆیان و نه‌ته‌وه‌که‌یان که‌ڵک وه‌ربگرن .




## ڕەسەن

من دەمەوێ ئەم شێوازە نەژیم
ئەم شێوازە ئاشق نەبم
ئەم شێوازە نەمرم
ئاسمان لە من دا پەرە بستێنێ
لەجێیەکی دیکە
دوور
دوور
هەلێرە
لەسەر پانتای بەرینی بوونت
بە تەماشای دار چنارێکی بلّیند
ئاسمان فێر بم
خۆم فێر بم،
ئەمڕۆ باران باری
ئەمڕۆ باری
ئەمڕۆ بۆنی دەستەکانم
گەڵاکانی داپۆشی
لەنێو زەریای چاوەکانیدا
وێنەم دارژاند
ئەمڕۆ لەگەڵ کێوەکانی شار و
ئەوبەری شار
لێم ڕوانی
سانا لە پەنامەوە هات و ڕۆی
وتی:ئاسمان و خاک لێک دورن
دورن
دورن
ئەمشەو پشت پەنجەرەی هەڵواسراوی دیوەکەم
هەر دیوار بوو
دەنگم بۆ هاوڕێیەتی قەڵەڕەشەکان نارد
ماچێکمدا بەئاودا
خاکم گرتە باوش
وتم ڕۆژگارێکی باش نییە تۆ

ماسیی شینی تەنیایم
بەردەوام هات و چوو
من کەسێک نەبووم لە چەشنی تۆ
سێوە لاسورەکانت



لەگەڵم ئاشت نەبوونەوە
پشت دەرکاکان هیچ هیچێک نەبوو
تەنیایی پڕ بە پێستی شەو
پڕ بە ڕژانی گەڵاکان دای پۆشیم
نیگام وەک مۆتە
بەسەر پێستی ئەویندارێک دا
هات و چوو
نادیار
لەنێو تەم و مژی شەوگاری درێژی تەنیاییم
چاوم وێڵ بوو
وەک قژەکانت لە با دا
ئەمڕۆ ماچم دا بەئاو دا
خاکم گرتە باوش
ئەمڕۆ لەیاد چوو
کە ڕۆژێک
کەسێک بوو
لە چەشنی من ...

**دیمەن سۆهرابی**

## باران

باران دووکەڵ
تامەزرۆیی دووکەڵ
ئەوین دووکەڵ
ئاو فەلسەفەیەکی روتە
دەت شواتەوە
ئایەتێکە تا من
هەتا بێتاقەتیەکانی ژنێک بۆ تەمەنێک دۆڕان.

ئەگەر شوێنەواری زەوی لەسەرم بڕوا
کە دەڕوا ........
هەمو ئەم بیرەوەریانە ... لە قوژبنی ئەم لاپەڕانەدا
گیرۆدەی خەیالێکن لە کاتێکی نائاسایی دا دەروخێن
بێ رەگەز
لە شوێنێکی نائاسایی
لێرە....

**بەیان**

## ژن

لە بیابانا – هاژەی چەم و
لە غوربەتا – دالدە و پەنای:
کلیلداری بەهەشتی تۆ.
تۆ نەک نیوە ؛ هەموو دنیای!

**پەشێو**

## وەرزی چاوەڕوانی

وادەی وەرزی چاوەڕوانیم بوو،
خولەکەکانم نەفەسێکی دەویست بۆ ئومێد...
بەدەم هەڵکردنی عەبەسبوونی خۆیەوە ووتی:
چیتر ناوم شەتڵ مەکە لەئینجانەی دڵتا،
ئیتر وادەی جێهێشتنە کاتم نییە بۆ عیشقێ
... کات بنووسێ..من ووتم ئەی عەبەسترین پیاو
منیش گەرەکمە شۆڕشی ڕقێک ئینشا کەم
تەجەللات بڕووخێنم ماسکەکانت ووردو خاش...
ئاخر من چیبکەم کەلەماڵی شیعرام،
ڕاپەڕینی ڕەقیم خامۆش دەکا ...
ئاخر من چیبکەم کەخەیاڵم شیتەڵ دەبێ
ئەگەر کەسێکی ترم لەو خەیاڵەدا خۆش بوێ..
تۆ ئەی عەبەس...هەر دەچێتەوە سەر نەسلی تۆ...!!!
تۆ ئەی کفرترین پیاو...کەهەست و نەستم دەکەیتە خاکستەر
کەخەیاڵم لەخاچ دەدەی بۆ منیش ئیتر وادەی جێهێشتنە...
بەدەم ئەم هەموو فیراقەوە کە پێچ دەکاتەوە کۆڵانی برینم،
کەقەفەس چێدەکا لە ڕۆحما جێتدەهێڵم...
بەڵام جێهێشتنێک ئەبەدییەت حەرفەکانی دڵم حونجە بکا،
خوا زویرو ئەهریمەن نوێژەکانی بگێڕێتەوە بەقەزا...!!!!

**ڕۆژ هەڵەبجەیی**


ئەندامانی بەڕێوەبەری یەکەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵات


سمیناری نا بۆ توندوتیژی دژی ژنان


نارەزایەتی ژنانی کورد دژی قەتڵی ناموسی _ مەریوان


خۆپیشاندانی ژنان لە ئێران


گرووپی سروودی کچانی دێموکرات


چالاکانی ژن ـ ئێران


کۆنگرەی سێیەمی ژنانی دێموکراتی کوردستان


تیمی فوتساڵی کچانی دێموکرات


کیژۆڵەی هونەرمەند شنۆ ئەحمەدی


کۆبوونەوەی ژنانی دێموکرات